# شەڕی ناسنامەکان






**نووسینی: حامید عەبدولسەمەد**

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

پایزی ٢٠٢٣ – ئاڵمان

"ڕەگەز پەرەستی ئەو باوەڕەیە کە پاڵنەرێکی وەك ڕەنگ، زمان، ئایین، ڕەگەز، هاووڵاتی بوون یان ڕەچەڵەکی نەتەوەیی بە پشتگوێخستن یان هەستکردن بە باڵادەستی بەسەر کەسێك یان کۆمەڵێکدا پاساو بۆ بێڕێزیکردن بهێنێتەوە."

پێناسەی کۆمیسیۆنی ئەوروپا دژی ڕەگەزپەرستی و ناتولەڕانسی



## بیست تێز لەسەر ڕەگەزپەرەستی

## و

## چلۆن دەتوانین بێهێزی بکەین

## پێرست:


پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٥

پێشەکی نووسەر ........................................ ٩

بەشی یەك ........................................ ١٩

ڕەنگدانەوەی ڕەگەزپەرستی لە ئاوێنەی  مێژوو و ئەمڕۆدا ........................................ ١٩

تێزی یەك: ڕەگەزپەرستی نەگۆڕێکی ئەنترۆپۆلۆژییە ........................................ ١٩

تێزی دوو: ڕەگەزپەرەستی ئیمتیازێک نییە بۆ مرۆڤی سپی پێست ........................................ ٢٤

پاساو وەک دەسەڵات و کۆلۆنیالیزم و گواستنەوەی مەعریفە بەیەکەوە گرێدراون ........................................ ٣٣

تێزی سێ: ڕەگەزپەرستی ئەمڕۆ دوا هەناسەی شوناسێکی سەرەتاییە ........................................ ٤٣

تێزی چوار : "ترس" و "خۆنزمکردنی کەسی"، هێزی بزوێنەری ڕەگەزپەرستیین ........................................ ٥٢

تێزی پێنج: ڕەگەزپەرستەکان هەمیشە ئەوانیترن ........................................ ٦٣

تێزی شەش: کاتێ ئەزموونی کەسانیتر دەکەیتە وێنەیەک بۆ ناسنامە ........................................ ٧٧

تێزی حەوت: کاتێ مرۆڤە نەگۆڕەکان ناخرێنە ژێر پرسیارەوە ........................................ ٨٧

تێزی هەشت: کاتێک دژبەری ڕەگەزپەرستێك وەک ڕەگەزپەرست ڕەفتار بکات ........................................ ٩٦

تێزی نۆ: ڕەگەزپەرستی وەک کاردانەوەی بەرگریکردن لە بەرانبەر تاوانباری ........................................ ١٠٦

تێزی دە: کاتێک تۆمەتبارکردنی ڕەگەزپەرستی دەبێتە ئامرازی دەسەڵات بۆ لاوازەکان ........................................ ١١٦

تێزی یازدە: ئایا ڕەگەزپەرستی زۆرتر بووە یان “تەنیا” گلەییکردنە؟ ........................................ ١٢٨

تێزی دوازدە: فرەچەشنی، ڕێز و هاوسۆزی ناتوانرێ دیکتە بکرێت ........................................ ١٣٧

تێزی سێزدە: هەڵوێست زمان دەگۆڕێت نەک بە پێچەوانەوە ........................................ ١٤٣

تێزی چاردە: ڕەگەزپەرستی - پیشەسازی ........................................ ١٥١

بەشی دوو ........................................ ١٥٩

ڕێگاکانی دەربازبوون لە داوی ڕەگەزپەرستی ........................................ ١٥٩

تێزی پازدە: هەر ئاستێکی ڕەگەزپەرستی پێویستی بە ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی جیاواز هەیە ........................................ ١٥٩

تێزی شازدە: پێویستمان بە مشتومڕێکی کراوە هەیە لەسەر ڕەگەزپەرستی نەک دادگا ........................................ ١٦٣

تێزی حەڤدە: چی دابەشمان دەکات و چی یەکمان دەخات ........................................ ١٦٧

تێزی هەژدە: کردنەوەی ناسنامەی ئاڵمانی بۆ کەمینەکان پێویستی بە پێناسەیەکی ڕوون هەیە ........................................ ١٧٢

تێزی نۆزدە: ئاگەرایی وەک ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون ........................................ ١٧٥

تێزی بیست: کۆمەڵگەی ئیمپاتی و هاوسۆزی – یۆتۆپیایەک؟ ........................................ ١٧٩

## پێشەکی وەرگێڕ

ڕەگەزپەرستی چەشنێکە لە هەڵاواردن. بۆ نموونە لە ڕێگەی ڕەگەزپەرستییەوە مرۆڤ بە هۆی ڕەچەڵەك، ئایین، ڕەنگی پێست و قژ و ناو، یان زمانەوە جیاکاری دەکرێن، دوور دەخرێنەوە و بێ بەها دەکرێن. ڕەگەزپەرستی ئەو داهێنانەیە مرۆڤ جیاوازی "ڕەگەز"ی تێدا دروست دەکات. هەروەها ڕەگەزپەرستی دۆزینەوەیەکی مرۆڤە کە گوایە "ڕەگەزەکان" ئەولەوییەت یان ڕێزبەندییەکی تایبەتیان هەیە. بیر یاخود ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی جیاکاری و سووکایەتییەکە، دژی هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە.

زانایان ئەمڕۆ پشتڕاستی دەکەنەوە: داهێنانی "ڕەگەزەکان" کارێکی تەواو هەڵەیە. لە نێو مرۆڤەکاندا "ڕەگەز" بوونی نییە، لەبەر ئەوەی داهێنانەکە درۆیە. بۆ نموونە بیرێکی ڕەگەزپەرستانە دەڵێ: "مرۆڤی سپی پێست باشترە لە ڕەشپێستەکان". هەرکەسێک بیری ڕەگەزپەرستی لە مێشکدا هەبێ کەسایەتی ڕاستەقینەی تاکەکان لەبەرچاو ناگرێت. ئەگەر مرۆڤ وا بیربکاتەوە: ئەو یان ئەم پێستی ڕەشی هەیە، زمانێکی دیاریکراو یان بنەچەیەکی دیاریکراوی

هەیە، پاشان دێتە سەر ئەو باوەڕە کە لە ڕیزبەندیەکەدا ئەو یان ئەم، بە بەهای کەمتر یان زیاتر جیا دەکاتەوە. لە ڕێگەی ڕەگەزپەرستییەوە هەندێک کەس بێ بەها دەکرێن، دوور دەخرێنەوە، ئازار دەدرێن و بێبەش دەکرێن. دیارە هۆکاری جیاواز هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەزموونی ڕەگەزپەرستی بکات. بۆ نموونە مرۆڤ بەهۆی بنەچەی خۆی، ڕەنگی پێستی، قژی، ناو یان زمانەکەیەوە تووشی ڕەگەزپەرستی دەبێ.

ئەگەر بمانەوێت بەرەنگاری ڕەگەزپەرستی ببینەوە، دەبێ باسی ڕەگەزپەرستی دامەزرێنین. کاتێک باس لە ڕەگەزپەرستی دەکەین پێویستمان بە چەمکی پەیوەندیدارەوە هەیە. هەندێک کەس دەڵێن: ئەو چەمك یان وشانەی کە بۆ وەسفکردنی کەسانی بەڕەچەڵەک دیاریکراو، پێستێکی دیاریکراو یان زمانێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن زۆرجار ڕەگەزپەرستانەن. کەچی خۆیشیان زۆرجار تووشی ئەو جیاکارییە دێن و بێ ئەوەی بیانەوێ یارمەتیی گەشانەوەی ئەو کێشەیە دەدەن.

کە وابوو چلۆن دەتوانین بەرەنگاری کێشەی ڕەگەزپەرەستی ببینەوە؟ چونکە ڕەگەزپەرستی تەنیا توندوتیژی و سوکایەتی نییە. ڕەگەزپەرستی تەنیا کردەوەی مرۆڤی ناسیۆنالیست و مرۆڤە خراپەکان نییە. زۆرجار

ڕەگەزپەرستی بەبێ مەبەست ڕوودەدات. ئەگەر کەسێک بڵێت: "ڕەگەزپەرست نییە" یان "من بە دڵنیاییەوە ڕەگەزپەرست نیم"، بە دڵنیاییەوە نەیتوانیوە ڕەگەزپەرستی بناسێت یاخود لێی تێ بگات. بۆ ئەوەی بتوانین چالاکانە و بە کردەوە دژی ڕەگەزپەرستی بوەستین دەبێ هەر کەسێک لە خۆیەوە دەست پێبکات. کەی خۆم شتێکی ڕەگەزپەرستانەم وتووە یان کردوومە؟ هەستم چۆن دەبێت ئەگەر مرۆڤی دەوروبەرم بەردەوام لێم بپرسن لە کوێوە هاتووم، لە کوێ هاتوومەتە دنیا یان ڕەچەڵەکم چییە؟ کاتێک کەسێک لە دەوروبەرم گاڵتەیەکی ڕەگەزپەرستانە یان لێدوانێکی ڕەگەزپەرستانە دەکات، چۆن هەڵسوکەوت دەکەم؟

به بڕوای من ڕەگەزپەرەستی کێشەیەکی گەلێك بەرچاوی ناو کۆمەڵگاکانە و تەنیا بە یارمەتی هەمووومان دەتوانین بەربەرەکانی لەگەڵدا بکەین. ئەو تەوەرە گەلێك بەربڵاو و ئاڵۆزترە لەوەی ئێمەی مرۆڤ بیری لێدەکەینەوە. چەمکی ڕەگەز واتە جیاکردنەوەی مرۆڤ بەپێی پێوەری تایبەتمەند دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری. لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوە بوو بە چەمکێکی سیاسیی کە لەلایەن ئەو تیۆرییە گوایە زانستییانەوە پەرەی پێدەدرا کە ناسیۆنال سۆسیالیزم هێنایە ئاراوە؛ ئەوەش بووە هۆی پێکهاتنی

کارەسات و جینۆسایدێکی مەزن کە هەموومان ئاگادری هەین.

بۆ ئەوەی پێش بە کارەساتەکانی داهاتوو بگرین، دەبێ زۆر بە ئاگاییەوە کەڵک لەو چەمکە وەربگرین یان خۆمان لە کردەوە و هەوڵی ڕەگەزپەرەستی دوور ڕابگرین.

لێرەدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە بەڕێز کاك ئەنوەر سوڵتانی بکەم کە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە هانی داوم و هەڵەکانی بۆ ڕاستکردوومەتەوە. ئارەزووی تەمەندرێژی بۆ دەکەم، هیوادارم لە ژیانیدا وەك هەمیشە سەرکەوتوو بێ.

نادر فەتحی (شوانە)
پایزی ساڵی ٢٠٢٣ ، ئاڵمان

## پێشەکی نووسەر

لە ڕاستیدا بەرنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرەستی پێویستە کۆمەڵگەیەك یەکبخات نەك لێکی هەڵوەشێنێ و دابەشی بکات. چونکە ئەم نەخۆشییەی مرۆڤایەتییە نەك هەر بۆ قوربانیانی ڕەگەزپەرەستی بەڵکوو بۆ خودی ڕەگەزپەرەستەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ کۆمەڵگا زیانێکی لەڕادەبەدەر گەورەی هەیە. بەهۆی ئەزموونی نەرێنی ڕەگەزپەرەستی و جیاکارییەوە قوربانییەکان زۆر جار متمانە بە کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی لەدەست دەدەن و – ئەوەی ڕەنگە لێی بوەشێتەوە، ئەوەیە تەنانەت متمانەیان بە خۆشیان نامێنێ. کاتی مرۆڤ لە قوتابخانە، لە ژیانی ڕۆژانە یان لە ژیانی پیشەییدا سەبارەت بە لێهاتوویی و توانابییەکانیان نەك هەر هەڵسوکەوتی دروستیان لەگەڵدا نەکرێ، بەڵکوو لەڕووی ڕەنگی پێست، پاشخانی فەرهەنگی، هەڵس و کەوتی جینسی یان باوەڕ و بۆچوونەکانیانەوە ماملەیان لەگەڵدا بکرێ، لە کۆتاییدا لێك هەڵدەوەشێن و هەموومان دەدۆڕێین و زیانی لێ دەبینین.

ڕەگەزپەرستان لە تووڕەیی خۆیاندا دەرفەتی بەشداریکردن لە زانیاریی کەسانی دیکە لەخۆیان دەشێوێنن و ناتوانن لە ئەزموونی ژیانی کۆمەڵگاکانیتر کەڵك وەرگرن. لە فرەچەشنی ئەم دنیایە دادەبڕێن و هەم لەڕووی دڵۆڤانی و هەم لەڕووی ڕۆحییەوە هەژار دەمێننەوە. لە کۆتاییدا کۆمەڵگایەک کە نەتوانێ کێشەی ڕەگەزپەرستی بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە، هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکرێ وەک جەستەیەکی لێ بێت کە ئەندامەکانی نەک هەر بە هاوئاهەنگی نەتوانن پێکەوە کار بکەن بەڵکو دژ بە یەکتر بوەستن و نارێکوپێکی پێك بێنن. بەم شێوەیە چالاکی جەستەی خۆی لاواز دەکات و بە تێپەڕبوونی کات مەترسی لێکبڵاوبوونەوەی پارچە بە پارچەی ناوەوەی جەستەکەی لێ دەکری و لێك هەڵدەوەشێتەوە.

ڕەگەزپەرستی بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئاڵمانیا بابەتێکی گرنگ بۆ باسلێکردن نەبوو، هەرچەندە بێگومان لێرەدا بە شێوەی جۆراوجۆر بوونی هەبووە و ئێستاش بوونی هەیە. دوای ڕووداوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٠ – واتە تەقەکردنە کوشندەکانی لەسەر بریۆنا تایلۆر "Breonna Taylor" و دانیال پرۆد "Daniel Prude" لە مانگی ئازاردا، لە ڕیشارد بروکس "Rayshard Brooks" لە مانگی ئایار و یاکۆب بلەیک " Jacob Blake" لە مانگی ئاب و لە سەرووی هەمووشیانەوە

خنکاندنی جۆرج فلۆید"George Floyd" بەهۆی توندوتیژی پۆلیسەوە کە بووە هۆی بزووتنەوەی "Black Lives Matter" واتە ژیانی ڕەشپێستەکان گرنگە، کە بزووتنەوە و دەسەڵاتێکی گەورەیە – لە ئاڵمانیاش کێشەی ڕەگەزپەرستی هێنایە سەر میدیا و ئەجێندای سیاسی. لەو کاتەوە بە ڕاشکاوی گفتوگۆی چڕوپڕ سەبارەت بە توندوتیژی پۆلیس و ڕەگەزپەرستی دامەزراوەیی بەڕێوەدەچێ. ئەو مرۆڤانەی پێستیان ڕەشە بانگهێشت دەکرێن بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی ڕاپۆرت لەسەر ئەزموونەکانیان لەبارەی ڕەگەزپەرستییەوە بدەن.

بەڵام شێوازی باسکردنمان لەسەر پرس و کێشەی ڕەگەزپەرستی لە ئاڵمانیا، هەروەک سەبارەت بە کێشە و پرسەکانی کۆچ و ئینتیگراسیۆن یاخود خۆگونجاندنی مرۆڤی بیانی لەگەڵ کۆمەڵگا سەرەکییەکە – هێشتا هەر بە بێ چارەسەر ماوەتەوە، – بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شتێک لەم وڵاتەدا بە هەڵە بەڕێوەدەچێ. ئەوەش نەک هەر لە پەیوەندی لەگەڵ مشتومڕەکولتورییەکانمان، ئەو مشتومڕە کە لە مێژە باسی جیددی لێوەناکرێ، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بارگاوی "شارژ" کراوەتەوە و لەسەر شێوازی سۆزدارییی، لەلایەن ڕوانگەی جیاوازەوە ڕفێنراوە،

کەڵکی نابەجێی لێ وەرگیراوە یان بە شێوەی ڕێژەیی بێ بایەخ کراوە. لێرە ئەخلاق و هەستکردن بە خەم و پەژارە و بەزەیی، لەولاش بەرگری و پشت گوێ خستن مرۆڤ پابەند نابیت بە ئاستی ڕاستییەکانەوە، نەک بە پێناسەی زانستی ڕەگەزپەرستی، بەڵکو چەمکەکە بە شێوەیەک تەسک دەکەیتەوە کە وێدەچێ ڕەگەزپەرستی تەنیا ئیمتیازێکی "پیاوی سپی پێست" بێت. بە پێی ئەم ئاڕاستە ئایدیۆلۆژییەی دەستەواژەیە ، تەنانەت پرسیاری بێ زیانی سەبارەت بە بنچینەی مرۆڤیش بە ڕەگەزپەرستی دادەنرێت و بەو هۆیەوە جێی باسکردن ناهێڵێتەوە.

مشتومڕێک کە تەنیا تۆمەت و بەرگری تێدا دەکرێت، نە قوربانیانی ڕەگەزپەرستی دەپارێزرێت و نە ڕەگەزپەرستەکان لە باسەکەدا بەشدار دەکرێ. مشتومڕێکی لەو شێوەیە لە کۆتاییدا تەنیا دەبێتە دوکانێکی "خزمەتکردن بە خۆ" بۆ ئایدۆلۆژیاکانی هەردوو لایەنی چەپ و ڕاست.

مەبەست لەو کارە ڕێگایەک بوو کە بە ئامانجی باشەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی گشتی و هەستیاریی قوربانیانی ڕەگەزپەرستی کورت بکرێتەوە و پێشکەشکردنی مەکۆیەک بوو بۆ قوربانییەکان، بەڵام بەداخەوە لە زۆر حاڵەتدا بەتەواوی بەو شێوەیە کۆتایی پێدێ: خوێنەر یان بینەر هەست بە تاوانباری دەکەن یان هەستی بەزەییان تێدا

پەروەردە دەبێ، یان بە توندی ئەو ڕاستییە ڕەت دەکەنەوە کە ئێمە کێشەی ڕەگەزپەرستیمان هەیە. بەڵام نە تاوانباری، نە بەزەیی و نە ئینکارکردنی، یارمەتی کەس نادات. هەستی تاوانباری و نیگەرانی هەندێک جار تەنانەت وا دەکات باوەڕت بەوە هەبێت کە بۆ ئەو کێشەیە هەنگاوت هەڵێناوەتەوە. بەڵام دەربڕینی هاودەنگی و وتاری یەکشەممانە و هەڵکردنی مۆم، بەس نییە. ئێمە پێویستمان بە مشتومڕێکە کە بچێتە قووڵایی باسەکەوە. بەڵام سەرەڕای بوونی بەرچاوی ئەو کێشەیە، هێشتا ئەم کارە لە سیاسەت و میدیاکاندا بە ڕاشکاوی بەڕێوە نەچووە. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە زۆرجار دژە ڕەگەزپەرستی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لەگەڵ دژە ئەمریکی و دژە سەرمایەداریدا تێکەڵ بووە؛ هەروەها شتێکی نامۆ نییە کە تۆمەتەکانی ڕەگەزپەرستی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کۆن بەکاربهێنرێن. لێرەشدا ئەوانەی ئازار دەچێژن قوربانیانی ڕەگەزپەرستیین کە بۆ جاری دووەم دەکرێنە قوربانی: لەبەر ئەوەی هیچ ئامرازێکیان پێنادرێت کە بەهێزیان بکات. یان، وەک هاوڕێیەکی ئەفریقی- ئەمریکی لە ئەمریکاوە جارێک پێی وتم: "پێم باشترە لایەنگرێکی ترەمپ بە 'ڕەشپێست'(Nigger) ناوم ببات، نەک دیموکراتێک کە وەک منداڵێکی بچووک بە شێوەیەکی باوکسالارانە مامەڵەم لەگەڵ بکات و بڵێ:

هەمیشە پێویستی بە پارێزەرێکی سپیپێست هەیە بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە مافەکانی."

ڕاپۆرتی ئەوانەی زیانیان بەرکەوتووە گەلێك گرنگن، چونکە ئەوەمان بۆ دەردەخەن ڕەگەزپەرستی چی بەسەر قوربانییەکان و بە گشتی کۆمەڵگادا دەهێنێت. بەڵام ئەم ڕاپۆرتانە دەتوانن بەنرختر بن ئەگەر لەبری تۆمەتبارکردن و بەرگریکردن یان ڕێژەییکردن، ڕەنگدانەوەیەکی کردەوەیی وەڕێبخات. تۆمەت و بانگەوازی ئەخلاقی بەتەنیا بیری تاوانباران ناگۆڕێت و ئارامی بۆ لێقەوماوان بەدیاری ناهێنێت. هەروەها سکاڵاکان هیچکات کاریگەر نابن کاتێ چالاکوانان وەک نوێنەری هەموو ڕەشپێست، موسڵمان، کۆچبەران و پەنابەران دەرکەون و ئەزموونە سوبژێکتیڤەکانیان بە شێوەی گشتگیر بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە بۆ ئەوەی "کۆمەڵگە" و "پیاوی سپی پێست"ی پێ بە تاوانبار دابنێن. ڕەگەزپەرستی کێشەیەکی مرۆییە و تەنیا پێکەوە و بە یارمەتی هەموو مرۆڤێکی ناو کۆمەڵگا چارەسەر دەکرێت. بەڵام ناگەینە هیچ شوێنێک ئەگەر دژە ڕەگەزپەرستەکان وا بیر بکەنەوە کە تەنیا کەسانی ڕەنگاوڕەنگ"People of Color (PoC)" ڕێگەیان پێدەدرێت باسی ڕەگەزپەرستی بکەن چونکە تەنیا ئەوان کاریگەرییان لەسەرە.

زۆرێک لەوانەی خۆیان وەک تێکۆشەر دژی ڕەگەزپەرستی نیشان دەدەن لە کۆتاییدا هەمان ئامرازەکانی ڕەگەزپەرستەکان بەکاردەهێنن: جیهان بەسەر ڕەش و سپی، چاکە و خراپەدا دابەش دەکەن، هەروەها نەک وەک تاک، بەڵکو وەک نوێنەری نەتەوە و گروپەکان سەیری مرۆڤ دەکەن. ئەوان جەمسەرگیری، جیاکاری و ڕێکخستن دەکەن. ئەوان بە دابەشکردنی کۆمەڵگا زۆر بە ساکاری دەڵێن: "هەرکەسێک لەگەڵمان نەبێت دەبێ دژی ئێمە بێت". بەڵام ئەگەر مشتومڕ و باسەکان تەنیا یەك ڕەهەندی بەڕێوەبچن یاخود ئەگەر تاکە ئامانج ئەوە بێت ئایدۆلۆژیای خۆمان بۆ سەپاندن بەسەر ئەوانیتردا پشتڕاست بکرێتەوە، ئەوا بە هیچ شێوازێك ناگەینە ناوەڕۆکی کێشەکە. لەو حاڵەتەدا ئێمە بەرانبەر ئاڵۆزیی بابەتەکە دادپەروەری ناکەین و خزمەت بە حەسرەتی مەترسیدار بۆ وەڵامی سادە و ئاسایی دەکەین. ئەگەر بەو شێوەیە بەرەوپێش بچێ، دەگەینە شوێنێك کە گوشار بۆ لایەنێک هێندە گەورە دەبێتەوە کە گفتوگۆ ئیتر نەگونجاو دەبێت.

هەروەها مشتومڕی گرژ سەبارەت بە ڕەگەزپەرستی نیشانەی ناسنامە و یۆتۆپیای ڕکابەرەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە. حەسرەتی ناسنامەیەکی داخراو و یەکسان کە تاڕادەیەکی زۆر

دوور بێت لە کاریگەرییە بیانییەکان ئێستا لە نێو خەڵکی ناوخۆیی و کۆچبەراندا زۆر بەرچاوترە لە چەند ساڵێک لەمەوبەر. ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی بەهۆی جیهانگیری و دیجیتاڵبوونەوە هاتۆتە ئاراوە، بۆ زۆر کەس دەبێتە هۆی هەستی نامۆبوون و دابڕان لە ڕەگەزی پێشووی. بۆ هەندێک مرۆڤ ئەوە دەبێتە هۆی خۆشاردنەوە بۆ ناو یۆتۆپیای شوناسخوازەکان کە لە ڕابردوودا هەرگیز نەبووە و لە داهاتووشدا بوونیان نابێت. ئەم فۆرمە کوشندەیەی پاکوخاوێنی ناسنامە، ترس لە ناسنامەکانی دیکەدا پێکدێنێ کە گوایە دەیانەوێت ناسنامەی پێشووی لاواز بکەن یان تێکیبدەن. لە بەرانبەردا، یۆتۆپیای کۆمەڵگەیەکی کراوە و ڕەنگاوڕەنگ هەیە، کە ناتوانرێت دیاری بکرێت، بەڵکوو ناچار دەکرێ بەردەوام و بە وردی گەشە بکات. ئەوەش پێویستی بەوەیە کە ئێمە کەسی بەرانبەرمان لەبری ئەوەی بچووك بکەینەوە و هەندێک سیفەتی ناڕەوای بۆ دیاری بکەین، وەک تاکێک هەستیان پێبکەین و بیانبینین.

بەڵام ئەمە ڕێک ئەوەیە کە دەتوانرێت لە مشتومڕی ڕەگەزپەرستیدا تێبینی و چاوەدێری بکرێت: یەکسەر خۆی گیرۆدەی ئەم ململانێ کوشندەیە ناسنامەییەدا دەبینێت و لە چنگی سیاسەتی چەپ بۆ کرانەوە و ترسی ڕاستەکان گیرۆدەی دزەکردن یان تەنانەت ناچار بە "حاشاکردن لە

نەتەوەی پێشووی خۆی" دەبێت. ڕەگەزپەرستی پرسێکی گەلێك لەوە گرنگترە کە بە شەڕی خەندەقی ئایدیۆلۆژی نێوان ڕاست و چەپ بسپێردرێت. چونکە ئەمە دواجار دەبێتە هۆی بێدەنگمانەوەی ئەو کەسانەی نایانەوێت لایەنگری لەو دوو ڕێبازانە بکەن. ئەمەش مەترسییەکی گەورە بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵگا و بەردەوامبوونی دیموکراسیمان دروست دەکات.

ڕەگەزپەرستی کاریگەری لەسەر هەمووومان هەیە، وەک نەخۆشییەکی درێژخایەن دەنوێنێ کە هەزاران ساڵە لە "د. ن. ئا" ی مرۆڤایەتیدا خۆی چەسپاندووە. تێگەیشتن لە سەرچاوە و ڕەوتی پێشکەوتوویی نەخۆشییەک ناتوانێت هەمیشە یارمەتیدەرمان بێت بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام دەتوانێت ئاماژەمان پێبدات کە چۆن دەتوانین لەگەڵیدا بژین بەبێ ئەوەی بەسەر ژیانماندا زاڵ بێت یان هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیمان بکات. لەم کتێبەدا بەبێ ئەوەی بیکەم بە ڕاپۆرتێک لەسەر نیگەرانییەکانی کۆمەڵ، دەمەوێت جۆرێک لە گەشتی جیهانی بۆ دیاریکردنی ئەزموونەکانی ڕەگەزپەرستی بخەمەڕوو. من نامەوێت نە گلەیی بکەم و نە کەسێك تۆمەتبار بکەم یان بانگەوازی سۆزداری بنێرم بۆ جیهان سەرەڕای ئەوی هەرگیز ڕەگەزپەرستان نایانەوێ گوێڕایەڵی ئەو چەشنە باسانە بن.

بەڵكو زیاتر دەمەوێت هەوڵبدەم دیاردەكە لە ئاڵۆزییەكانیدا وێران بكەم بۆ ئەوەی لێی تێبگەم. ئەم كتێبە ڕووی لە ئامانجی قوربانیانی ڕەگەزپەرستییە، بەڵام بۆ ئەو كەسانەشە كە خۆیان بە دژە ڕەگەزپەرست دەزانن بەبێ ئەوەی خۆیان لە ڕەگەزپەرستی دوور ڕاگرن. لەم ڕووەوە بانگەوازێكە بۆ بیركردنەوە و لێكۆڵینەوە لە كردار و هەڵس و كەوتەكانی خۆمان.

## بەشی یەك

### ڕەنگدانەوەی ڕەگەزپەرستی لە ئاوێنەی  مێژوو و ئەمڕۆدا

### تێزی یەك: ڕەگەزپەرستی نەگۆڕێكی ئەنترۆپۆلۆژییە[1]

مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە بۆ درێژەدان بە ژیان، لە ژینگەیەکی زۆر دوژمنکارانەدا بەربەرەکانی کردووە کە تێیدا دەستەبەرکردنی خۆراک - و بەو هۆیەوە مانەوەی - هەمیشە خەباتێکی بەردەوام بووە. خەباتێك نەک هەر دژ بە هێزەکانی سروشتی و ئاژەڵە کێوییەکان، بەڵکو لە دژی ئەندامانی دیکەی جۆری مرۆڤیش کە دەیانویست دەستدرێژی بۆ سەرچاوە کەمە سروشتییەکانی ئەو بکەن.

ئەم خەباتە کە مان و نەمانی دەخستە مەترسییەوە، بزوێنەرێکی گرنگی هەبوو: "**ترس**". ئەم ترسە بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ بۆ قایمراگرتن و بەهێزبوونی خۆیان گروپ پێکبێنن. یەکگرتوویی تەنگاوتەنگ لەناو خێڵەکەی خۆیدا، دابەشکردنی کار بەتایبەت لە ڕاوکردندا، بەڵێنی شانسی

[1] ئەنترۆپۆلۆژی چەمکێکی مامناوەندییە لە نێوان بایۆلۆژی و فەلسەفەدا.

مانەوەی گەلێك باشتری بۆ هەموو ئەو کەسانە مسۆگەر دەکرد کە ژیانیان بە شێوەی گرووپی بەڕێوەدەچوو.

پێکهاتنی خێڵە کۆنەکانی مێژووی سەرەتای مرۆڤایەتی پێشتر بنەمای سنووردارکردنی پەیڕەو دەکرد: "**ئێمە دژی ئەوان**". ئەوانیتر وەک دۆست و یارمەتیدەر سەیر نەدەکران، بەڵکو وەک هەڕەشەیەک، ڕکابەرێک بۆ خۆراک و زەوی و سەرچاوە سروشتیەکانیتر دادەنران. تا هەڕەشەکە گەورەتر بوایە، شەڕەکە قورستر دەبۆوە، هاوکاتیش ترس زیاتر دەبۆوە و ئەرکی پارێزەری گروپەکەی خۆی گرنگتر دەردەکەوت.

بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ڕەگ و بنەچەکی سەرهەڵدانی ڕەگەزپەرستی دەربڕینی باڵادەستی گرووپێک یان نەتەوەیەک نەبووە، بەڵکو ترس و نائەمنیی بۆ دەستپێداگریی لە سەرچاوە سروشتییەکان بووە.

بەڵام لەناوەوەی گرووپەکاندا نەک هەر ترس پەرەی ساند، بەڵکو بوو بە سەرچاوەی ترسیتریش. چونکە گروپەکە دیاری دەکرد تۆ کێیت، هەروەها تایبەتمەندیی سەر بەخۆبوونی دیاری دەکرد و زۆرجار لەڕێگەی دوژمنایەتی لەگەڵ گروپێکی دیکەوە ئەندامانی گرووپەکەی پێناسە دەکرد. سەرەنیزەی ناسنامەی مرۆڤی ناو گرووپەکە

تەنیا لە ڕێگەی جیاکردنەوە لە گرووپەکانی دیکە تیژتر دەبوونەوە.

بەریەککەوتن و پێکدادان لەگەڵ کولتوورەکانی دیکە هەمیشە ناهاوسەنگ بوو. هەندێک جار تۆ داگیرکەر بوویت، هەندێک جاریش داگیر دەکرایت. هێزداران یاساکانی یاریی شەڕیان دادەنا و بە دەگمەن مامەڵەیەکی دادپەروەرانەیان لەگەڵ داگیرکراوان دەکرد. هێزداران ناوچە داگیرکراوەکانیان کۆلۆنی دەکرد، دەیکوشتن و کۆیلەی بەدیاری دێنا و سەرچاوە سروشتییەکانی بە تاڵان دەبرد. ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتە ئیمتیازێکی پیاوی سپی پێست نەبوو، هەموو کولتوورە پێشکەوتووەکان لە هەموو بەشەکانی جیهاندا ئەم شێوازەیان پەیڕەو کردووە.

لاوازەکان لە بەهێزەکان دەترسان، بەڵام تەنانەت بەهێزەکانیش لە ترس دوور نەبوون. ئەوان زیاتر ترسیان لە تۆڵەسەندنەوەی ژێردەستەکان هەبوو. بازنەیەکی خراپەکار و شەیتانیی لە ترس و ڕق و شەڕەنگێزی مێژوویەکی دوور و درێژی نادادپەروەری، ستەم و بێمتمانەیی نێوان مرۆڤی خستە جووڵەوە کە تا ئەمڕۆش لە داڕشتن و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان کولتوور و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بەردەوامە. زۆرێک لە بریی کۆن و بڕیاری پێشوەختە و تەنانەت ڕق و کینەی بەرانبەر بە هەندێک گروپ لە

پەرەسەندنی زیاتری شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا سارێژ کراون و ئێستا لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جیهانیدا ماڵێکی هاوبەشیان پێکهێناوە. من ئەم دیاردەیەم لە میسر، وڵاتانی کەنداو، ژاپۆن، ئەمریکا، هەروەها لە ئاڵمانیا ئەزموون کردوە. لابردنی ئەو توخمانە لە سیستەمێکدا گەلێك نەگونجاوە چونکە زۆرجار بەقەد ترسە نائاگاکانی دەرونیمان قووڵن و دەست پێیان ڕاناگات.

ترسی ئێمە لە بێگانە و ئەوانیتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای گەشەسەندنی مرۆڤایەتی. مێشکمان ئێستاش سیستەمێکی ترسی کۆن و بێگانەپەرستی تێدا پاشەکەوت کراوە کە لە ڕاستیدا گەرچی لەلایەن سیستەمی عەقڵی ژیر و ئاشتیخوازییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام کاتێک هەڕەشەیەکی گەورە هەست پێدەکرێت یەکسەر چالاک دەبێتەوە. پزیشکی دەروونی بۆروین باندلۆ " Borwin Bandelow" لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی باشووری ئاڵمانیا "Süddeutschen Zeitung" سیستەمی ترس، ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: "زۆر ساکار چندراوە، هەر وەك چنینی مریشکێك لە کاموا". لە لایەکەوە یارمەتی مرۆڤی داوە لە ژیاندا بمێننەوە، و لە لایەکی دیکەوە دەتوانێت وایان لێبکات کە خۆیان بدەنە دەست ترسە نالۆژیکییەکانیان. دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی ترسەکە پەرەی پێبدرێ، تەنانەت

کاتێک عەقڵ دەزانێت هیچ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی لەسەر نییە.

لە هەزارەکانی ڕابردوودا مرۆڤ بازدانێکی کوانتۆمیی لە کولتوور و شارستانیەتدا کرد. بینا و هونەری سەرنجڕاکێشی دروستکرد، بیرمەند و لێکۆڵەری گەورەی بەرهەمهێنا، بەسەر سروشتدا زاڵ بوو، پۆڵا ی وەها نەرم و تراو کرد کە ناچار بە مەلەکردن کرا و  دواتریش خۆی گەیاندە مانگ. بەڵام پاڵنەر و ترسەکانی وەک کۆن مانەوە. تێگەیشتنی سەرەتایی لە ناسنامە وەک قەڵغانێکی پارێزەر لە بەرانبەر "ئەوانی دیکە"دا مایەوە و لەگەڵیدا بێمتمانەیی لەهەنبەر مرۆڤی بێگانە لە شوێنی خۆیدا مایەوە.

ڕەنگە مرۆڤ توانیبێتی توڕەیی، ڕق وکینە و شەڕەنگێزی لە ڕێگەی یاسا، ڕۆحانیەت، ئەخلاق، مۆسیقا و هونەر و هاوسۆزییەوە سنووردار بکات، بەڵام تا ئەمڕۆ بەڕاستی و بەتەواوی نەیتوانیوە خۆی لێ ڕزگار بکات. بەدواداچوون بۆ یەکسانی و جیاکاری لەهەمبەر ئەوانی تر (مرۆڤی بێگانە)هەر لە سەرەتاوە بەشێکی کۆمەڵگا بووە، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا بەردەوام بوونی خۆیانیان پێ مسۆگەر دەکرد.

## تێزی دوو: ڕەگەزپەرەستی ئیمتیازێک نییە بۆ مرۆڤی سپی پێست

کۆمەڵناس و چالاکوانی دژە جیاکاری ئەمریکی ڕۆبین دی ئەنجێلۆ "Robin DiAngelo" وا گریمانە دەکات کە هەموو کەسێکی سپی پێست - بە ئاگایی یان نائاگاییەوە – ڕەگەزپەرستن. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ شپیگل-ئۆنلاین "Spiegel-Online" لە ٢٠ی ڕەزبەری ٢٠٢٠، بەم شێوەیە پاساوی تێزەکەی هێنایەوە: " هەموو مرۆڤێکی سپی پێست لە ڕێگەی کۆمەڵایەتیکردن لە کولتوورێکی ڕەگەزپەرستیدا، ڕەگەزپەرستن." مرۆڤی سپی پێست ناتوانن ئەو سروشتەیان بگۆڕن، تەنانەت ئەگەر بیشیانەوێ. تەنانەت ئەگەر پێشیان وابێ دەیانەوێت بیگۆڕن، لە قووڵایی دڵیانەوە نایانەوێ. چونکە لە ئەوروپا و ئەمریکا لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە بنەماکەیان لەسەر ئەوە ساغ بۆتەوە کە: "سپی پێستەکان ئیمتیازێکی تایبەتیان هەیە".

لەم چاوپێکەوتنەدا، هەروەها لە کتێبەکەشیدا " White Fragility" سفەتی سپی بوون لە جۆرێک گوناهی ڕەسەن نزیک دەکاتەوە کە بە هیچ شێوازێك دەربازبوونی لێ نییە. مەگەر مرۆڤە سپی پێستەکان سەبارەت بە ڕەگەزپەرستی فێری بیرکردنەوەیەکی جیاواز بکرێن. ئەم دیاردەیە تەنیا

وەک کردەوەیەکی تاکەکەسی و چالاک و هۆشیارانەی تاکە مرۆڤێک سەیر ناکرێ، بەڵکو وەک هەڵوێستێکی ناوەکی دەبینرێ کە لەناو هەموو مرۆڤێکی سپی پێستدایە.

هەرچەندە بێ گومان دی ئەنجێلۆ لە بانگەوازەکەیدا شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە لە ڕەگەزپەرستی دەخوازێت و ڕاستیش دەکات، بەڵام پێناسەیەک بۆ ڕەگەزپەرستی بەکاردەهێنێت کە بێ هۆکار نییە لەلایەن توێژەرانەوە بەچاوی ڕەخنەوە سەیر دەکرێت: مەبەستم چەمکێکی بایۆلۆژی دیاریکراوی ڕەگەزپەرستییە کە وا گریمانە دەکات کە لە لایەکەوە خەڵکی سپی پێست جیاکاری دەکەن و لەولاشەوە مرۆڤی ڕەنگاوڕەنگ جیاکارییان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەم پێناسەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٧، کە مرۆڤەکانیان بەسەر"ڕەگەزەکان"دا دابەش کرد. ئەمەش دواتر گەشەی کرد و بوو بە تیۆرییەکی ڕەگەزیی زانستی ساختە لە ئەوروپا و بەرهەمی وێرانکەری لێکەوتەوە، بەتایبەت لە ڕێگەی کۆلۆنیالیزم و دواتر هۆلۆکۆستەوە.

ئەگەر ئەم تیۆرییەە بایۆلۆژییە پەیڕەو بکرێت، ڕەگەزپەرستی دەبێتە دیاردەیەک کە لە سەرووی هەمووانەوە سنووری ئەوروپا و ئەمریکا دەگرێتەوە و لە پلەی یەکەمدا خەڵکی ڕەنگاوڕەنگ "People of Color" دەکاتە

قوربانی و مرۆڤی سپی پێستیش دەکاتە تاوانبار. جۆرەکانیتری جیاوازیدانان – بۆ نموونە هەڵاواردنی کولتووری، ئایینی یان سێکسی – ناتوانرێت بەم شێوەیە ڕوون بکرێنەوە.

جگە لەوەش، شێوازێکی بیرکردنەوەی کوشندە لە پشت تێزەکانی دی ئەنجێلۆوە هەیە کە زۆرجار لە تێزی چەپ-لیبراڵەکاندا دەبینرێت. ئەو باوەڕەی مرۆڤ بەهۆی بێ متمانەیی و بڕیاری پێشوەختە لەسەر خۆی و کولتوورەکەی بەڕێوەی دەبا بتوانیت بێ متمانەیی و بڕیاری نادادپەروەرانە بەرانبەر بە کەمینەکان کەم بکاتەوە. ڕوونە، بیرکردنەوە لە خۆت و کۆمەڵگا هەرگیز هەڵە نییە. بەڵام زۆرجار بە خۆتاوانبارکردن و بەردەوامبوون لە ئاڵۆزیی تاوانباریدا، ڕووداوی نەرینی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام چۆن دەتوانی کەسانیترت خۆش بوێت ئەگەر ڕقت لە خۆت بێت؟ چۆن دەتوانیت باوەشت بۆ ئەوانیتر بکەیتەوە کاتێک لە ڕێگای تێپەڕبوونی ژیانتدا تووشی بارگرانی، تاوانباری و کڕنۆش بردن بویت؟

لە ڕۆژئاوا هەستێکی ئاگاداریی تاوانباری و سیاسەتێکی ناسنامەیی لە خۆ هەیە کە لە لایەکەوە داوای لێبوردەیی و تولەرانس بەرانبەر بە "بیانییەکان" دەکات بەڵام لەولاشەوە بە توندی حوکم لەسەر هەڵس وکەوتی خۆی دەدات. "مرۆڤی سپی پێستی ئیمتیازدار" دەبێ بەردەوام

پاساو بۆ کردەوەکانی بێنێتەوە و خۆڕاگر بێت. بەردەوام بەخۆی دەڵێ: "ئەگەر ئەو کارە نەکەیت، بە خێرایی خۆت لە لایەنی هەڵەدا دەبینییەوە". لەو پەیوەندییەدا ڕەنگە بە باوەشی کراوە لەلایەن باڵادەستە سپی پێستەکانەوە پێشوازی لێبکرێت کە پێشتر هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیاندا نەبووە، ئێستاش سەرکردایەتی شەڕەکەی دەکەن بۆ وەرگرتنەوەی زێدی خۆیان.

دی ئەنجێلۆ موتوڕ و بزوێنەری بیرکردنەوە و کردار لە بنەچە و ڕەنگی پێستدا دەبینێت. ئایا ئەو بیرۆکەیە خۆی بەتەواوی جۆرێک لە ڕەگەزپەرستی نییە؟ ئەگەر ئێستا ڕەگەزپەرستی ڕێگای پێچەوانە بگرێت، واتە مرۆڤی سپی پێست بخرێنە ژێر گومانی گشتیەوە، ئەو کارە یارمەتیی کێ دەدات؟ کێشەکە بە جیابوونەوە و کشانەوەی جارێکیتری مرۆڤ لە یەکتر چارەسەر نابێت.

ناتوانرێت بە پاراستنی پلەبەندی و ناهاوسەنگییە کۆنەکان یان دروستکردنی پلەبەندی نوێ بەرەنگاری ڕەگەزپەرستی ببینەوە. هەروەها بە دڵنیاییەوە ناتوانین کولتورێکی لێبوردەیی و تولەرانس بەرەوپێش ببەین کاتێك لایەنێک تۆمەتبار بکرێت و لایەنەکەیتر تەنانەت ڕێگەی بەرگریکردن لە خۆی پێنەدرێت. لە کۆتاییدا ئەم کارە تەنیا دەتوانێت گڕی ئاگری ڕەگەزپەرستی خۆش بکات. ئەگەر

شتێکت لە کەسێک دەوێت، دەبێ بشزانی ئەو کەسە خۆی چی دەوێت. هەرکەسێک ترسی لە کەسێکتر هەیە، دەبێ لە ترس و نیگەرانییەکانی ئەو کەسەش تێبگات. تەنیا ئەو کاتە بنەمایەکمان بۆ دانوستانێکی دادپەروەرانە دەبێت و دەتوانین هیوای ئەنجامێک بخوازین کە هەمووان پشتگیری لێ بکەن. بەڵام بەرزکردنەوەی باوەڕی پیاوی سپی پێست وەک بەرجەستەکردنی کارە هەڵەکانی، نەك هەر کەمینەکان ڕزگار ناکات، بەڵکو دەروازەی دۆزەخ بۆ هەمووان دەکاتەوە!

بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری بە جیاکاری و بڕیاری پێشوەختە بە بڕیاردانی پێشوەختە چارەسەر نابێ. هەروەها ئەگەر تەنیا ئەو کاتە بتوانین بە ئاشتیانە پێکەوە بژین کە لایەنێک ژیانێکی هەڵبژاردبێ و بەهۆی تاوانبارییەوە سەردانەواو بێ و لایەنەکەیتر پێداگری لەسەر قوربانی بوون بکا، ئەوا هیچمان لە مێژوو فێر نەدەبووین و هیچمان بۆ داهاتوومان هەوڵی جیددیمان نەدەدا.

چاوخشاندنێک بە مێژوودا بە تایبەت ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕەگەزپەرستان و قوربانیانی ڕەگەزپەرستی بە هیچ شێوەیەک تەنیا لە هەندێک نەتەوەی دیاریکراودا نابینرێن. پیاوی سپی پێست ڕەگەزپەرستی نەدۆزیوەتەوە. هەروەها ڕەگەزپەرستی ڕێگایەکی یەکلایەنە نییە کە تەنیا

کەسانی سپی پێست جیاکاری لە هەنبەر کەسانی ڕەنگی جیاوازدا بکەن.

سەرەڕای ئەو هەموو ڕەخنە ڕەوایەی لە ڕەفتاری "سپی پێستەکان" دەگیرێ: ئایا ئەوە مرۆڤی سپی پێست نەبوو کە ڕۆشنگەری هێنایە ئاراوە، هەروەها چەمکەکانی لێبوردەیی واتە تولەرانس و یەکسانی لە ڕووی سیاسییەوە جێبەجێ کرد؟ ئایا ئەبراهام لینکۆڵن پیاوێکی سپی پێستی پیر نەبوو کە سەرکردایەتی سوپایەکی سپی پێستەکانی کرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ سپی پێستەکانیتر لەپێناو بۆ ئازادکردنی کۆیلە ڕەشپێستەکانی باشووری ئەمریکادا؟ ئایا پیاوە سپی پێستەکە بەشدار لە داڕشتنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ نەبووە، هەروەها مرۆڤی سپی پێست یاسای ڕێگریکردن لە هەڵاواردن لە دژی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای نەتەوە یان ئایینی دەرنەکرد؟ ئایا ئەو مرۆڤانە ژن و پیاوی سپی پێست نەبوون کە لە خۆپیشاندانەکانی ناسراو بە ژیانی ڕەشپێستەکان گرنگە "Black Lives Matter" دا ڕێپێوانیان کرد؟ ئایا ئەوە مرۆڤی سپی پێست نەبوو کە لەبەر گوناهەکانی ڕابردووی بە توندی حوکمی لەسەر خۆی دەدا؟

بێگومان مرۆڤی بازرگانی کۆیلە و خاوەن کۆیلەی سپی پێستەکانیش هەبوون کە ئازاری زۆریان بەسەر ملیۆنان ڕەشپێستدا هێناوە. بەڵێ، ئاغا کۆلۆنیالییستە سپی

پێستەکانیش هەبوون کە دانیشتوانی وڵاتانی ئەفریقا، خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا، ئوستralیا و ئەمریکای لاتین، عەرەب و هیندییەکانیان وەک ڕەگەزی نزمتر سەیر دەکردن بۆ ئەوەی پاساو بۆ چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە یان کۆیلەکردنیان بهێننەوە. بەڵێ، ئەمڕۆش باڵادەستە سپی پێستەکان، خێڵی کوکلۆکس "Ku-Klux-Clan"، برایەتی ئارییەکان "Aryan Brotherhood"، نازییەکان، ناسنامەپەرستەکان، نیونازیەکان و لایەنگرانی ڕاستی نوێش هەن کە قەناعەتیان بە باڵادەستی ڕەگەزی سپی پێست و توندوتیژی بەرانبەر بە خەڵکانی جیاواز لەخۆیان هەیە.

من نامەوێت هیچ شتێک بەم قسانەی خوارەوە ڕێژەیی بکەم - تاوانباری ناتوانرێت لە بەرانبەر یەکتردا جێگیر بکرێت، هەروەها بەرپرسیارێتی ناتوانرێت نوێنەرایەتی بکرێت. بەڵام دەمەوێ جارێکیتر سەرنجتان بۆ ئەو تێزە ڕابکێشم کە ڕەگەزپەرستی کێشەیەکی مرۆییە و تەنیا میرات و گوناهی ڕەگەزی مرۆڤە سپی پێستەکان نییە: ئەوروپی و ئەمریکییەکان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی پێش خۆیان کە بەسەر جیهاندا زاڵ بوون نییە و مامەڵەی جیاوازیان نەکردووە. عەرەبەکان نیوەی ئەوروپا و نیوەی ئاسیا و بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەفریقایان کۆلۆنی خۆیان کرد. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ملیۆنان

کەس لە ڕۆژهەڵاتی نزیک، باکووری ئەفریقا، باڵکان و ڕۆژهەڵات و باشووری ئەوروپا ژێردەستە کران. تەنانەت لەمڕۆشدا زۆرێک لە عەرەب و تورکەکان خەون بە گەڕانەوەی خەلافەت و دووبارە ئیسلامکردنی ئەوروپاوە دەبینن. زۆربەیان لەمڕۆدا خێرا پەنجەی ئەخلاقی بەرز دەکەنەوە و بەهۆی مێژووی کۆلۆنیالیزم و کۆیلایەتییەوە پیاوی سپی پێست مەحکوم دەکەن - هەرچەندە بازرگانی کۆیلە لە جیهانی عەرەبیدا تەنیا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کۆتایی پێهات، ئەویش لە ژێر گوشاری ئەوروپییەکان. وڵاتی سعودیە لە ساڵی ١٩٦٣ بە فەرمی کۆیلایەتی هەڵوەشاندەوە، بەڵام تا ئەمڕۆش بە ملیۆنان کۆچبەر لە ئاسیا و ئەفریقاوە لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی کەنداو وەک کاری کۆیلە بەبێ مافی مەدەنی دەژین، لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا دوای چەند ساڵێک مانەوە لەو وڵاتانە، دەبنە هاووڵاتی.

تا ئەمڕۆش تورکیا جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ بۆ ١٩١٧ ڕەتدەکاتەوە. هەروەها خەڵک لە چین هێشتا بێهودە چاوەڕێی گەشەکردنی شۆڕشی ڕۆشنبیری مائو"Mao"ن کە ئازار و مردنی بۆ ملیۆنان کەس بەدیاری هێناوە. ئەمڕۆ توندوتیژیی دژ بە گەلانی ئویغور "Uigur" و نەتەوە ژێردەستەکانیترە، کە کەسوکاریان لە

ئۆردوگاکاندا زیندانی کراون. کاتێک لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا کاغەزی نهێنی حکومەتی چین سەبارەت بەم کەمپانە ناسرا، ئادریان زێنز "Adrian Zenz" پسپۆڕی چینی سەبارەت بە "جینۆسایدێکی کولتووری" بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ ntv کرد: "دەستبەسەرکردنی سیستماتیکی تەواوی کەمینەکانی ئێتنۆ-ئایینی، لە ڕووی قەبارەوە، ڕەنگە گەورەترین کارەسات بێ لە دوای هۆلۆکۆستەوە." لەگەڵ ئەوەشدا جیهان تا ڕادەیەکی زۆر بە بێدەنگی سەیریان دەکات، تەنانەت جیهانی ئیسلامیش کە بەردوام خۆیان وەك هاودەنگی گەورەی یەکتر نیشان دەدەن کاتێک دەبینن بەهاکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، چاوی خۆیانی لێ دەقووچێنن.

## پاساو "Excursus": وەک دەسەڵات و کۆلۆنیالیزم و گواستنەوەی مەعریفە بەیەکەوە گرێدراون

ئێمەی مرۆڤ بە درێژایی مێژووی جیهان مامەڵە لەگەڵ سووڕێکی دەسەڵات، ستەم و ڕزگاری دەکەین. زلهێزەکان هەمیشە سەردەمی خۆیان هەبووە. لە کاتێکدا خەڵکی ئەوروپا هێشتا بە شێوەیەکی سەرەتایی لەناو دارستانەکاندا دەگەڕان و میوەیان کۆدەکردەوە، کولتووره پێشکەوتووەکانی میسری کۆن، عێراقی، ئێرانی، لوبنانی، نوبی، ئەتیوپی و سۆماڵی سەردەمی گەشەسەندنی خۆیان ئەزموون دەکرد. وێنەی ئەو گەلانەی لە ڕووی سەربازییەوە شکستیان هێنابوو و زەلیلیان کردبوون، لەسەر بەرد و پاپیروس زیندوو ڕاگیرابوون. هەروەها ڕۆڵە کۆنەکانی پاپیروس زانیارییەکانیان بە شێوەیەك تۆمار دەکرد کە بۆ کولتوورەکانی دواتر وەک ئیمپراتۆریەتی بیزەنتین " Byzantine Empire" بەنرخ بوون. یۆنانی کۆن پێشەنگ بوو لە بواری فەلسەفە و مێژوونووسی و زانستە سروشتییەکاندا. کۆکردنەوەی ڕیسالە ی یۆنانی کە بە" Corpus

"Hermetικum" ناسراوە، باس لە پێکهێنانی جیهان و شێواز گرتنی گەردوون دەکات. هەروەها دەق فەلسەفی و ئەستێرەناسی و پزیشکی و بیرکاریش لەخۆدەگرێت. هەندێکیان لەسەر بنەمای وەرگێڕانی دەقە میسرییە کۆنەکانن، هەروەها لەسەر نووسراوەی بیناکان تۆمارکراون. لە سەردەمی کۆندا وا گریمان دەکرا کە نووسەری ئەو بابەتانە – هێرمێس تریسمێگیستۆس " Hermes Trismegistos" – لە ڕاستیدا ژیاوە؛ ئێستا دەزانین کە ئەمە تێکەڵاوییەکی هاوبەشی خوداوەندی یۆنانی هێرمێس "Hermes" لەگەڵ خوداوەندی میسری تۆس "Thot" بووە و زۆرێک لە نووسینەکان لە پەرستگاکانی میسرەوە سەرچاوەیان گرتووە.

هۆکاری ئەوەی بە وردی ئەوەتان پێ دەڵێم، ئەوەیە کە ڕوون دەبێتەوە مێژوو بە شێوەیەکی زنجیرەیی بەرەوپێش ناچێت، بەڵکو هەرکام لە قۆناغەکان بەردەوام لەیەکتر گرێدراون و لەسەر یەکتر بنیات نراون. زمانی میسری کۆن کە بۆ ماوەیەکی زۆر زمانی زانین بوو، لە لایەن زمانی یۆنانییەوە جێگەی گیرایەوە، لەو کاتەوە کولتوری یۆنانی ڕووداوەکانی لە باکووری ئەفریقا و شام دیاری دەکرد، بەڵام

---

[2] کۆڕپوس هێرمێتیکۆم کۆمەڵە وتاری کۆنی یۆنانییە کە بە شێوەی نامە و دیالۆگ لەسەر بۆچوونی ئەو سەردەمە، وتاری سەبارەت بە خوڵقاندنی جیهان و شێوەی گەردوون و حیکمەتی مرۆڤ و خودایی تێدا ڕوون کراوەتەوە.

دوای هاتنە سەر سەکۆی سیاسی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لەو ناوچانە و دواجار یش داگیرکاریی ئیسلامی، کۆتاییان بە قۆناغی دێرین هێنا.

عەرەبی تامەزرۆی زانست شارە کۆنەکانی زانستیان لە میسر، ئێران، عێراق، شام، ئەندۆلۆس و بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتین "Byzantine" [ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی] داگیرکرد. نەک هەر هێزی سەربازی، بەڵکو توونیەتی و کونجکۆڵی عەرەبەکان بۆ زانیاری بیانی، دەستیپێکرا. بەرهەمەکانی فەلسەفەی یۆنانی، بەتایبەت " Corpus Hermeticum" وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و شۆڕشێکی ڕاستەقینەیان لەسەر تێگەیشتویی مەعریفە دەست پێکرد. لەناکاو عەرەب لە هەموو ئەو بوارانەدا سەرووتر بوو: بیرکاری، پزیشکی، زانستی کیمیا، مۆسیقا و فەلسەفە. تەنانەت بزووتنەوەی عیرفانیی – سۆفی دەرئەنجامی ئەم گواستنەوەی زانست بوو لە یۆنانیەکانەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی تەوەرە زانستییەکان بۆ جیهانی عەرەب. عەرەب نیوەی دونیایان داگیرکرد، مرۆڤێکی زۆریان کردە کۆیلە، بەڵام ناوچە داگیرکراوەکانیشیان بە زانست و هونەر و شاکاری بیناسازی دەوڵەمەند کرد. شارستانیەتێکی گەشەسەندوو سەریهەڵدا کە کولتوورەکەی زۆر لە کولتووری ئەوروپایی ئەو سەردەمە باڵاتر بوو. بەڵام

عەرەبەکان هەڵەیەکیان کرد کە دواتر پیاوە سپی پێستەکەش دەیکات: " ئەوان پێیان وابوو کە زانست و دەسەڵاتیان تەنیا دەرئەنجامی کولتووری خۆیانە." لەبیریان چوو کە تەنیا قاتێکی نوێیان لە هەرەمی شارستانیەتدا دروست کردووە. کاتێ گەیشت کە ئیتر تینوێتی بۆ زانستی مەعریفە کۆتایی پێهات و ئایین دەستی کرد بە باڵاتردانانی خۆی لە سەرووی زانستی عیلمانی. ئیتر لێرە بەدواوە بەرهەمی کولتوورەکانیتریان وەرنەگرت، چیتر بەدوای ئاڵوگۆڕکردندا نەگەڕان، بەڵکو خۆیان لە دونیا دابڕاند. لە کاتێکدا ڕێنێسانس لە ئەوروپا دەستی پێکردبوو، جیهانی عەرەبی لە سەدەکانی دواتردا تاریکترین قۆناغی مێژوویی خۆی ئەزموون دەکرد.

ئەوە بە هەڵکەوت نەبووە، ئەو گەشتەی بووە هۆی دۆزینەوەی ئەمریکا، لە نیمچە دوورگەی ئیبەر "Iberian"یەوە دەستی پێکرا - هەمان ساڵ بوو کە عەرەبەکان لە ئەندۆلۆزیا دەرکران. عەرەبەکان جگە لە سامانی بێژوماری زانیارییان، نەخشەی وردی جیهان و دەریاشیان لە خۆیان بەجێهێشتووە، کە بۆ سەفەرەکان گرنگییەکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە. وردە وردە پیاوی سپی پێست لەو ناوچەیە مەشخەڵی زانستی گرتە دەست و وەک کولتوورە پێشکەوتووەکانی بێشوماری پێش خۆی بە

زانست و دەسەڵاتەوە جیهانی داگیر کرد. وەک ئەوانیتر نەک هەر نەهامەتییان بەدیاری هێنا، بەڵکوو وڵاتەکانی کۆلۆنی کرد و گەلانی کردە کۆیلەی خۆی.

بۆ نموونە میسر کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر ئەم گەشتە نایابە زانستییە گشتگیرەی دەست پێکردبوو، لە سەرەتای سەردەمی ئەوروپیدا لە باقی جیهان بە تەواوی دابڕاو مایەوە. نەزانی، هەژاری و خورافات ژیانی خەڵکی دیاری دەکرد. ئەوان ئەوەندەی لەبارەی زانستی کۆنی فیرعەونەکانەوە نەزان مابوونەوە، ئەوەندەش لەبارەی ڕۆشنگەری لە ئەوروپادا نائاگا بوون. هەرەمەکان و زۆربەی پەرستگای فیرعەونەکان لە مێژبوو لە ژێر خۆڵدا نێژرابوون، هەندێکی تریشیان هەڵکەندران و بۆ دروستکردنی خانوو و گۆڕی بەرپرسە باڵاکان بەکارهێنران. تەنیا کاتێک ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٩٨ میسری داگیرکرد، جیۆلۆژیست، شوێنەوارناس، مێژوونووسان و زمانزانان گەیشتنە دەوروبەرەکەی. لە ١٥ی تەمموزی ١٧٩٩ بەردی ڕۆزێتا دۆزرایەوە، ئەمەش وایکرد کە بتوانرێت هیرۆگلیفە کۆنەکانی میسری شی بکرێنەوە. هەروەها گەشتەکەی فەرمانڕەوای کۆلۆنیالی فەرەنسی پردێک بوو لە نێوان میسریی و زانستە کۆن و لەبیرکراو و مێژووەکەیان کە لە ناو خۆڵ و زیخدا نوقم ببوو. زۆر وەک دۆخی پێشوو دەچوو، کە چۆن عەرەبەکان پێشتر

وەک پردێک لە نێوان یۆنانییە کۆنەکان و ئەوروپای مۆدێرن وەستابوون.

هەروەها ناپلیۆن سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن و یاسایی هێنایە باکووری ئەفریقا. لەگەڵ ئەویشدا کەرەسەی چاپ هات کە بەهۆی باوەڕی ئایینی ئەو سەردەمەی جیهانی ئیسلام بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ یاساغ کرا. لەگەڵیدا بیرۆکەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و دۆزینەوەی نوێی زانستە سروشتییەکان و پزیشکی هەروەها سیستەمی ئاودێریی مۆدێرن و سیستەمێکی کشتوکاڵی کاریگەرتر هاتە ئاراوە.

ئاڵمانییەکان کە لە ڕووی کۆلۆنیالیزمەوە "نەتەوە"یەکی زۆر دواکەوتوو بوون، هێڵی ئاسنین و سیستەمی ئیداری و پەروەردەی نوێیان هێنایە "ناوچە پارێزراوەکان"، بەڵام هاوکات بەرپرسیاریش بوون لە یەکەمین جینۆسایدی سەدەی بیستەم، کاتێک ڕاپەڕینی هێرێرۆ "Herero" لە باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقای داگیرکراو لە لایەن ئاڵمانیاوە تێکشکا و بە شێوەیەکی دڕندانە ناما "Nama"یان کوشت. بەڵێ، پیاوی سپی پێست ئازارێکی زۆری بۆ گەلان هێنا، ئازارێکی یەکجار زۆر و بۆ ماوەیەکی زۆر تێنەدەگەیشت کە نەک هەر زانست و دەسەڵاتی خۆی لە لایەن خۆیەوە بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو لەسەر شانی کولتوورە پێشکەوتووەکانی پێشووتری وەستاوە. ئەمڕۆ ڕۆژئاوا وەك

کۆمەڵگەیەکی لێبوردە، ڕەنگاوڕەنگ و کراوە بۆ هەموو جیهان ناسراوە، لە کاتێکدا زۆربەی ناوچەکانی جیهان بە پێی کات خۆیان لە ڕۆژئاواییەکان دابڕیوە و زیاتر بۆ یەکسانی نەتەوەیی و ئایینی تێدەکۆشن. بەڵام ئەوانیش دەترسن. جیهان بە خێرایی دەگۆڕێت و لەگەڵ ئەودا پێکهاتەی دانیشتووانی. لە کاتێکدا ئەوروپییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەدا ٢٥ی دانیشتوانی جیهانیان پێکدەهێنا، ئەمڕۆ کەمتر لە سەدا ٩ پێکدەهێنن و تا کۆتایی ئەم سەدەیە دەتوانن بۆ خوار لەسەدا پێنجەوە بخلیسکێن. تەنانەت لە خودی وڵاتانی ڕۆژئاواییشدا، بەهۆی مرۆڤی کۆچەری بیانییەوە دیمۆگرافیا بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. زۆرێک لە پیاوە سپی پێستە پیرەکان چیتر هەست بە دەسەڵات و ئیمتیاز ناکەن، بەڵکو زیاتر هەست بە نامۆبوون دەکەن. نامۆبوون، نائەمنی و ترس بۆ داهاتوو دەبێتە هۆی ڕادیکاڵبوونی هەندێک کەسی سپی پێست. ئەوان ئارەزووی جیهانێک دەکەن کە خۆیان بەرپرسیار بن یان لانیکەم بتوانن خۆیان بەتەنیا و بێ مرۆڤی بێگانە ژیانیان بەڕێوەبەرن. هەروەها ئەمە دیاردەیەکە کە لە هەموو کولتوورە پێشکەوتووەکانی پێشووەوە دەیزانین، کە شوێنکەوتوو و لایەنگرانیان ئەمڕۆ هەست بە تووڕەبوون دەکەن، چونکە دەسەڵاتیان لەم جیهانەدا لەدەستداوە. بناژۆخوازی یان فناتیکی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی تورک

دەرئەنجامی ئەم لەدەستدانی دەسەڵاتەن؛ ئەو هەستەیان تێدا پەروەردە بووە کە شایەنی ژیانێکی باشتر لەوەی ئەمڕۆن و لەلایەن وڵاتانی دیکەی جیهانەوە مامەڵەی نادادپەروەرانەیان لەگەڵدا کراوە. هەروەها دەتوانرێت لێرەدا باڵادەستیی سپی پێستەکان و ئایدۆلۆژیای ڕاستڕەوی ڕادیکاڵی لێ زیاد بکرێت. هەموویان بە ئارەزوویەکی وەك یەك واتە خۆ شاردنەوە لە پشت دونیای ڕابردوو، دەکەونە بەرەیەکەوە، چونکە ئێستا ناتوانن لەگەڵ جیهانی مودێرن خۆیان بگونجێنن و ترسیان لە داهاتوو هەیە. بەڵام لەم کارەدا ئەو دەرفەتانە لەدەست دەدەن کە دونیای ئەمڕۆ بۆیان دەرەخسێنێت. هەوڵ دەدەن کاتژمێری مێژوو بگەڕێننەوە دواوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە شکست دەهێنن چونکە پرۆسەی گەشەسەندنی زانستی و بەو هۆیەوە هۆشیاری مرۆڤ ناتوانرێت بوەستێنرێت.

لەم سەفەرە زانستییەدا دوو وانە فێردەبین: سەرکەوتن تەنیا پەیوەندی بە دەسەڵات و چەوساندنەوە نییە، بەڵکو فێربوونی وانەی ژیانە لە "مرۆڤەکانیتر" هەروەها بەدوای هاوبەشیدا بگەڕێین لەبری ئەوەی بەردەوام جەخت بکەینەوە کە دابەش بکەین. کاتێک لە مێژوو فێر دەبین، سەردەکەوین، بە پێچەوانە ئەوکات دەدۆڕێین کە خۆمان

گۆشەگیر بکەین و ناڕەزایی وەک گرنگترین تایبەتمەندی ناسنامەکەمان سەیر بکەین.

بۆیە پێویستە واز لەوە بێنین مشتومڕی ڕەگەزپەرستی لەسەر ڕێڕەوی تاوانبارکردن دابنێین، چونکە ئەمە پەیوەندی نێوانمان ناهاوسەنگ دەکاتەوە. هەستکردن بە تاوانباری دەبێتە هۆی بەرگری و کاردانەوەی سەرپێچیکارانە، چونکە دیوەکەیتری تاوانباری شەڕەنگێزییە. هەروەها هەر شتێک لەسەر بنەمای تاوانباری پێکهاتبێت کاتێکی زۆر ناخایەنێت، چونکە هەرکەسێک تاوانباری زیاتر لەسەر شانی هەڵگرتبێت ناتوانێت ڕاست بوەستێت و هاوتەریب چاو لە چاوی بەرانبەرەکەی بگرێت. پێویستە لەبری ئەوەی یەکتر تۆمەتبار بکەین، گوێ لە یەکتر بگرین. چونکە ترسی خۆمان و ئەو بارە قورسانەی لەگەڵ خۆماندا هەڵیدەگرین، کێشیان لە ترس و قورسایی ئەوانیتر زیاتر نییە. هەموومان خاڵی لاواز و کەموکوڕیمان هەیە - بچووککردنەوەی ناپێویستی، گەیشتن بە یەکتر و ئاشتی گەلێك قورس دەکات. هەمیشە ئاشتی و پێکگەیشتن لە ویستی تێگەیشتن لە ترسی ئەوانیترەوە دەست پێدەکات. بۆ ئەوەش پێویستمان بە ڕەخنەگرتن لە خۆمانە، نەك خۆ دزینەوە و خۆ بەدیلکردن. هەروەها لە هەردوولا ئیرادەیەکی بێ مەرج

و قەناعەتێکی قووڵ هەیە کە تەنیا پێکەوە دەتوانین بەرەنگاری ڕەگەزپەرستی ببینەوە.

ئەوەی کە "ترس" ڕاوێژکارێکی خراپە، ڕاستییەکی حاشالێهەڵنەگرە. سەرەڕای ئەوەش ترس هێزێکی بزوێنەری گرنگە و میکانیزمێکی پارێزەرە کە دڵنیایی بە مرۆڤ دەدات بتوانێ ژیانی خۆی درێژەپێبدات. ئەم ترسە لەمێژینەیە لەمڕۆدا فۆرمی زۆر جیاوازی هەیە. مرۆڤ لە ناجێگیربوون دەترسن و پەنا بۆ ئایین و ڕۆحانیەت دەبەن. ئەوان ترسی "لەکیس چوون"یان هەیە و ئەو پەیوەندیانە دەپارێزن کە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە. هەندێکیتر هەوڵدەدەن ترس شی بکەنەوە و بیگۆڕن و بیکەنە وزەی ئەرێنی ژیانیان بۆ پابەندبوون بە ژینگە، بەرەنگاربوونەوەی برسێتی جیهان یان دژی ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزم. هەروەها هەندێکیتر ترسی خۆیان لە پشت تورەیی، ناسیۆنالیزم، کۆنەپەرستی و ڕەگەزپەرستی دەشارنەوە.

بەڵام لێرەشدا ڕوخساری ترس لە "نامۆ" و "بێگانە" هەمیشە بە ڕوونی بۆ دەرەوەی خۆیان دیار نییە. ڕەگەزپەرست بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵەوە دانانیشێت و بیر لەوە ناکاتەوە چلۆن لە هەستی ڕق و کینە ڕزگاری بێت. زۆر

به دەگمەن ڕەگەزپەرستێک لە پشت ماسکی دژە ڕەگەزپەرستییەوە خۆی دەشارێتەوە. ئەوە خاڵێکە کە تێیدا بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ڕۆبن دی ئەنجێلۆ هاوڕام. بەشە گەورەکانی کۆمەڵگای دیموکرات و تاکی تەیار بە باوەڕی ئازادی ناو کۆمەڵ تەنیا کاتێک هەست بە ڕەگەزپەرستی دەکەن کە ئاشکرا بێت. کاتێک ئەژنۆی ئەفسەرێکی پۆلیسی سپی پێست گوشار بۆ قوڕگی پیاوێکی ڕەشپێست بێنێ کە لەسەر زەوی درێژکەوتووە و بیخنکێنی. کاتێک پەناگەی پەنابەران ئاگریان تێبەردەدرێت، پیاوانی سەر تاشراو بەپەلە لەناو شەقامەکاندا کۆچبەران ڕاودەنێن.

هەروەها ئەو ڕەگەزپەرستانەی بە ئاشکرا و بە کردەوە ڕەگەزپەرستی خۆیان بەڕێوەدەبەن، ئاسانکاریمان بۆ دەکەن؛ ئینجا دەتوانین بیانناسین و خۆمانیان لێ جیا بکەینەوە. ئێمە لەگەڵ ئەو ڕەگەزپەرستانە کێشەمان هەیە کە بیروباوەڕیان ئاشکرا ناکەن، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکوپێک مرۆڤی بیانی، کولتوور یان ئایینێکی جیاواز بە شێوەیەکی سیستماتیك لە کۆمەڵگا دوور دەخەنەوە، تووڕەیان دەکەن یان جیاکاری دەکەن. ڕێک ئەوەش وایکردووە تێگەیشتن و شکستپێهێنانی ڕەگەزپەرستی بە تەواوی قورس و ئاڵۆز بێت. چونکە ئەو کارە وەکو ئارەزووی سێکسی تاقمێك مرۆڤ وایە: ڕەنگە بتوانێ

کەمێکی هێور بکاتەوە، بەڵام هەرگیز بەڕاستی ناتوانیت بەسەریدا زاڵ بێت. هەمیشە کەسانێک هەن کە سەرەڕای ڕەزامەندی لەگەڵ هاوبەشی سێکسی خۆیان، سێکسییەتی خۆیان بە شێوازیتر بەڕێوەدەبەن و کێشە و مەترسی بۆ کۆمەڵگا پێکدێنن. هەروەها هەمیشە کەسانێک لە کۆمەڵگادا هەن کە ڕقیان لە کەسانیترە تەنیا لەبەر ئەوەی جیاواز دەردەکەون یان بیرکردنەوەیان جیاوازە.

دی ئەنجێلۆ لە کتێبەکەیدا و لە چەندین چاوپێکەوتندا ئاماژەی بەوە کردووە کە دژوارترین کەسەکان ئەوانەن وا باسی ڕەگەزپەرستییان لەگەڵدا بکرێت و بڵێن هەرگیز بە ئاگادارییەوە نایانەوێت هیچ شتێکی ڕەگەزپەرستانە بڵێن یان بیکەن. بۆیان زۆر گرنگە ناسنامەکەیان وەک ڕەگەزپەرستانە سەیر نەکرێت، هەر بۆیەش هەموو وزەی خۆیان بۆ ئینکاری ڕەگەزپەرستی خۆیان تەرخان دەکەن. هەمیشە "کەسانیترن کە ڕەگەزپەرستن"، دواتر بە وردی دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە.

ئێمە تا ڕادەیەک کوێرین لەوەی ڕۆژانە خۆمان بەردەوام بەشداری لە نارەزایی، دوورخستنەوە و سنووردارکردنی ئەو باسە گرنگە دەکەین. هەرچەندە – یان بە وردی لەبەر ئەوەی – هۆشیاریی بەکۆمەڵ تادێت بەرەو فرەچەشنی، هاوسۆزی و هاووڵاتیبوونی جیهانی دەڕوات، هەموو

کەسێک ناتوانێت خۆڕاگر بێت، بەڵام زۆر ئاسانترە ئەو کەسانە لەناو کۆمەڵدا هەڵبژێریت کە بە ئاشکرا ترسیان دەردەبڕن. لە دڵنیابوونی کردەوەکانی خۆیاندا بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن و هەوڵی هاندانی یەکتر دەدەن. ئەوان پێیان وایە لە پێشەنگی دژە شۆڕشێکدان کە دژی دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە و دژی کۆمەڵگەی کراوەیە، چونکە ترسیان هەیە چیتر جێگەی خۆیانی تێدا نەدۆزنەوە.

سەرەڕای ئەوەی جیهان بە خێرایی دەگۆڕێت، ڕەگەزپەرستی بەردەوام بوونی دەبێت، کۆنتێکست و چەمکە کۆنەکانی شوناسە داخراوەکانیش وەک خۆیان دەمێننەوە. چونکە ئەم ناسنامە کۆنانە لەسەر بنەمای دژایەتی ناسنامەکانی تر دامەزراون. مرۆڤ بەو شێوەیە کار دەکەن: بە کۆمەڵ بیردەکەنەوە، خۆیان بەسەر گروپەکاندا دابەش دەکەن، گروپەکەی خۆیان تایبەت و گەلێك جیاواز هەست پێدەکەن و گروپەکانیتریش کەمتر لەبەرچاو دەگرن. "ئێمە و ئەوان"، ئەو بۆچوونە ناوەڕۆکی ئەم جیاوازییە دیاری دەکات کە ڕەنگە بەپێی چوارچێوەیەکی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی جیاواز پێکهاتبێت.

گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشەی ڕەگەزپەرستی تەنیا لە ئایدۆلۆژیای ڕاستڕەو یان ئایینیدا هەڵەیەکی کوشندە دەبێت. ڕەگەزپەرستی زیاتر پەیوەندی بە مێژوو، ڕوانگە و

وێنەی گشتی خۆمان وەک مرۆڤ هەروەها شێوازی بیرکردنەوەمان لەسەر خۆمان و شێوازی ژیانمانەوە هەیە. ئێمە خۆمان بەو سیفەتانە پێناسە دەکەین کە کەسایەتیمانی پێ دیاری دەکەین. بەو هۆیەوە یەکەم کێشە لێرەدا دروست دەبێ، هەر لێرەوە یەکەم دەرگای بچووک بۆ ڕەگەزپەرستی دەکرێتەوە: کاتێک دەڵێم: "پیاوم، موسڵمانم، ئاڵمانیم، لیبراڵم، هومۆسێکسوالم"، لەسەر ویستی خۆم، خۆ لە هەموو ئەو کەسانەی کە ڕەگەز، ئایین، نەتەوەیەکی جیاواز، ڕوانگەیەکی سیاسی یان ئاراستەیەکی سێکسی جیاوازیان هەیە جیا دەکەمەوە.

ئەم سیفەتانە وامان لێدەکەن کەسایەتییەکی جیاواز و سەربەخۆمان هەبێت، بەڵام لە شەڕی شوناس و دڵسۆزیدا جەنگاوەرێکمان لێ دروست دەکەن کە تەنانەت ئەگەر بە ئاگاییەوە بشمانەوێت، ناتوانین لێی دەرباز بین. ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی ئێمە "کێین و چین" و "کێ و چی نین"، سەرنێزەی تایبەتمەندیی ناسنامەکەمان تیژتر کردووەتەوە. ئەم دڵنیابوونە لە خۆمان لە ڕێگەی سنووردارکردنەوە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە، گفتوگۆ، کار، پەروەردە، هیوا و ترسەکانمان هەیە. ڕەگی ڕق و کینەی ڕەگەزپەرستی لەم دابڕانەی نێوان ئێمە و ئەوانیتردایە. ڕەگەزپەرستی ئاشکرا و ئەگەری توندوتیژی

تەنیا ئەو زێیدەڕەوییەیە کە ئێمە ڕۆژانە بە ئاگاداری یان نائاگاپی بیری لێدەکەینەوە و بەڕێوەیدەبەین. تەنانەت من و تۆش، کە ڕەنگە سوێندی مردن بخۆین کە ئێمە هەموو شتێك هەین، بەڵام ڕەگەزپەرست نین!

نموونەیەکی ساکار: کاتێک لایەنگرپی تیمێکی تۆپی پێ دەکەی، دەتەوێت ئەو تیمە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، تەنانەت ئەگەر یارییەکی خراپیشی کردبێت. بە شێوەی ئۆتۆماتیك هاوسۆزی بۆ یاریزانەکانی خۆت و دژایەتی بۆ ئەوانەی لە تیمی بەرانبەردان پەرە پێدەدەیت. خۆشگوزەرانیمان وەک لایەنگرێك بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی تیمەکەمان. تۆ دەتەوێ گۆڵ لە تیمی بەرانبەر بکەیت، بەڵام ناتەوێ ئەوانیتر گۆڵ لە تیمی تۆ بکەن. تۆ فاوڵ دەکەیت، بەڵام ناتەوێت فاوڵت لێ بکەن. خەڵک هاوار دەکەن و سوێند دەخۆن و جنێو دەدەن. مرۆڤ دەقیژێنن، سووکایەتی دەکەن و تووڕە دەبن. ئایا هەست بە باشتر بوون دەکەیت کاتێک بەهای کەسانی تر کەم دەکەیتەوە یان شکستی پێدەهێنیت؟ یاری تۆپی پێ ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات ئەو هەستە کۆنانە دەربڕن کە لە جیهانێکی شارستانیدا جێگەیان بۆ نەماوەتەوە. لە سنگت دەدەیت، چێژ لە کۆمەڵی هاوبیر وەردەگریت و سروودێک دەڵێیتەوە کە سروودی شەڕەکانت بیردەخاتەوە. لە

چوارچێوەی کولتوری لایەنگریدا، کولتوری کۆن و خێڵەکی، پیاوسالاری و توندوتیژی دووپاتکەرەوە بە شێوەیەکی دیاریکراو بووژانەوەیەک ئەزموون دەکات. بارودۆخێکی خو و خدەی کۆن سەرهەڵدەدات کە کراوەیی، لێبوردەیی، سەبووری و ڕاستگۆیی سیاسی بۆ ساتێک لەبیر مرۆڤ دەباتەوە.

گەشەسەندنی پەروەردە، ئەخلاق، فەلسەفە، بیرکردنەوە و وێنەی خۆمان و وێنەی ئەوانی دیکەی پاڵاوتە و شارستانی کردووە. کۆڵەکە کۆنەکانی ناسنامەی کلاسیک - خێڵ و دواتر نەتەوە، ئایین و پیاوسالاری لەلایەن مۆدێرنیتەوە ڕێژەیی کراون و لە شوێنی خۆیان دانراون. لە لایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم و ڕەگەزپەرستی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ جیهانبینی کۆن و ناسنامەی ڕەش و سپی و ڕۆڵی ڕەگەزی تەقلیدی. ئەوان بۆ ئەو پیاوە سپی پێستە لێدراوە بانگەوازی غەریزە کۆنەکان دەکەن کە لە پلەی یەکەم تامەزرۆی وەرگرتنەوەی ناوچە کۆنەکانی پێشووی خۆیەتی.

بەڵام ئەگەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەهۆی فاکتەر و هۆکاری ژێنێتیکی، کولتووری و پەروەردەییش دیاریکرابێ، هیچ کەس یا هێزێک پێشوەختە بۆی دیاری نەکردووە، یان بانگەوازی بۆ نەکردووە کە دەبێ ڕەگەزپەرست بێت.

یەکێک لەو توانایی یاخود لێهاتوویيانەی کە مرۆڤ لە "ئاژەڵەکانیتر" جیا دەکاتەوە، توانایی بیرکردنەوەیە. ئەو لێهاتوويیە وامان لێدەکات دیواری سنووره بایۆلۆژی، کولتووری و دەروونییەکانمان تێپەڕێنین. ڕۆشنگەری بارودۆخێکی بۆ گونجاو کردوین، خاڵە لاوازەکان بناسین کاتێک ناسنامە تەنیا لەسەر بنەمای بنەچە، نەتەوە یان ئایین دامەزرابێ. مێژوو فێری کردووین توانایی پشکنینی هەڵسوکەوتەکانمان هەیە و ئەگەر پێویست بێ بتوانین ڕاستیان کەینەوە. دووسەد ساڵ لەمەوبەر کۆیلایەتی لە جیهاندا شتێکی باو و ئاسایی بووە. دژبەرانی کۆیلە لەو سەردەمەدا کاتێکی سەختیان بەسەر بردووە، نەک هەر تیۆریستەکان بەڵکو تەنانەت فەیلەسوفەکانیش دژی ئەو سیستەمە بوون. ئیمانوئێل کانت لە کتێبی "جۆگرافیای فیزیکی"دا لە ساڵی ١٨٠١ گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە: "مرۆڤایەتی لە مەزنترین تەواویيەتی خۆیدا لە ڕەگەزی (کذا) ی مرۆڤی سپی پێستدایە. سوورپێستە ڕەسەنە ئەمریکیە زەردەکان لێهاتوويیەکی کەمتریان هەیە. ڕەشپێستەکان زۆر نزمترن و بەشێک (کذا) لە گەلانی ئەمریکا لە نزمترین ئاستدان." ئەو گوتەیە لە لایەن مرۆڤێکی وەك کانتەوە دەگوترێ کە بنەمایەکی بنەڕەتی کردەوەی ئەخلاقیی دامەزراندووە.

تەنانەت هەندێک لە هاوچەرخ و شوێنکەوتووانی دژی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی کانت گوتویانە، "کۆیلە" ژیانیکی سەختی دەبێ ئەگەر لەم جیهانەدا ئاغایەکی بەسەرەوە نەبێت کە خۆراك و تەندروستی بۆ دابین بکات. ئەمڕۆ کەس ناتوانێت بە ئارگیومێنتی لۆژیکی بەرگری لە کۆیلایەتی بکات. ئەو کاتە ئارگومێنتەکان لۆژیکی بوون، چونکە نوێنەری جیهانبینی ئەو سەردەمە بوون. نوخبەی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە، بە یارمەتی زانست، پاساوی تیۆری و ئەخلاقییان بۆ دابین دەکرد کە بۆچی چەوساندنەوەی توندوتیژانەی بەشێکی گەورەی جیهان و بەو هۆیەوە گروپە نەتەوەییە بێشومارەکان ڕەوایە.

لەو کاتەوە زۆر شت ڕوویداوە. بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ئەم بیرۆکانە تا ئێستاش لەناو هەناوی تاقمێکدا ماوەتەوە و درێژەی هەیە. ڕەگەزپەرستی ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک تەنیا یاخیبوونی ناسنامەیەکی سەرەتایی و کۆن نییە. ئەویش زیاتر گەشەی کردووە و تەنانەت ئەگەر نەتوانێت نکۆڵی لە بنەچەی خۆی بکات، تا ڕادەیەك خۆی لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی مۆدێرن گونجاندووە.

## تێزی چوار : "ترس" و "خۆنزمکردنی کەسی"، هێزی بزوێنەری ڕەگەزپەرستیین

من خۆم زۆر لە سەرەتای ژیانمدا ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی بوومەوە، زۆر پێش ئەوەی شوێنی ژیان و زێدی خۆم لە میسر بەجێبهێڵم. لە هەموو ئەو وڵاتە عەرەبییانەی کە لەو کاتەوە سەردانیانم کردووە، ڕەگەزپەرستی بەرانبەر بە هەندێک گروپ یان نەتەوە بەشێکی گرنگی ناسنامەی ناوخۆییە. لە ئەمریکا و ژاپۆن هەم ڕەگەزپەرستی پێکهاتەیی و هەم ڕەگەزپەرستی ڕۆژانەم ئەزموون کردووە. هەروەها شایەدی جۆرە جیاوازەکانی ڕەگەزپەرستی بووم لە ئاڵمانیا. هەندێک کەس بە ئاشکرا باسی دەکەن، هەندێکیتر پێیان باشە بێدەنگ بن. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، دەمتوانی ئەو ترسە ببینم کە لە پشت ئەو هەستە باڵادەستییەوە وەستاوە کە ڕەگەزپەرستێک بەسەر قوربانییەکانیدا هەستی پێدەکات. ئازار و بێدەسەڵاتی ئەوان لە ئەزموونی بە ئێش و ئازاری خۆمەوە دەناسم.

کاتێک منداڵ بووم لە گوندێکی میسری دەژیام، لە پۆلەکەمدا سێ خوێندکار هەبوون کە بەردەوام جیاکارییان

لەگەڵ دەکرا. یەکێکیان منداڵێکی کۆچەر(عەشایەری) بوو کە بەهۆی زاراوەی زمانەکەیەوە لەلایەن منداڵەکانیترەوە گاڵتەی پێدەکرا و زۆرجار لەلایەن مامۆستاکانەوە لێی دەدرا چونکە بەردەوام خۆی تەڕ دەکرد. مامۆستاکانیش هۆکاری توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن بەو مرۆڤەیان لە قورئاندا دەدۆزییەوە. جارێکیان لە کوڕەکەیان دابوو، مامۆستا لە جیاتی پشتیوانیکردنی ئایەتێکی قورئانی هێناوە: "عەشایرییەکان زیاتر خۆیان بە کوفر و دووڕوویەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ(لە عەرەبە نیشتەجێبووەکان) خەریك کردووە و زیاتر ئامادەن ئەو فەرمانانە پشتگوێ بخەن کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی دابەزاندووە. خوای گەورە زانا و دانایە"(سوورەی ٩، ئایەی ٩٧). [مامۆستا هەژار ئەو ئایەئە ئاوا وەردەگێڕێتەوە: "عارەبی دەشتەکی لەمەڕ خودانەناسین و دووڕوویی، بێ ڕەزاترن و بۆ سنوور پێنەزانینی هەرچی خودا بۆ پێغەمبەری ناردووە، کۆڵێترن. خودا زانای لە کارزانە."]

خوا دەزانێت، بەڵام منداڵەکە نەیدەزانی بۆچی ئەوەندە ڕقیان لێیەتی. محەمەد حوکمی خۆی لەسەر عەشایرییە عەرەبەکان و لەگەڵ ئەوانیشدا جولەکە و مەسیحییەکان وەک کافر - ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەرکردوە. زۆرێک لە

موسڵمانان تەنانەت لەمڕۆشدا ئەم سیفەتانەی پێغەمبەر بە گشتی بە ڕەوا دەزانن.

منداڵەکەیتر کە قیبتییەکی مەسیحی بوو، بەهۆی ئایینەکەیەوە ئازاری زۆری دەکێشا. ڕۆژێك هاوپۆلەکانی خاچەکەیان لە ملی ڕاماڵی و چەندین جار لێیاندا و ناچار بە دووپاتکردنەوەی سەردانەواندن بۆ ئایینی ئیسلامیان کرد. ئەو لە کاتی پشوودا لە ڕاکردن و یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانی دیکە بێ بەش و دوورخرابووەوە، چونکە موسڵمان نەبوو.

منداڵی سێیەم خۆم بووم. بەهۆی ڕەنگی پێستمەوە بێبەش کرابووم. من لە هەموو خوێندکارەکانیتر کاڵتر بووم. دایکم خەڵکی قاهیرە بوو، باوکی و هەندێک لە خوشک و براکانی چاویان سەوز بوو. برا بچووکەکەشم چاوی سەوزە. بەهۆی سپیبوونی پێستمەوە لە قوتابخانە پێم دەگوترا "کوڕی خاچپەرستان". بەگوێرەی ئەفسانە، میسری چاو سەوز و پێستی سپی، نەوەی ئەو ژنانەن کە لەلایەن خاچپەرستەکانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر کە لە سەدەی ١٣دا هێرشیان کردە سەر میسر. بەهۆی پێستمەوە ناوی کیژیان لەسەردانابووم و هەر دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتایە، ئازاریان دەدام و تووڕەیان دەکردم. من هیچیترم نەدەویست جگە لەوەی پێستم ڕەشتر بێت بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێم یان لانیکەم چیتر لەلایەن

منداڵەکانیترەوە ئازار نەدرێم. ئەو چەشنە خۆ ڕەتکردنەوەیە، جێپەنجەی قووڵی لەسەر من بەجێهێشتووە و تا ئەمڕۆش لە یەخەم نەبۆتەوە.

هەر بۆیە زۆر باش دەتوانم تێبگەم کە مرۆڤ چەندە دەتوانن بێدەسەڵات بن کاتێک بەهۆی ڕەنگی پێستیان، نەتەوە یان ئایینەکەیانەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ، ئازاربدرێن و دووربخرێنەوە. دەتوانم هاوسۆزی بێدەسەڵاتی و بێدەنگی ئەوان بم؛ هەروەها دەتوانم تێبگەم بۆچی هەندێک لە قوربانیانی ڕەگەزپەرستی ناسنامەی خۆیان بە وردی لە دەوری ئەم ئەزموونانەی ڕەگەزپەرستی بنیات دەنێن و خۆیان لەگەڵ بۆچوون و باوەڕی کەسانی دیکەدا پێناسەدەکەن.

بۆ ئەوەی بتوانین قوربانییەکان لە تاوانباران بپارێزین، دەبێ هەوڵیش بدەین خۆمان بخەینە ناو چوارچێوە و ڕوانگەی بیروبۆچوونی ئەوانەوە. پاڵنەریان چییە، هۆکاری ڕق و کینەیان چین، چ وێنەیەکیان لە خۆیان و ئەوانی تر هەیە؟ ئایا ئەوان تەنیا ئەهریمەنێکی دڕندەن؟ یان مرۆڤێکی هەژار و کەسانی بێ متمانە بەخۆن کە تەنیا ئەوکات تووشی مرۆڤێکی لەخۆیان لاوازتر دەبن هەست بە هێزێکی زۆر دەکەن؟

لە تەمەنێکی زۆر زوودا ناچار کرام ئەو پرسیارە لە خۆم بکەم بۆچی منداڵان دەتوانن ئەوەندە تووڕە و خراپ بن. بە تێپەڕبوونی کات بۆم دەرکەوت ئەوانەی ئەشکەنجە و سوکایەتی و لێدانیان بەسەر ئەو سێ کەسەمان داهێنا، منداڵی بێمتمانەبەخۆ بوون. بەردەوام لەلایەن دایک و باوکی خۆیانەوە لێیان دەدرا و سووکایەتییان پێدەکرا. بەردەوام پێیان دەگوترا هیچ کارێکیان لەدەست نایە و بەکەڵکی هیچ شتێك نایەن. لەماڵەوە فێربوون توندوتیژی و سووکایەتیکردن یەکەم هەڵبژاردەیە بۆ لابردنی ناکۆکیی یان چارەسەرکردنی کێشەیەك. سەرەڕای ئەوەش، کەشوهەوای ترس لە خودی قوتابخانەکەشدا هەبوو. لە مامۆستاکان دەترسان. ڕێگەیان پێنەدرابوو بۆچوونی خۆیان هەبێت و هەرگیز فێری دانوستان نەبوون. نەیاندەزانی فرەچەشنی و لێبوردەیی مانای چییە. لە قوتابخانە یان لە ماڵەوە هانیان نەدەدان هاوسۆزی کەسانی دیکە بن، بەڵکو بە شێوەیەك پەروەردە کرابوون کە متمانەیان بە خۆیان و کەسانی دیکە نەبێت. لە دەرەوەی خێزان و ژووری قوتابخانە، دەیانویست بە هەڵسوکەوتی تووڕەیی و بێڕێزیکردن بەسەر ئەو کەسانەی کە جیاواز بوون و نەیاندەتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن، بەسەر ترسەکەیاندا زاڵ بن. من خۆم بۆ ماوەیەکی زۆر خۆڕاگریم لەهەنبەر ئەو چەشنە سووکایەتی و

ئازارانە کردووە. تەنیا کاتێک بە چەقۆ هەڕەشەم لێکردن، وازیان لە سوکایەتیکردن بە من هێنا.

باوک و مامۆستاکان ترسی خۆیان بۆ ئێمە دەگواستەوە کە لە پشت توندوتیژیەکانەوە خۆیان شاردبۆوە. بەڕای من تێگەیشتن و ئاشکراکردنی ئەو زنجیرە ترس و توندوتیژییە زۆر کاریگەرترە لەوەی تەنیا لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئیدانەکردنی کردەوەیەکی ڕەگەزپەرستانە بکرێ. لەوەش گرنگتر ئەوەیە قوربانیانی ڕەگەزپەرستی بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی وێنەی خۆیان لەسەر بنەمای ئەو سیفەتە دەرەکییانە بنیات بنێن کە جیاوازی لەگەڵ ئەو وێنانە هەبێ وا لەلایەن کەسانی ڕق لێبووەوە دروست کراون. ناسینی لاوازییان دەتوانێ هەنگاوی یەکەم بێت. هەروەها بێگومان دەبێ هاسانکاری بۆ قوربانیانی ڕەگەزپەرستی بکرێ کە دەستیان بە دامەزراوە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان ڕابگات تا بتوانن فێری دادپەروەری بن. گرنگە تێبگەن کە زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە و یاساش لە بەرەی ئەواندان، هەرگیز نابێ ڕێگە بدەن جیهانبینی و وێنەی خۆیان لە ڕێگای ئەو مرۆڤە هەژار و لاوازنەوە پێناسە بکەن.

ئەوەی لە تەمەنی منداڵیدا بە قەبارەیەکی بچووک ئەزموونم کردووە، لە قەبارەیەکی گەورەدا تەواوی وڵاتان دەگەیەنێتە سنووری وێرانبوون. بۆ نموونە لوبنان بەهۆی

ڕەگەزپەرستییەوە لەناوچووە. ئەو وڵاتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی ١٨ گروپی ئایینی و نەتەوەیی جیاوازە کە لە شەڕێکی دڕندانەی ناوخۆی نێوان ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ١٩٩٠ دا دژی یەکتر توونا کراوە. کۆمەڵکوژییەکی ترسێنەری مەسیحییەکان و فەلەستینییەکان بەڕێوەچوو کە نزیکەی ١٠٠ هەزار کوژراو ی لێ کەوتەوە و ٨٠٠ هەزار کەسیش بەرەو دەرەوەی وڵات ڕاوەنران.

هەر گروپێک وەشانێکی تایبەتی خۆی هەیە کە چۆن شەڕەکە دەستی پێکردووە و چۆن بەڕێوەچووە. دیارە لە وەشانی تایبەت بە خۆیاندا (بێگومان) تەنیا ئەوانی دیکە ڕەگەزپەرست و دەستدرێژیکار بوون. شەڕەکە لەبەر ئەوە نەبوو کە لایەنێک بە تایبەتی بەهێزتر لەویتر بووبێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەر لایەنێک لە لایەنەکەیتر دەترسا و تەنیا چاوەڕوانی هەڵسوکەوتی خراپترینیان لە یەکتر دەکرد. هیچ کام لەم ناسنامانە بەبێ سنووردارکردنی ئەوانیتر، بیریان لێنەدەکرایەوە و پێکنەدەهاتن.

من خۆم لە دایک و باوکمەوە فێربووم کە مەسیحییەکان دەیانەوێت بمانکوژن و خاکەکەمان داگیر بکەن. خۆم شاهید بووم باوکم تفەنگی لە شان کرد و تەقەی لە گوندە مەسیحییەکان کرد. دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لێم پرسی ئایا ئەوکاتە کەسێکی کوشتووە؟ لە وەڵامدا گوتی: "نازانم".

هاوڕێیەکم کە سەر بە کەمینەی دروزەکانە لە لوبنان پێی وتم: "هیوادارم کەسی نەکوشتبێ".

مەسیحییەکانیش بەتەواوی هەمان شت لەبارەی شیعە و فەلەستینی سوننە بیر دەکەنەوە. ماوەی ٣٠ ساڵە شەڕەکە کۆتایی هاتووە، بەڵام وڵاتەکە نەیتوانیوە هێشتا دەوڵەتێکی کارا بنیات بنێت. بەردەوام ململانێکان دووبارە و سێبارە هەڵدەگیرسێن و هەندێکجاریش لە لایەن هێزە بیانییەکانەوە هان دەدرێن. دۆخی ئابوری وێرانە و دەست لەکارکێشانەوەی بەردەوامی مرۆڤە بەرپرسیارەکان لە حکومەتدا دووپات دەبێتەوە. بە پێچەوانەی زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکەی ناوچەکە، لوبنان سیستەمی فرەحزبی هەیە. کورسییەکانی ناو پەرلەمان دەبێت بە پێی پرەنسیپی یەکسانی نەتەوە و ئایینەکان پڕبکرێنەوە، واتە هەموو گروپە ئایینی و نەتەوەییەکان نوێنەرایەتیان هەبێت لە پەرلەمان و لە وەزارەتەکاندا. ئەو سیستەمە لە یەکەم نیگادا گەلێك دادپەروەرانە دەنوێنێ، بەڵام گروپە جیاوازەکان ڕێگری لە یەکتر دەکەن، بەجۆرێک کە بڕیارە پێویستەکان دوادەکەون یان بە هیچ شێوەیەک بەڕێوەناچن. هاوکاری پێویستی بە متمانەیە؛ بەڵام متمانە بوونی نییە چونکە ترس و ناڕەزاییە کۆنەکان هێشتا لە هەموو شوێنێک زیندوو ماون.

ئەم هەڵسوکەوتانە تەنیا سیاسەت ناگرێتەوە، بەڵکو خودی دانیشتوانیش دەگرێتەوە. هاوڕێیەکی شیعەم کە پرۆفسۆری زانکۆیە، باسی نانخواردنی ئێوارەی بنەماڵەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکی بۆ کردم. کاتێک کەمێک پێش نیوەشەو هاوڕێکەی گەڕایەوە ماڵەوە، دایکی پرسیاری کردووە، ئەم هاوڕێیەی تۆ سەر بە چ ئایینێکە؟ کاتێک زانیویە کە دروزە"Druse"، دایکەکە لەسەر کورسی دانیشتنەکەیەوە بازێکی داوە و بە پەرۆشەوە دەستی کردوە بە خاوێنکردنەوەی نەک هەر هەموو ئەو دەفروئامانانەی میوانەکە دەستی لێدابوو، بەڵکو هەموو مۆبل و کورسیی ناوماڵەکەش. بەردەوامێش داوای لێخۆشبوونی لە خودا کردووە.

کاتێک هاوڕێکەم ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە، فرمێسك لە چاوەکانیدا کۆببوونەوە. بە ناهومێدیەوە پرسی: "چۆن مرۆڤ هیوای ئەوە دەخوازێت کە ئەم وڵاتە جارێکی دیکە ببێتە وڵاتێکی ئاسایی لە کاتێکدا ژنێکی میهرەبانی وەک دایکم ئەوەندە ڕق و کینەی لە خۆدا ڕاگرتووە؟ ڕق و کینەی نێوان "شیعە" و "دروز" هۆکاری ئایینی هەیە. هەر لایەنێک، لایەنەکەیتر بە بێباوەڕ، و کافر دەزانێ. هەروەها هەرکام خۆیان بە خاوەندارێتی باوەڕی ڕاستیەقینە دادەنێن.

کەمێک دڵنەواییتر ئەو چیرۆکە بوو کیژێکی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە کە دایک و باوکی، مەسیحییەکانیان وەک گەورەترین مەترسی دەبینن. لەو لاشەوە دایک و باوکی وێنەیەکی زۆر باشیان لە جوولەکەکان هەیە، چونکە سەربازە ئیسرائیلییەکان لە کاتی شەڕدا بە ئۆتۆمبێلی سەربازی خۆیان دایکی دووگیانیان بۆ زایین بۆ نەخۆشخانە گواستۆتەوە.

هەموو ئەم چیرۆکانە پیشان دەدەن چۆن ڕق و ڕەگەزپەرستی لە ڕێگەی زانیاریی هەڵە و تۆمەتبارکردنە کۆنەکانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە کە هەرگیز پرسیاریان لەسەر نەکراوە. بەڵام ئەوەش پیشان دەدەن کە چلۆن پەیوەندیی ئینسانی نێوان "ئەم" و "ئەویتر" دەتوانێت دوژمنێک بکاتە دۆستێکی یارمەتیدەر.

بێگومان بارودۆخی لوبنان ناتوانرێت لەگەڵ بارودۆخی ئاڵمانیا بەراورد بکرێت. سەرەڕای ئەوەش ساڵانێکە لێرەدا جیاکاری لایەنە جیاوازەکان دەبینین، هەر لایەنێک بۆ ناو چوارچێوەکەی خۆی پاشەکشە دەکات. بۆ بەریەککەوتنی هاوتەریب بەزەحمەت شوێنێک دەبینرێ مرۆڤ بتوانن بیرۆکەیانی تێدا ئاڵوگۆڕ بکەن و یەکتر بناسن. ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ "بێگانە" نەبێت، بێمتمانەیی گەشە دەکات، تۆمەتە کۆنەکان دەچەسپێن و لە کۆتاییدا هەر

لایەنێک ئەوی دیکە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ناسنامەی خۆی دەبینێت. بازنەیەکی ترس پێکهاتووە کە گەلێك سەختە بشکێنرێت و لە مێژە ژیانێکی تایبەتی سەربەخۆی بۆ هەر لایەنێك لە چوارچێوەی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە. هەموو کەسێک لە هەموو لایەنێك دەترسێ. چەپ لە ڕاست، ڕاست لە  کۆچبەران و مرۆڤی پەنابەری بیانی. کۆچبەران هەڵسوکەوت، خو وخدە، داب و نەریت و ناسنامەکەیان لە ڕێگا و ڕوانگەی چەمکە ئەخلاقیەکانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی ئازادەوە پەرەپێدەدەن، لەولاشەوە مەترسی بۆ ناسیۆنالیزمی قەومی کۆمەڵگا سەرەکییەکە دروست دەکەن. مرۆڤ چیرۆکی هەڕەشەکەر و مەترسیدار لەبارەی یەکترەوە دەگێڕنەوە، بەڵام بەزەحمەت قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن. هەروەها هەر لایەنێک گلەیی لە ڕەگەزپەرستی یان ناسیۆنالیزمی ئەویتر دەکات، کەچی لەناو ڕیزەکانی خۆیدا چاوی لە ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزم دەپۆشێت.

## تیزی پێنج: ڕەگەزپەرستەکان هەمیشە ئەوانیترن

لەو کاتەوە میسرم بەجێهێشتووە گەشتم بۆ وڵاتانی بێشومار کردووە و لە هەموو سەفەرەکانیشمدا ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی بوومەتەوە. من لە وڵاتانی دیموکرات و ئازاد هەروەها لە سیستەمی دیکتاتۆریدا ئەزموونی ئەو دیاردەیەم کردووە. ئەزموونی ئەو ڕەگەزپەرستییەم کردووە کە بە درێژایی هێڵی ئایینی و نەتەوەیی و لە ئاراستەی ئەواندا دەڕۆیشت، کە لەسەر بنەمای ململانێی مێژوویی، و زۆر فاکتەریتر پێکهاتبوو.

بەڵام دژوارترین سەفەرم، ئەو گەشتە بوو کە بۆ ناو خۆمم کرد. بۆ دانپێدانان بەوەدا کە کەسێکی وەک من کە خۆی بووەتە قوربانی ڕەگەزپەرستی، دەتوانێ ڕەگەزپەرستیش بێت؟ تەنانەت هەنگاوەکەم ئەوەندە بەرز دەنێمەوە کە بڵێم لە هەر یەکێک لە ئێمەدا – تەنانەت لە دژە ڕەگەزپەرستییەکی سەرسەختیشدا – بڕێک تایبەتمەندیی ڕەگەزپەرستی هەیە کە تەنیا لە کاتی گونجاوی خۆیدا چاوەڕێی سەرهەڵدان دەکات. هەندێک جار ئەو ڕەگەزپەرستە پاسەوانی ناسنامەی ئێمەیە. دیارە ناسینەوەی

زۆر هاسان نییە. بەڵام خۆبەدەستەوەدان لەبەردەمیدا بە بڕوای من یەکێکە لە گەورەترین شکستەکان کە مرۆڤ دەتوانێت لە ژیانیدا ئەزموونی بکات. هەر بۆیە زۆر گرنگە تەنیا قامکمان بۆ سەر کەسانیتر ڕانەکێشین و تەنیا ئاماژە بە ڕەگەزپەرەستی کراوە و ئاشکرا نەکەین. ئەگەر خۆمان بە باشی بپشکنین، تێبینی ئەوە دەکەین کە چەشنە کۆنەپەرستییەك لە سەرماندا دەسوڕێتەوە و بە تاوانبارکردنی مرۆڤیتر خۆمان بە دادپەروەر پیشان دەدەین.

بڕیاری پێشوەختە بەشێکن لە دەروونی ئێمە. یارمەتیمان دەدەن بە خێراپی دۆخەکان ڕێکوپێك بکەین. میکانیزمێکن کە مێشکمان بەکاری دەهێنێت بۆ کاردانەوە بەرانبەر ئاڵۆزییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان. لەبەر ئەوەی بەردەوام زانیاری زۆر ئێمە و مێشکمان بۆردومان دەکەن، بە شێوەیەك دەبێ هاسانکاری بۆ بکەین. ڕێکوپێک کردنی ئەرکەکان لە سەرەتادا لە ئاستی مەعریفیدا ڕوودەدات. سیفەتەکان دیاری دەکەین و ئاوێتەی چەشنە کۆنەپەرستییەکی دەکەین کە لەناو دەروونماندا خۆی حەشار داوە. لە ئاستی سۆزداریدا، ئەم چەشنە چەقبەستووانە بە دوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی بە هەستەکانمانەوە دەبەستینەوە. ئەوەش لەکۆتاییدا دەتوانێ ببێتە هۆی جیاکاری یان تەنانەت توندوتیژی لە ئاستی ڕەفتاردا. ئاستی ڕەفتاریی ئەو ئاستەیە

که زۆرترین کۆنترۆڵمان لەسەریەتی و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە پشکنینی کردار و بیرکردنەوەکانی خۆمان.

ئێمە هەمووومان بارێکی قورس لەگەڵ خۆمان هەڵدەگرین کە ناوەڕۆکەکەی سەرەتا خۆمان هەڵمانەنەبژاردووە. ئێمە هەمووومان بە پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتیمان، بە ترس و نائەمنیەکانمان سنووردار کراوین. ئەم نادڵنیاییەش پەیوەندی بە شێوازی سەیرکردنی خۆمان و ئەو داواکارییانەوە هەیە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. هەندێک جار بەو هۆیانەوە لە دەروونماندا تێکدەڕووخێن و زۆرجاریش کەسانی دیکەی پێ تاوانبار دەکەین.

ئەو دایکوباوکانەی منداڵەکانیان بە بێ متمانە بە خۆیی و متمانە بەکەسانی دیکە پەروەردە دەکەن، بەبێ ئەوەی بزانن بەستێنێك ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان دواتر یان خۆیان ببنە ڕەگەزپەرست یان بە هاسانی ببنە نێچیری ڕەگەزپەرستەکان. لەو خێزانانەی کە منداڵان فێری متمانەی بنەڕەتی ناکرێن و شەڕەنگێزی تێیاندا پەروەردە دەکرێ، مەترسی ئەوە هەیە کە منداڵەکان لە شوێنێکدا بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن، خۆیان لەگەڵ ئەم هەستە شەڕەنگێزییەدا پیناسە بکەن. ئەوان هەمان ئەو توندوتیژییەی پێشتر بەسەریاندا کراوە، بەکاردەهێنن. لە دەروونیاندا ڕەگی ڕق و کینە، بەرانبەر بە خۆی و ئەوانیتر

دەچێنرێ، کاتێک ئەم ڕق و کینە ڕووبەڕووی هەندێک بڕیاری پێشوەختە یان ئایدۆلۆژیا دەبێتەوە، ڕێگایەک بۆ کەناڵکردنی هەڵسوکەوتی خۆی دەدۆزێتەوە.

کاتێک دایک و باوک هەستی بەنرخبوونی ئینسانی باش لە منداڵەکانیاندا دەچێنن، هێزی بەرگرییان لە بەرانبەر هەردوو ڕەگەزپەرستی و ئەگەری سووکایەتی ڕەگەزپەرستانە بەهێزتر دەکەن. ڕەگەزپەرستان ئەوکات دەتوانن بە تایبەتی ئازارمان بدەن کە شوێنی پێشتر تێکشکاومان هەبێ یان هەستی متمانەمان تێدا لاواز بێ.

هەرچەندە من پێم هەڵە بوو کە کوڕە عەشایرییەکە و قیبتی مەسیحی لە قوتابخانەدا بەهۆی پاشخانی نەتەوەیی و ئایینییانەوە لێیاندرا و زەلیل کران، بەڵام هەرگیز نەمتوانی هاوڕێی ڕاستەقینەشیان بم. جارێک هاوپۆلی مەسیحیم بانگێشتنی کردم بۆ ماڵەکەیان. لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتم و نەمدەتوانی هیچ بخۆم چونکە جارێک دایکم پێی وتبووم کە مەسیحییەکان بۆنیان لێدێ و ڕێوڕەسمی سەیر و سەمەرەیان لەگەڵ خواردندا هەیە و خاچەکانیان لەناو ناندا دەشارنەوە. ساڵانێک دواتر کاتێک ئەزموونێکی خراپم لەگەڵ کوڕە عەشایرییەکە لێ پەیدابوو، ئەو ئایەتەی قورئان هاتە بەرچاوم کە دەڵێت عەشایر دووڕوو و درۆزنن.

وەک خوێندکاری زانکۆ لە قاهیرە لە بنکەیەکی گەشتیاری لە فڕۆکەخانە کارم دەکرد. ڕۆژێک پیاوێک هاتە ژوورەوە کە (ئامێری مۆسیقای عەرەبی عود)ی پێ بوو. پیاوێکی گەلێك ڕێك و پێك و جوان بوو، بە ئینگلیزی زۆر باش ئاخافتنی دەکرد و زۆر قسەخۆش بوو. ئەو چەند خولەکەی بۆ گەڕان بەدوای ئەو گەشتەدا کە دەیویست بۆ لوکسۆر "Luxor" و ئەسوان "Assuan" بیکات، کاتێکی خۆشمان پێکەوە ڕابوارد و زۆر پێکەنین. کاتێک بلیتی سەفەرەکەم بۆ جێبەجێ کرد، عودەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە ژەنینی. ئاوازەکەم لا زۆر ئاشنابوو، بەڵام نەمدەتوانی لەو زمانە تێبگەم کە گۆرانی پێ دەگوت. دەنگی خۆش بوو و زۆر بە هەستەوە دەریدەبڕی.

کە تەواو بوو، لێم پرسی گۆرانییەکەت بە چ زمانێک دەخوێند؟ لە وەڵامدا وتی عیبرییە. دواتر بۆی گێڕامەوە کە ئەو جولەکەیەکی یەمەنە و لە منداڵییەوە لە ئەمریکا دەژی. ئێستاش لە ڕێگادایە بۆ ئیسرائیل و بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا لە فڕۆکەخانەی میسر وەستانی هەیە. زۆری حەز لە مۆسیقای میسرییە و تەنانەت تاقمێك لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژی ئەفسانەیی "ئوم کولثوم"ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عیبری و ئینگلیزی. بە پێکەنینەوە وتی: هاوڕێ

جولەکەی ئەمریکا و ئیسرائیلم ئەم گۆرانیانەیان زۆر پێخۆشە.

بەزەحمەت گوێم لە ئاخافتنەکانی ڕادەگرت، کاتێک گوێم لە وشەی "جوولەکە" و "ئیسرائیل" بوو، ئەم پیاوە قۆز و دڵخۆشە بە دەنگە گۆرانییە نایابەکەیەوە لەبەر چاوم و لە مێشکمدا گۆڕا و بوو بە مەیموونێک. پێشتر هەرگیز جولەکەیەکم نەبینیبوو، بەڵام لە قوتابخانە و لە مزگەوتدا چیرۆکی بێشومارم بیستبوو کە جولەکەکان چەندە ناشیرین و چەواشەکارن. بەڵام ئەوەی زۆرترین کاریگەری لەسەر من هەبوو، ئەزموونەکانی باوکم بوو لە کاتی شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧دا، کە لە کۆتاییدا ئیسرائیلییەکان بە شێوەیەکی وێرانکەرانە سوپای میسریان تێکشکاندبوو. باوکم لە بەرەکانی شەڕدا باشترین هاوڕێی لەدەستدابوو، خۆشی شەش مانگ ون بوو و دواتر بە دڵی شکاو و ڕق و کینەیەکی زۆرەوە گەڕایەوە ماڵەوە. هەموو ئەمانە پێش لەدایک بوونم ڕوویان دابوو. بەڵام ئەزموونەکانی شەڕ ئەو گەنجە ڕوح سووك و گاڵتەجارەی کە هەرگیز نەمتوانی بیناسم، کردبووە باوکێکی توورە و توندوتیژ کە منداڵیمی پڕ کرد لە ترس و خۆف. بەو پێیەی من نەمدەویست باوکم لەسەر ئەمە سەرکۆنە بکەم، بۆ گۆڕانکارییەکەی جولەکەکانم بە تاوانبار دانا.

ئێمە لە ژیاندا ئەو شتە دەبینین، کە بیرکردنەوەمان بۆمان دیاری دەکات، نەک ئەوەی ژیان بەڕاستی چیمان پێشکەش دەکات. کاتێک لە نوسینگەی گەشتیاری ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە، ئەو بیرکردنەوانەی کە هی من نەبوون و ئەو ئەزموونانەی کە خۆم نەمکردبوون، زۆر گرنگتر بوون لام لە هەڵسەنگاندنی کەسێك کە ئەگەر باری مێژووی عەرەبەکەم لەسەر شان نەبووایە - ململانێی ئیسرائیلی و ئەزموونە شەخسیەکانی باوکم وەک بەشێک لە ناسنامەکەی خۆم سەیر نەکردایە، ئەودەم بە چاوێکی تەواو جیاوازەوە سەیریم دەکرد. ئەم بارە ئەوەندە قورس بوو، ڕقەکە ئەوەندە قووڵ بوو، تەنانەت چاوپێکەوتنی ئەم جولەکە مرۆڤدۆستانەیە بە مۆسیقا نایابەکەیەوە، نەیدەتوانی ڕوانگەم بیگۆڕێت.

تەنانەت دوای هاتنم بۆ ئاڵمانیاش لام گەلێك گران بوو هاوڕێیەتی لەگەڵ جولەکەیەك بکەم. دۆستایەتیی لەگەڵ ئەو هەموو مرۆڤە بەنرخانم لەدەستدا تەنیا لەبەر ئەوەی جولەکە بوون. تەنیا چاوپێکەوتنێکتر دواجار ئەو شتەی گۆڕی: لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ هاوڕێیەکی میسری لە کافێ دی فلۆری "Café de Flore" پاریس دانیشتبووم. قسەی گاڵتەمان بۆ یەکتر دەگێڕاوە و باسی فیلمێکی کۆنی میسریمان دەکرد. سەرنجم دا پیاوێکی پیر لەسەر مێزەکەی

بەرانبەرمان کە سەیری ئێمەی دەکرد و بەردەوام زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو. دوای ماوەیەک بە دوودڵی هاتە لای ئێمە و بە زاراوەیەکی میسری کەمێک شکاو پرسی ئایا ئێمە میسریین؟ کاتێک زانی ئیمە لە میسرەوە هاتووین، بە زەردەخەنەیەکی خەمناکەوە وتی: "منیش میسریم". ئەوەندە هەست و سۆز لە شێوازی وتنەکەیدا هەبوو، وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆرە ئەو ڕستەیەی بە دەنگی بەرز نەگوتبێت. داوامان لێکرد لەگەڵمان دابنیشێت. زۆری نەخایاند دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی سەردەمی منداڵی خۆی لە ئەسکەندەرییە. گێڕاوەکانی بۆ ئێمە وەک سەفەرێک بوو بۆ دواوەی کات و ڕابردوو، چونکە باسی شارێکی کرد کە پێشتر نەمانبینیبوو و بە زاراوەیەکی کۆنی میسری قسەی دەکرد کە تەنیا لە فیلمە کۆنە ڕەش و سپییەکانەوە دەمانناسی. پاشان ئەو ڕستەیە هاتە دەرەوە کە دەبوو وەک شۆکێک بێت بۆ من، بەڵام سەیر لەوەدایە ئەوە وا نەبوو، گوتی:"من جولەکەم."

بە نادڵنیاییەوە سەیری ئێمەی دەکرد، وەک ئەوەی گومانی هەبێت کە ئێمە چۆن کاردانەوەمان دەبێت. گوتم" تکایە بەردەوام بە لە گێڕانەوەکانت. کابرا پێی گوتین، دوای هاتنە سەرکاری جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٥٢، ناچار بوو میسر بەجێبهێڵێت؛ پاشان جولەکەکان بەوە تۆمەتبار

کران کە هاوکاریی ئیسرائیل دەکەن. ناچار بوو هەموو شتێک بەجێبهێڵێت، ماڵئاوایی لە هاوڕێ و ئەو وڵاتە بکات کە هەمیشە بە ماڵ و نیشتمانی خۆی دەزانی. ئەو هێشتا وڵاتی میسری خۆشدەویست، وتی، کاتێک گوێی لە زمانی میسری بوو، وەک منداڵێکی بچووک دڵخۆش بوو.

ئایا دەکرێ مرۆڤ ڕق و کینەی لەهەنبەر کەسێکی وادا هەبێت؟ بۆچی لەڕاستیدا دەبێ مرۆڤ ڕقی لە کەسێك بێت؟ هەموو کەسێ چیرۆکێکی هەیە کە بە دەگمەن دەیبیستین. چیرۆکێک کە "ئەو" بە ئێمەوەی دەبەستێتەوە. ئێمەی عەرەب لە ئیسرائیلییەکان تورە بووین چونکە فەلەستینییەکانیان لە ماڵەکانیان دەرکرد. بەپێچەوانەوە ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە جولەکەی میسری، لوبنانی، یەمانی، عێراقی و تونسییەکانمان دەرکرد کە چەندین سەدە لەنێو ئێمەدا ژیابوون و کولتوور و پەروەردە و هونەری ئێمەیان بە شێوەیەکی یەکجار زۆر دەوڵەمەند کردبوو. دەرکردنی جولەکە عەرەبەکان تەنیا لە ئاستی کولتووریدا بڕینی جەستەکەیان نەبوو، بەڵکو لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیش بوو.

ئەمڕۆ ئەسکەندەرییە بە تەواوی لە دەستی سەلەفییەکاندایە - ئەو شارە کۆسمۆپۆلیتییە سەردەمانێک شوێنی یۆنانی و ئیتالی و جولەکە و ماڵتی بووە. ناسیۆنالیزمی

عەرەبی و دوای ئەویش ئیسلامیزم لە پێناو پاراستنی "جەستەی نەتەوەیی عەرەبی و ئیسلامی تەندروست" ویستیان شارەکە لە هەموو کاریگەرییە دەرەکییەکان پاک بکەنەوە. ئەنجامەکەی ئەوە بوو: ئەوانەی گوایە دەیانویست ئەم جەستە نەتەوەییە ڕزگار بکەن، بۆ هەمیشە شێواندیان. پێیان وابوو بەو شێوە جیاکاری و دوورخستنەوەیە دەتوانن ئارامی بدۆزنەوە. بەڵام ژیان بە واتای فرەچەشنیە.

زۆر سوپاسگوزار بووم ئەم جوولەکە میسرییەم لە پاریس ناسی: ئاوێنەیەکی لەبەر دەمم دانا کە دواجار توانیم ئەو ڕق و کینەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەناومدا پەرەی سەندبوو، لە بنەڕەتدا بە هەڵە بناسم و هەڵیکەنم. ئەو، لە من و هاوڕێکەمدا بەدوای پارچە نیشتمانێکی ونبوودا دەگەڕا. منیش لەناو ئەودا پارچەیەک لە میسری لەمێژە ونبووم دۆزیەوە. ئەم چاوپێکەوتنە بۆ هەمیشە هەڵوێستی منی گۆڕی. لەمەودوا نە ئایین و نە نەتەوە ناتوانێ دیاری بکات هاوڕێیەتی لەگەڵ کێ بکەم.

شتێکیتریش لەو کاتەدا ڕوویدا: چیرۆکەکەی وای لێکردم لەسەر مێژووی جولەکەکان لە جیهانی عەرەبیدا کونجکۆڵ بم. دوای ساڵێک پۆستێکم وەک زانا و پسپۆری ئیسلامی لە زانکۆی ئێرفۆرت "Erfurt" وەرگرت. لێکۆڵینەوە و

ڕاهێنانەکانم لە دەوری کاریگەریی ئایینی جولەکە و مەسیحییەت لەسەر ئیسلامی سەرەتایی دەسوڕایەوە. دوای دوو ساڵ بۆ توێژینەوەی کتێبی خوێندنی نێونەتەوەیی دەستم کرد بە کارکردن لە ئەنستیتۆی جۆرج ئێکرت "Georg-Eckert"، لەوێ کۆنفرانسی نێونەتەوەییم لەسەر بابەتی وێنەی خۆ و وێنەی ئەوانی دیکە بۆ کتێبی خوێندکار بە زمانی عەرەبی ڕێکخست. لە کۆتاییدا لە بواری مێژوو و کولتوری جولەکەکان لە زانکۆی مونیخ چالاك بووم. یەکێک لەو تەوەرانەی گەلێك ئاڵۆز و گرنگ بوو، مێژووی جولەکەکان بوو لە جیهانی عەرەبیدا. هەروەها بەم شێوەیە لەو مرۆڤەی کە تەنیا چەند ساڵێک پێشتر دژە جوولەکەیەکی سەرسەخت بوو، شارەزایەکی بە ئەزموونی مێژووی جولەکەکانی لێ دروست بوو. لە ساڵی ٢٠١٥دا خەڵاتی بەناوبانگی جۆزێف نۆیێرگەرم "Josef-Neuberger" بەهۆی چالاکیم دژی ڕەگەزپەرستی و دژە جوولەکە لەلایەن کۆمەڵگەی جوولەکەکانی دوسلدۆرفەوە پێبەخشرا.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە لەمرۆدا بەردەوام بەبێ تاوانبارکردنی پێشوەختە، کەسانی دەوروبەرم دەناسم. ئێمەئ مرۆڤ هەمووومان ڕۆژانە دەکەوینە تەڵەی بیرکردنەوەی هاندەرانەوە. بەردەوام لە لایەکەوە هەوڵی شکاندنی سنوور لەگەڵ مرۆڤەکان دەدەین

و لە هەمان کاتیشدا دیواری نوێ لەگەڵ خەڵکانی دیکە دروست دەکەین. بەهۆی ئەو کتێبە ڕەخنەگرانەیەی لەسەر ئایینی ئیسلام نووسیومە، زیاتر لە هەشت ساڵە لەژێر پاراستنی پۆلیسدا دەژیم. ئیسلامیەکان لە جیهانی عەرەبی و لە ئاڵمانیاوە بە هۆی تێزەکانمەوە دەیانەوێت بمکوژن. لەوانەیە هەر ساتێك ئەوە ڕووبدات، لەوانەشە وانەبێ.

بەردەوام، دووبارە و سێبارە هێرش دەکرایە سەرم، لەسەر شەقامی بەرلین یان لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا. تەنیا پاسەوانەکان توانیویانە ڕێگری بکەن لە ڕوودانی شتێکی خراپتر. بەهۆی ئەو جۆرە ڕووداوانە و هەڕەشە جیددیانەوە، بێمتمانەییەکم سەبارەت بە مرۆڤ لەخۆمدا پەرە پێدا کە هەر ئەوندەی کەسانێک تا ڕادەیەک ئایینی دەردەکەوتن، هەموو هەوڵی خۆم بەکاردێنا بۆئەوەی زۆر لێم نزیک نەبنەوە. بە تێپەڕبوونی کات تووشی پارانۆیایەکی ڕاستەقینە بووم کە هەندێک جار کاریگەری هەڵەی لەسەر کەسانی دەوروبەرم هەبوو.

تا ساڵی ٢٠١٩ دیسانەکە ئەزموونم کردەوە کە ئەو سێ ئاستەی لە سەرەتاوە باسمان کرد - مەعریفی، سۆزداری و ڕەفتاری - لێرەدا چەندە بە تەواوی پێکەوە کاردەکەن. لە بۆنەیەکی باس و لێکۆڵینەوە لە قوتابخانەیەکی ئامادەییدا،

لەگەڵ هەندێک لە خوێندکاران لەسەر بابەتی ناسنامە لە کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنیدا مشتومڕم لەسەر تێزەکانم دەکرد. یەکێک لە خوێندکارەکان ناوی ئێمرێ "Emre" بوو. گومانم دەکرد ئەو کەسە مرۆڤێك بێت کە زۆرترین ڕەخنە لە تیۆرییەکانم بگرێت بەو پێیەی ناوەکەی تورکی بوو. بەڵام لە کاتی گفتوگۆکەدا دەرکەوت کە ئێمرێ نەک هەر تێزەکانی منی بڵاو کردۆتەوە، بەڵکو ئامادەکاریی بۆ ئەم بۆنەیە کردووە بۆ ئەوەی هاوپۆلەکانی بتوانن ناسیاو و بەشداری تێزەکانم بن.

هەروەها لە کاتی گفتوگۆکەدا خوێندکارێکم بینی کە سەرپۆشی بەسەردادا بوو و سەرقاڵی نووسین بوو. چاوەڕوانیم دەکرد لە شوێنێکدا قسە بکات و گلەیی لەوە بکات کە تێزە دژە ئیسلامەکانم ژیانی لێ قورس دەکەن. تەنانەت ڕەنگە منیش تاوانبار بکات بەو جیاکارییەی کە بەهۆی سەرپۆشەکەوە تووشی بووە. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بەرێکەوت نەبوون، چەند جارێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانی قوتابخانە و زانکۆکاندا گوێم لە تۆمەتی لەو شێوەیە ببوو. بەڵام کیژە گەنجەکە بێدەنگ مایەوە. دوای کۆبوونەوەکە هاتە لام و وتی: " سوپاس بۆ وتارەکەتان. ئەمڕۆ زۆر شت فێربووم." پاشان وەرگەڕا و ڕۆیشت.

هەروەها من خۆشم ئەو ڕۆژە زۆر شت فێربووم. لەو ڕۆژەدا دیوارێکی بەرزی نێوان من و ئەو ژنانەی بۆ نیشاندانی ئایینی خۆیان سەر دادەپۆشن، ڕووخا. تا ئەمڕۆش بە ڕەخنەوە سەیریان دەکەم، بەڵام بیرم هاتەوە کە داپیرەم کە زۆر شتی فێر کردم، ئەویش سەرپۆشی بەسەرەوە بوو. تێگەییشتم چیتر ناتوانم ڕێگە بدەم چەند کەسێکی کۆنەپەرست و زێدەڕۆ پەیوەندیم لەگەڵ ملیۆنان موسڵمانی ئاشتیخواز تێکبدەن. ئێستا فێربووم زیاتر لێبوردو بم بەرانبەر بەو ڕەخنە نادادپەروەرانەی کە لە لایەن موسڵمانانی زێدەڕۆی ئایینیەوە لێمدەکرێت. چونکە ئەو ڕەگەزپەرستەی لە مندا بوو و چەند ساڵێک لەمەوبەر ڕقی لە جولەکەکان بوو، بیرکردنەوە و ڕەفتارێکی زۆر خراپتری دەکرد. تەنیا کاتێک مرۆڤ لە زیندانەکانی دەروونی خۆی تێدەگات، کە فێربێت جنێو بەو کەسانە نەدا کە لە زیندانی دەروونی خۆیاندا یەخسیرن.

ئەگەر هەموو ئەزموونە کەسییەکانم لەگەڵ ڕەگەزپەرستیدا بخەمە ڕوو، لیستەیەکی زۆر درێژی لێ دروست دەبێت. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوە نییە من ئەزموونم کردووە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەوکاتە چ وێنەیەکم لە خۆم و وڵاتی ئاڵمانیا هەبووە. چونکە ئەم دوو هۆکارە یەکلاکەرەوەیە بوونەتە هۆی دیاریکردنی ئەوەی ئایا من لێدوانێک یان کردارێکم وەک ڕەگەزپەرستی هەست پێکردبێ.

لە ساڵانی یەکەمی هاتنم بۆ ئاڵمانیا لە ڕادەبەدەر لە ژیانم نارازی بووم، هەستم بە نائەمنی دەکرد و ترسێکی بەهێزم هەبوو نەکا هەرەس بینم. پێش ئەوەی بڕۆم بۆ ئاڵمان باوکم پێشبینی کردبوو لە ئاڵمانیا سەرکەوتوو نابم و بە شکان و ناهومێدەوە دەگەڕێمەوە بۆ میسر. چەند ساڵ پێشتریش دایکم وێنەی ڕێپێوانێکی نیونازیەکان و سووتاندنی ماڵی پەنابەرانی لە تەلەفزیۆندا بینیبوو و ترسی ئەوەی هەبوو ئەو نازییانە بمکوژن. لە هەموو نامەکانیاندا ئاگاداریان دەکردمەوە شەوانە بە تەنیا لە ماڵ نەچمەدەر،

ترسەکانیان بوو بە ترسێکی مەزن بۆ من. خەمی دایکم و پێشبینی باوکم لە هەموو هەنگاوێکی ڕێگاکە لەگەڵمدا بوون.

لە ڕۆژێکی خراپمدا تەنیا بەهەڵە گوتنەوەی ناوەکەم لەلایەن بەرپرسێکەوە لە هەندێک دەزگا یان لەلایەن مامۆستایەکی زانکۆوە، بە ڕەگەزپەرستم هەژمار دەکردن. لە ڕۆژێکی باشیشدا بۆم گرنگ نەبوو، هەڵەکەم بۆ ڕاست دەکردنەوە و کۆتاییم بە باسەکە دەهێنا. بەڵام ڕۆژی باشم گەلێك کەم بوون. ئەو هەڵسوکەوتەم تەنیا کاتێک گۆڕا کە پێداچوونەوەم بەسەر هەڵسوکەوت و چاوەڕوانییەکانی خۆمدا کردەوە. هۆکارەکەی ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوو کە بە تەواوی بۆی ئامادە نەبووم، هەرچەندە هەمیشە بە جۆرێک چاوەڕێیم دەکرد.

٢٤ ساڵ لەمەوبەر ئێوارەیەك لە شاری مونیخ لەسەر شەمەنەفەر وەستابووم. لەناکاو پیاوێکی تەمەن پەنجاساڵە هاتە لام و بە تووڕەیی بەسەرمدا نەڕاندی: "بیانی گوو! بۆچی ناگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆت؟ لێرە چیت لە ئێمە دەوێت؟" دیار بوو پیاوەکە سەرخۆش بوو و چەشنی قسەکردنەکەی تەواو شەڕەنگێز بوو. مرۆڤەکانی دەوروبەر لە شەمەنەفەرەکەدا وەک ئەوەی هیچیان نەبیستبێت چاویان لێ دوور خستەوە.

لەو وەخت و ساتەدا وێدەچوو ترسی دایکم هاتبێتە دی. چەشنی لێدوانی شەڕەنگێزی ئەو پیاوە، ڕاست کاریگەری لەسەر ناوەندی نائەمنیەکانم کرد. ئەوە یەکەمجار بوو بەڕاستی لە ئاڵمانیا ترسام. ئەوە یەکەمجار بوو هەستم بەو باوەڕە کرد کە لە ڕاستیدا کۆچم کردووە بۆ وڵاتێکی هەڵە.

بە هەستێکی ناخۆش و بێدەنگی لەسەر کورسیەکەم دانیشتم، نەمدەزانی چۆن لە هەنبەریدا هەڵوێست بگرم. بەڵام دواتر شتێکم بیرکەوتەوە کە داپیرەم لەسەر مرۆڤی بێگانە دەیگوت: " مرۆڤی بێگانە بوونی نییە، ئەوان تەنیا کەسانێکن کە تا ئێستا قسەمان لەگەڵدا نەکردوون و نایانناسین. هەرکاتێک لە کەسێک ترسای، لێی بپرسە ناوی چییە؟ ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆ گفتوگۆ!"

سەیری ئەو پیاوەم کرد کە هێشتا بە شێوەیەکی هەڕەشەکەر لەبەردەممدا وەستابوو و شاڵێکی یانەی تۆپی پێی مونیخی "١٨٨٦"[٣] ی لە دەوری ملی هاڵاندبوو.

لە ناکاو گوتم: "من هاتوومەتە مونیخ چونکە لایەنگری تیمی مونیخی (١٨٨٦)م." چرچ وچۆڵی دەموچاوی کەمێک ساف بۆوە. پرسیاری کرد: خەڵکی کوێیت؟

گوتم: "لە میسرەوە هاتووم."

---

[٣] تیمی تۆپی پێی مونیخی "١٨٨٦" تیمی دووهەمی شاری مونیخە.

"چلۆن، هەر ئێستا؟ تیمی مونیخ (١٨٨٦) لە میسریش ناسراوە؟"

"دیارە، لایەنگرانی تۆپی پێی میسری دەزانن تیمی یەکەمی مونیخ تەنیا کۆمەڵێك ملیۆنرن کە لە لایەن خاوەنەکانیانەوە کۆکراونەوە." کابرا بە خۆشحاڵیەوە پێکەنی و خۆی خستە سەر کورسییەکەی تەنیشتم. گوتم " من ناوم حامدە. لە زمانی عەرەبیدا مانای "سپاسگوزارە". وتی: "ئەو کەسەی سوپاسگوزارە؟ باشە، باشە! "منیش ناوم یۆناسە. بەڵام پێموانییە ناوەکەم مانایەکی هەبێت." گوتم: "بەڵام! هەموو ناوێک مانایەکی هەیە. یۆناس بە واتای(کۆتر) دێت. چیرۆکی پێغەمبەر یونس لە کتێبی پیرۆز و قورئاندا هەیە و دیزانم." دواتر چیرۆکی یونسم بۆ گێڕایەوە، کە ویستویەتی خۆی لە ئەرکێکی خودا بەدوور بگرێت و کۆتاییەکەی خۆی لە زگی نەهەنگێکدا بینیوەتەوە. دوای سێ ڕۆژ و شەو نوێژ و دۆعا، نەهەنگەکە دەریداوەتە دەرەوە. ئینجا ئەرکە ئیلاهییەکەی بەجێ هێناوە. بەڵام ئیتر یۆناس وازی لە گوێگرتنی قسەکانی من هێنابوو. بۆی بەس بوو کە ناوەکەی مانایەکی هەبێت. کاتێ ویستم دابەزم، دەستی لە شانم دا و بە سەردانەواندنێك ماڵئاوایی لێکردم.

دەکرا دوای ئەم ڕووداوە بگەڕێمەوە ماڵەوە و چەند کاتژمێرێک گلەیی لە ئاڵمانییەکان بکەم و سووکایەتییان پێ بکەم، کە ڕەگەزپەرستن یان بەدەست نەبوونی ورەی ئەخلاقییەوە دەناڵێنن. لە جیاتیان بۆ ماوەیەکی زۆر بیرم دەکردەوە - نەک هەر لە هەڵسوکەوتی ئەو پیاوە، بەڵکو لە خۆم و ترسەکانم و ئەو وێنانەی لەناخۆمدا دروستم کردبوون. ئایا ئەو پیاوە ڕەگەزپەرست بوو؟ ڕەنگە نەبێت، چونکە بیانییەک ناتوانێت بە هاسانی بیری ڕەگەزپەرستێکی دڵ مردوو بکاتە گفتوگۆیەکی خۆش و ئاسایی. چیم دەربارەی دەزانی، چ بارێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و چ نائەمنییەک بەسەر ژیانیدا زاڵە. دیارە ئەوە تەواو پەیوەندیی بە منەوە هەبوو کام هەڵسوکەوت لە خۆم پیشان دەم و چۆن دۆخەکە ئارام کەمەوە.

لە دەروونمدا، بێمتمانەیی و ترسی دایک و باوکم لەگەڵ متمانە بەخۆبوونی خێرخوازیی داپیرەمدا بەربەرەکانیان دەکرد. کۆتاییەکەی بووە هۆی سەرکەوتنی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی. لەو پیاوەدا کەسێکم دەبینی کە لاوازی و ترسی تێدایە. تاکێک، نەک نوێنەری گروپێکی "ئاڵمانی"، کە کێشەیان لەگەڵ مرۆڤی بیانییدا هەبێ.

زۆرجار ڕەگەزپەرستی لەسەر نەبوونی پەیوەندی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناهاوسەنگ گەشە دەکات کە لە

ڕاستیدا لایەنێک لە سەرەتاوە هەست بە باڵادەستی و لایەنەکەی دیکە هەست بە کەمبایەخی دەکات. یان بە تەرخانکردنی ڕۆڵێکی تایبەت بۆ هەردوو لایەنەکان. زۆرجار لە هاومرۆڤەکانماندا تەنیا ئەو شتانە دەبینین، کە دەمانەوێت بیبینین یان ئەوەی لێی دەترسین. هەموو ئەو شتانەی لێی دەترسین، پەیوەندی بە ترسە سەرەتاییەکانی خۆمانەوە هەیە. ترسەکانی من – و ترسەکانی دایک و باوکم – سەرەتا لەم بەریەککەوتنەدا پشتڕاست کرانەوە. ئەو ڕەگەزپەرستەی لە مندا هەبوو ("هەموو ئاڵمانییەکان...") لەگەڵ ڕەگەزپەرستەکەی ناو یۆناس ("هەموو بیانییەکان...") لەسەر ڕێگای یەکتر قوت بوونەوە. بەریەککەوتنێک کە لەسەر بنەمای زانیاری هەڵە و بارە قورسە کولتوورییەکەی سەر شانمان ساغ ببۆوە کە نە هی من بوو، نە هی یۆناس.

ئایا تەنیا ئەو کاتەی شتێکم دۆزیەوە کە بتوانێ ئەو بە منەوە ببەستێتەوە، ئەو مرۆڤە "یۆناس" کەسێکی جیاواز ی لێ دروست بوو؟ نەخێر، کەسایەتی ئەو هێشتا هەمان خۆی بوو، بەڵام توانیم لە ناویدا ناسنامەیەکی جیاواز ببینم کە لە ناسنامەی مرۆڤە تووڕەکە گەلێك مەزنتر بوو. هەروەها توانیم لەناو خۆمدا ناسنامەیەکی تر بناسمەوە کە گەورەتر بوو لە ناسنامەی کەسە بریندار و بێ متمانەکە.

ئاشتیخوازیی نێوان خۆت و ئەوانیتر تەنیا بەم شێوەیە دەست پێدەکات.

لەو ساتەوە هەوڵمدا کاتێ لە لایەن مرۆڤیترەوە ڕەت دەکرێمەوە بەپەلە بە ڕەگەزپەرستی دانەنێم. دیارە ئەو کارە هەمیشە ئەرکێکی ساکار نەبوو بۆم. زۆرجار بۆ نموونە دۆزینەوەی خانوو لە ئاڵمانیا بۆ من گەلێك دژوار بوو. جارێک تەلەفۆنم بۆ خاوەن خانوویەک کرد لە شاری براونشڤایگ و ناو و شۆرەتی خۆم گوت و پرسیاری بەکرێگرتنی خانووەکەم لێکرد، وەڵامی دایەوە: " نەخێر، جارێکیتر هەرگیز خانوو بە تونسییەکان بەکرێ نادەم." کاتێ گوتم من تونسی نیم، بە سادەیی وەڵامی دایەوە: " لام گرنگ نییە، ئێوەی مرۆڤی بیانی هەمووتان خانووەکەم لێ وێران دەکەن." من زۆر تووڕە بووم چونکە گوشاری کاتم لەسەر بوو و ناچار بووم لە ماوەی هەفتەیەکدا شوێنێك بۆ حەسانەوە بدۆزمەوە. یەکێکی تریش هەڵسوکەوتی دۆستانەتر بوو و وتی شوێنەکە پێشتر بە کرێ دراوە. بەڵام کاتێک داوام لە هاوڕێیەکی ئاڵمانی کرد سەبارەت بە هەمان شوێن پرسیار بکات، کاتی چاوپێکەوتنی خانووەکەیان پێدا.

ئایا ئەو خەڵکە بە چێژەوە و بە پاڵنەرێکی ڕەگەزپەرستانەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی بیانی دەکەن؟ یان لە ڕاستیدا ئەزموونێکی خراپیان لەگەڵ مرۆڤی بیانی هەبووە

و ئێستا خۆ لە هەموو کەسێک بە ناوی حەمەد، محەمەد یان عەبدول دوور دەخەنەوە! ئەدی خاوەنکارێکی کارخانە چلۆن مامەڵە لەگەڵ داواکارانی موسڵمان دەکات؟ ئەگەر لە بنەڕەتەوە ڕەدیان کاتەوە چونکە داواکەری موسڵمانن، دەکرێ ناوی ڕەگەزپەرستی لەسەر دابنرێ؟ بەڵام ئەگەر خاوەنکار دوودڵ بێت چونکە لە ڕابردوودا ئەزموونی نەرێنی لەسەر مرۆڤی بیانی هەبووە کە کارمەندێک نەیویستووە کاری زیادە بکات یان بچێتە گەشتی بازرگانیی، چونکە کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆ دروست دەبوو، یان هاوکارێکی موسڵمان ڕەتیکردۆتەوە دەست لەگەڵ ژنێک لێبداتەوە، و ئەو هەڵس و کەوتەی ئاڵۆزیی بۆ پێکهێنابێ. بەو ڕادەیەی کەسێکی بەهێزتر خۆی لەگەڵ چەمکی "بیانی"دا بناسێنێت، پاڵنەرەکەی بۆ بنەماکردنی هەر جۆرە ڕەخنەیەک یان ڕەتکردنەوەیەک تەنیا بەهۆی بێگانەبوونییەوە، بەهێزتر دەکاتەوە.

بۆ نموونە خۆم بەردەوام ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی وەک: "لە ڕاستیدا کەی دەگەڕێیتەوە میسر؟" دەبوومەوە. پێشتر ئەمەم وەک بەڵگەیەکی ڕوون دەبینی کە لێرەدا من نەخوازراوم و هەرچی زووتر دەیانەوێ لە دەستم ڕزگارییان بێ. دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەم "بۆ خۆشەویستی ئاڵمانیا" پەیامێکی زۆرم پێگەیشت: " تۆ هیچ زانیارییەکت

سەبارەت بە نەتەوەی ئاڵمانی نییە، باشترە لەسەر تەوەری ئیسلام بمێنیەوە" یاخود "تۆ تەنیا پاسی ئاڵمانیت هەیە و ئاڵمانی ڕاستەقینە نیت". ئەمڕۆ چیتر ئەو جۆرە سەرنجانە بە ڕەگەزپەرستی دانانێم. من بە شێوەیەکی هاوچەشن دەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم و دەزانم کە پێویستم بە ڕەزامەندی هەر هەشتا ملیۆن ئاڵمانییەکان نییە بۆ ئەوەی خۆم وەک ئاڵمانییەک ببینم و هەست پێبکەم. یەکەم و هاوکاتیش گرنگترین هەنگاو لەسەر ئەم ڕێگایە بۆ خۆبەهێزکردن ئەوە بوو بتوانم لە خۆم وەک تاکێک بە هەموو فاکتەرە ئەرێیی و نەرینیەکانمەوە تێبگەم لەبری ئەوەی خۆم وەك هەم و دارێژراوم، ببینم.

بۆ زۆرێک لەو مرۆڤە بیانیانەی پاشخانی پێشوویان ڕاگرتووە و هەست بە بێدەسەڵاتی و تورەبوون دەکەن، پێناسەکردنی بیانیبوون بەو بیرکردنەوەیەوە بەستراوە کە مرۆڤ سەبارەت بە خۆیان چۆن هەست دەکەن و چلۆن بیر دەکەنەوە. چۆن دەکرێ ئەم چەشنە کەسانە بەهێز بکرێن بەبێ ئەوەی لە عەقڵیەتی قوربانیبووندا بمێننەوە؟ چۆن هەستی بەنرخبوونی ئەو کەسانە بەرەوپێش دەبەیت و نەهێڵیت بۆ ناو ناسیۆنالیزم، کۆنەپەرستی و فانتازیاکانی هێزداران دەرباز بن؟ چۆن مرۆڤ سەبارەت بە چەمکی ڕەگەزپەرستی ڕوون دەکەیتەوە بێ ئەوەی بکەویتە ناو

هەمان ڕێبازی چاکە و خراپەوە کە لە لایەن جیهانبینی ڕەگەزپەرستانەوە دیاری دەکرێن؟ پرسیارەکانی لەو شێوەیە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باس دەکرێن.

بۆچوون و بیرۆکەکانمان سەبارەت بە کەسانیتر هەمیشە لەسەر بنەمای ئەزموونی کەسی نین. زۆرجار بەرهەمی ئەو بیرکردنەوانەن کە هی خۆمان نین، بەڵکو بیری ئەوانیترن کە بەبێ پشتڕاستکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان وەرمانگرتوون.

کاتێک پیاوەکەی ناو بنکەی گەشتیاری وشەی "جوو"ی هێنا سەر زاری، چیتر بەریەککەوتنی دوو کەس نەبوو، بەڵکو پێکدادانی کولتووری نێوان دوو گەل بوو. ئەو برینانەی کە نە هی من بوون  و نە هی ئەو ، بە قووڵی شوێنی خۆیان بەجێهێشتبوو. ناچار کرابووم بە نوێنەریی هاونەتەوەییەکانم، ڕق لەم پیاوە هەڵگرم. سەرەڕای ئەوەی خۆشەویستی بۆ "ئوم کولسووم"ی لەگەڵمدا هاوبەش دەکرد و ڕێزی بۆ شوێنەوارە کولتوورریيەکانم دادەنا، وەك میوانێك هاتبووە وڵاتەکەم. سەیر ئەوەیە تەنیا وشەی "جوولەکە" بەس بوو بۆ ئەوەی دیوارێکی بەرز لە نێوان من و ئەودا پێکبێت. چیتر نەمدەتوانی وەك مرۆڤێکی ئاسایی سەیری بکەم و لەناو ئەودا هەستێکی ئینسانی بناسمەوە. لە

قووڵایی دڵمەوە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد زۆر زوو بنکەی گەشتیاری بەجێبهێڵێت.

هەموومان ڕۆژانە لەسەر ڕێگای سەرەکی ژیانماندا بڕیاری پێشوەختە و هەڵە دەدەین، چەشنە کۆنەپەرستی و کلیشەی کولتووری وەکو ڕێڕەوی ژیانمان بەکاردەهێنین. بە دەگمەن پرسیار دەکەین چ زانیارییەکمان لەسەر مرۆڤیتر هەیە یان پێمان وایە سەبارەت بەوان دەیزانین. بە دەگمەن ڕێگای خێرا و دارێژراوە سەرەکییەکە بۆ بەراوردکردنی بیرۆکەکانمان لەگەڵ واقیعی ژیانی گوند و شارۆچکە و ماڵی کەسانی دیکە بەجێدەهێڵین. بە دەگمەن تێدەگەین ئەو ماڵەی ئێمە ناوی ناسنامەی خۆمان لێناوە، لە ڕاستیدا زیندانێکە ڕێگریدەکات لە بەشداریکردنمان لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ مرۆڤەکانیتر. زۆر کەم لە خۆمان دەپرسین ئایا ئەوەی ئێمە لەبارەی جیهان و مرۆڤەکانیەوە دەیزانین ڕاستە؟ چونکە پێشتر ناسنامە و سیستەمێکی پڕبایەخمان وەك دیوارێکی بەرز لە دەوری ئەم زانستە پشتڕاستنەکراوانە دروستکردووە. زۆرجار دەست بە بڕیاری پێشوەختەی زانینەکانمانەوە دەگرین و وەک قەڵغانێک لە دژی ئەوانی دیکە بۆ باڵادەستی  یان ژێردەستی بەکاریان دەهێنین بەڵام نامانەوێت دان بەم کارەماندا بنێین.

وەک خوێندکارێکی زانکۆ لە ئاڵمانیا زۆرجار لەگەڵ ئەو هاوڕێ خوێندکارەکانم کە وەک من پێشینەی بیانییان هەبوو، دادەنیشتم. بەردەوام و بەچەندین جار گلەییمان لە هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانەی مرۆڤی ئاڵمانی دەکرد. لە باسەکانماندا لێدوانی گشتگیر وەک: "ئالمانی لوت لە حەوان"، "ئاڵمانی کولتووری خواردنیان نییە" یان "وڵاتە یەکگرتووەکان شکستیان بە ئاڵمانییەکان هینا" و "ئاڵمانی بۆیە وا تورەن" و هتد...

هەندێک لە هاوپۆلەکانم کە ڕەگ و بنەچەی تورکی، ئەفریقی یان عەرەبییان هەبوو، یارییەکی سەرنجڕاکێشی پۆکەری ناسنامەیان دەکرد. ئەگەر ئاڵمانی ڕەسەن لەو کۆبوونەوەیەدا بوایە، کاتێک پرسیاریان لەبارەی بنەچەیان لێدەکرا، تورە دەبوون و بە تووڕەییەوە وەڵامیان دەدایەوە: "من ئاڵمانیم" یان "من لە ئاوکسبۆرگەوە دێم". ئەگەر لەناو خۆیاندا بووایەن و یەکێک لە گروپەکە بیگوتبایە خۆی وەك ئاڵمانی هەست پێ دەکا، ئەوانیتر باوەڕیان پێنەدەکرد و دەیانوت: "بەڕاستی؟ تۆ خۆشت باوەڕت پێی نییە!" خۆ دوور ڕاگرتن لە ناسنامەی ئاڵمانی دەنگۆی باشی هەبوو، یان تەنانەت بە بێڕێزییەوە بە "پەتاتە"[٤] ناویان دەهێنان.

[٤] لە ئاڵمانیا زۆربەی خواردەمەنییەکان پەتاتەی لەگەڵە، بۆیە بە نەتەوەی پەتاتە ناویان دەر کردووە.

له کاتێکدا مرۆڤی بیابی بەردەوام شانازییان بە بنەچەی تورکی، عەرەبی یان ئەفریقی خۆیان دەکرد و باسیان لە جیاوازی نێوان کولتووری ڕەسەنی خۆیان و عەقڵیەتی ئاڵمانی دەکرد، بەڵام کاتێك ئاڵمانییەکی ڕەسەن باسی لە بنەچەی خۆی کردبا، بە ڕەگەزپەرستیان دادەنا. بە پێچەوانەوە کاتێ ڕەخنەی ڕەچەڵکییان لە مرۆڤی ئاڵمانی دەگرت  و ڕەتیاندەکردەوە، هەرگیز ڕەگەزپەرستییان لەناو خۆیاندا نە دەدی و نەدەناسی.

بەڵێ، بەڵام ئەوە بەڕاستی ڕەگەزپەرستی نییە، هاوڕێیەکی چەپ - لیبراڵم دەڵێت. بۆ ئەوەی ڕەگەزپەرست بیت، دەبێ لە پێگەیەکی دەسەڵاتدا بیت کە قوربانی نەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. ناونانی ئاڵمانییەک لە بازنەیەکی بچووکدا بە "پەتاتە"، "بێڕێزی کردن"، یان نازناوی "نازی" لەسەردانان ئەزموونێکی زیانبەخش نییە بۆ ئەوانەی بەو شێوەیە ناویان لێناون و هەر بۆیە بە ڕەگەزپەرستی نازانرێت. ڕەنگە ئەم ئیدیعایە ئەوکات ڕاست بێت کە لە بازنەیەکی گەورەدا هەمان پرەنسیپ بۆ هەموو ئاڵمانییەکان مەبەست بێت. بەڵام ئەوە وا نییە: ئەگەر کەسێکی سپی پێست کۆمێنتارێکی سووکایەتیکردن لەسەر ڕەشپێست، تورک یان عەرەبەکان بکات، ئەوا ئەمە ڕەگەزپەرستییە. بەڵام بە پێچەوانەوە نا؟ لە ڕاستیدا کێ ئەو جۆرە پلەبەندییەی دامەزراندووە؟

ڕەگەزپەرستی بە بیرکردنەوەیەک دەست پێدەکات کە لە مێشکدا گیردەخوات و دەبێتە هۆی هەڵوێستێکی نەرێنی بەرانبەر بە کەسێکیتر. سەرەتا لەوەوە دەست پێدەکات کە بەرانبەرەکەم وەک تاکێک نەبینم، بەڵکو وەک بەشێک لە کۆگایەك مرۆڤ ببینم کە تەواو  وەک خۆی دەردەکەون، بیردەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن. لەسەر هۆکارێکی نادیار ڕەتیدەکەمەوە کە هاوتاکەم چۆن دەردەکەوێت، چۆن بیردەکاتەوە یان چۆن مامەڵە دەکات. ئەم ڕەتکردنەوەم بە هەست و سۆز تەیار دەکەم، بەردەوام ڕق و کینەم بەرز ڕادەگرم و تۆمەتباری دەکەم بەوەی کە دەیەوێت زیانم پێ بگەیەنێت یان تەنانەت لەناوم ببات.

ئەمە لۆژیکی ئیسلامیزمی شەڕەنگێزە، کە هەموو مرۆڤەکانی ڕۆژئاوا وەک نوێنەری کولتوورێک دەبینن کار و باری خۆیان وەلا ناوە و تەنیا دەیانەوێت ئیسلام لەناوببەن. هەروەها تیرۆری ئیسلامی لە ڕاستیدا بە بیرکردنەوەیەک دەست پێدەکات، بە لێدوانێکی سووکایەتیپێکەری وەک "بێباوەڕی". ئەم مۆرە بە تەنیایی بەس دەبێ بۆ شەرعیەتدان یاخود بەفەرمیکردنی ڕق و توندوتیژی و تەنانەت کوشتن.

گلەیی و گازندە لە ڕەگەزپەرستی ئاڵمانی و بە با کردنی کای کۆن و ناوی "نازی" لەسەردانانیان، وەک ئەوەی خۆم

لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێ خوێندکارەکاندا ئەزموونم کردووە، دەتوانێت ئامرازی دەسەڵات بێت بۆ گوشاری ئەخلاقی لەسەر کەسی بەرانبەر و بێدەنگکردنیان. (دواتر لەسەر ئەو باسە دەدوێین.) ڕەنگە ئەمە بە مانای ڕەگەزپەرستی پێکهاتەیی کلاسیکی نەبێت، بەڵام بە ڕوونی ڕوانگەی زانستیی ڕەگەزپەرستیە. تۆمەتبارکردنی گەنجانی ئاڵمانی بەهۆی مێژووی ڕابردوویان شتێکە کە زۆر کەس بەدەستیەوە دەناڵێنن و هەموو گفتوگۆیەکی کراوە لە ناوکیدا دەخنکێنن.

هەرچۆنێک بێت من ئەمڕۆ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ چەند ساڵێک لەمەوبەر باشتر لەو گەنجە بیانیانە تێدەگەم. هەروەها ئەوانیش بارێکی قورسی ناسنامەیان بە شانەوەیە کە بۆخۆیان هەڵیان نەبژاردووە. ئەوان حەز دەکەن بەشداری بکەن، بەڵام لە هەموو لایەکەوە ئاماژەیان پێدەگات کە ناتوانن یان ڕێگەیان پێنادرێت بەشدار بن. زۆرینەی ئەو گەنجانە پاشەکشە دەکن. گرنگ نییە چی دەکەن، بەڵام ناتوانن دڵی کەس ڕازی ڕاگرن. بۆ هەندێک لە دایک و باوکان کاتێ ئەو گەنجانە دەڵێن: "من ئاڵمانیم." زۆرجار وەك لێدانێك لە ناوچاوان و خەیانەت لە ناسنامەی خۆیان دەنوێنێ. بۆ هەندێکیان ئەم ڕستەیە دەرگای دزەکردن لە ناسنامەکەیان بۆ دەکاتەوە.

ئەو گەنجانەی کە پێشینەی بیانیان هەیە، لە ناو دوو کولتووردا گیریان خواردووە کە بە گومانەوە لە بەرانبەر یەکتردا وەستاون. هەر لەبەر ئەوەشە، لە بێدەسەڵاتی خۆیاندا، زۆرێکیان خۆیان لەگەڵ کەسایەتییە بەڕواڵەت بەهێزەکانی وەک ئەردۆغان پێناسە دەکەن، کە نەک هەر خەونی سەرکەوتن و دەسەڵاتیان پێدەبەخشێ، بەڵکو شوناسێکی ڕوونیشیان بۆ دیاری دەکات کە بەبێ دووفاقی و دوولایەنی سنووری گەلێك تیژیان هەیە. ئەوان لە هەنبەر سوکایەتی و ڕەتکردنەوە ڕادەکەن، پەنا دەبەن بۆ خەون و داواکارییەکانی گەیشتن بە خەلافەت و ئیمپراتۆریەتی پێشینیانیان - بەڵام دەکرێنە نێچیرێکی گەلێك هاسان بۆ شەڕخوازە ڕادیکاڵەکان. ئەوان پێیان دەقەبووڵێنن کە بەشێکن لە نوخبەیەکی ئایینی کە نەک هەر زێدی خۆیان، بەڵکو هەموو جیهان دەتوانن ڕزگار بکەن. لای ڕادیکاڵە ڕاستڕەوەکانی ئاڵمانیش دۆخەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

بەڵام من لە کۆمەڵگا سەرەکییەکەش تێدەگەم کە ئەو کەسانەی دەنگ بە ئەردۆغان دەدەن و ناسیۆنالیزمی تورکی لە ئاڵمانیا پەرەپێدەدەن، وەک مرۆڤێکی ئاڵمانی سەیر نەکرێن، تەنانەت ئەگەر لێرەش لەدایک بووبن. تۆ ناتوانی هەڵگری دوو ناسنامەی دژ بەیەک بی و بتەوێ لە درێژخایەندا سوود لە بەرژەوەندییەکانیان وەربگریت. من

لەو کەسانە تێدەگەم کاتێ ڕەخنەی ڕەوا لە کەمینەکان دەگرن کە ئیتر حەوسەڵەیان نەماوە هێندە گوێ لە سووکایەتی و نازناوی "نازی" ڕاگرن. تۆمەتبارکردنی ڕەگەزپەرستی لەسەر هەڵوێستی ئاسایی یارمەتیی کەس نادات، بەتایبەت خودی مرۆڤی بیانی. هەروەها ئەگەر تەنیا ئەو پرسیارە "کەسێک لە کوێوە هاتووە" بەس بێ بۆئەوەی کەسێك وەک ڕەگەزپەرست بناسرێ، دەتوانم تێبگەم بۆچی زۆرێک لە ئاڵمانییەکان چیتر ئارەزووی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی پێشینەی بیانیان هەیە، ناکەن. لای من ئەم پرسیارە دەربڕینی تامەزرۆیی مرۆڤە بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەرانبەرەکەی، جگە لە پرسیاری وەك "ناو"ی تۆ چییە، چیتر نییە.

ئیسلامیستەکان و نوێنەرانی کۆمەڵە کۆچبەرە ناسیۆنالیستەکانیش ئێستا دەزانن چۆن سەرمایەگوزاری لەسەر تۆمەتەکانی ڕەگەزپەرستی بکەن. ئەوان خۆیان بیرۆکەی ڕەگەزپەرستی و دژە جوولەکە لە کۆبوونەوەکانیان، مزگەوت و تەنانەت لە وانەکانی قوتابخانەشدا دادەچێنن و هەندێکجاریش بە پارەی سەرچاوە گوماناوییەکان یانەکانیان دابین دەکەن؛ ئایدۆلۆژیا دواکەوتووەکان پەرە پێدەدەن و ڕێز لە مرۆڤێکی نەخۆشی وەك ئەردۆغان دەگرن. ئەگەر کەسێك ڕەخنە

لەم خاڵانە بگرێت، ڕووبەڕووی تۆمەتی ڕەگەزپەرستی و ئیسلامۆفۆبیا دەبیتەوە. بەڵام کاتێك خۆیان کردەوەی ڕەگەزپەرستی لە هەنبەر کەسانیتر بکەن، چاوی لێ دەقووچێنن و بە مافی ڕەوای خۆیانی دادەنێین.

هەندێک لە نوێنەرانی چەپ چاوێکی کوێری هاوشێوەیان هەیە، کە تورەیی خۆیان ناشارنەوە کاتێک لەلای ڕاستەوە هێرش دەکرێتە سەر کەمینەکان، بەڵام زۆرجار کاتێک هێرش یان تێرۆری ئیسلامی ڕوویداوە بێدەنگ دەبن یان بە شێوەیەك کارەکە ڕێژەیی دەکەنەوە.

## تێزی هەشت: کاتێک دژبەری ڕەگەزپەرستێك وەک ڕەگەزپەرست ڕەفتار بکات

ڕەگەزپەرستی کۆمەڵگا لێک دادەبڕێ و ژەهراوی دەکات، چونکە تاوانەکانی کۆمەڵگا و برینە مێژووییەکەی دەکولێنێتەوە و ئاشکرای دەکات. زۆرجار مرۆڤ بە شێوەیەکی نابەرپرسانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم تاوان و برینانە دەکەن. هەندێک بەهۆی تاوانباری و شەرم دەرباز دەبن، هەندێکیتر لە دانپێدانان و گۆڕینی ڕابردووی خۆیان هەڵدێن. ڕەگەزپەرستی مرۆڤ بەسەر ڕەگەز، نەتەوە، ئایین و کۆمەڵگادا دابەش دەکات و لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە جەمسەرگیری پێکدێنێ. مرۆڤ وەک تاک نابینێت، بەڵکو وەک نوێنەری گرووپێک سەیر دەکات. گرووپ و لایەنگرانی خۆی بەرز دەکاتەوە و سووکایەتی بەوانیتر دەکات، ڕق و کینە دەوروژێنێت و توندوتیژی دژی ئەوانیتر پەرە پێدەدات.

دژە ڕەگەزپەرستی لەڕاستیدا دەبێ تەواو پێچەوانەی ئەمە بکات، واتە خۆی لەم شەرە بێبنەما ئایدیۆلۆژییە دوور بخاتەوە و بە بەهێزکردنی ورەی مرۆڤ وەک تاک بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ نەتەوەیەک یان ئایینێک بن،

ڕێزیان لێ بگرێ. بەداخەوە زۆرجار دژە ڕەگەزپەرست هەمان ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنن کە خودی ڕەگەزپەرستەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەوان بە دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر باش و نەباشدا جەمسەرگیری و دووبەرەکی دروست دەکەن. گروپێک بەرز دەکەنەوە و گروپەکەیتر لەبەرچاو ناگرن، مرۆڤی ڕۆشنبیری تاك لە کۆمەڵ دادەبڕن و سنووری بۆ دروست دەکەن، لەژێر ناوی لێبوردەیی و تولەرانس دەکرێ تەنیا ئەم نێوەیان لێبنێین: "**ناتولەرانس**". چونکە ئەوان سپێکتریمی بیرکردنەوە، ئاخافتن، و کردەوەی مرۆڤ بەرتەسک دەکەنەوە بە شێوەیەک کە هەر لادانێک لێی بە وانەیەکی ئەخلاقی سزا بدرێت. ئاخر ئەوان مرۆڤە باشەکانن، گوتارێک پێشکەش دەکەن و لە تامەزرۆیی خۆیاندا تەنانەت تێبینی ئەوە ناکەن ئەوانیش میکانیزمێک بەکاردەهێنن کە بنەمای ڕەگەزپەرستییە: "ڕێکوپێککردنی تاکەکان بەسەر گرووپی بەناو مرۆڤدۆست و یەکساندا."

بۆیە تەنانەت بیرۆکەیەکی باشیش دەتوانێت ببێتە پێچەوانەکەی. بۆ نموونە لە کانەدا و ئەمریکا چالاکوانانی کۆمەڵگای کویرن (Community Queeren) ڕەنگی ڕەش و قاوەیی ئاڵای کۆڵکەزێڕینەیان پەرەپێدا - وەک نیشانەیەکی دیاریکراو بۆ یەکگرتنی خەڵکانی ڕەنگاوڕەنگ " People of

Color". ئاڵاکە پێشتر بە واتای گۆڕانکاری، ئاشتی، لێبوردەیی و سەلماندنی فرەچەشنەیی ناو کۆمەڵگا بوو. پێمان دەڵێ: ئێمە گرنگی بە بنەچەی تۆ و تەنانەت ڕەنگی پێستت نادەین، بەڵکو گرنگی بە هەموو چەشنە مرۆڤێکی ناوکۆمەڵ دەدەین. بە زیادکردنی ڕەنگی ڕەش و قاوەیی بۆ ئاڵای کۆلکەزێڕینە، بە تەواوی زیان بەو بیرۆکەیە دەگەیەنرێ.

ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت، مرۆڤی دژە ڕەگەزپەرستی توانایی و پوتێنسیالی دابەشکردنی کۆمەڵگای بە هەمان شێوە هەیە کە خودی ڕەگەزپەرستی هەیەتی. چونکە قسە لەسەر خەڵک نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو سیفەتانەوە هەیە کە بۆیان دیاری کراوە. هەروەها سەبارەت بەو ئایدۆلۆژیایانەی مرۆڤ - بە هەڵە یان ڕاستی دادەنێن - وەک تاکە ڕێگەی ڕاست ئیدانە یان ستایش دەکرێن. لادان لە ڕێگاکەش جارێکی تر دەبێتە هۆی دابڕان و دوورخستنەوە.

بۆ ئەوەی بە دروستی لێم تێبگەن: کاتێک باسی دژە ڕەگەزپەرستان دەکەم، بێگومان مەبەستم هەموو ئەو کەسانە نییە کە دژ بە ڕەگەزپەرستی وەستاون و لە پێناو قوربانییەکاندا چالاکی دەکەن. هەروەها کاتێک باس لە لیبراڵ - چەپەکان دەکەم، مەبەستم هەموو ئەو کەسانە نییە کە لە سپێکتریمی سیاسی چەپ یان لیبراڵدا چالاکن.

مەبەستم ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکوانە سەرسەختانە کە لەسەر هۆکاری ئایدیۆلۆژی مامەڵە دەکەن، بەڵام لەم کارەدا خزمەتێکی ناشیرین بە شەڕی ڕەوای دژی ڕەگەزپەرستی دەکەن. هەروەها مەبەستم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕەتیدەکەنەوە قسە لەگەڵ دەنگدەرانی "AfD"[٥] بکەن، بەڵام خۆیان هاوپەیمانیی کۆمەڵە توندڕەوەکانی ڕاستڕەو و ئیسلامیستە شەڕخوازەکان دەکەن و تەنانەت لەو ڕێگایەوە دەستیان بە پارەی دەوڵەتیش ڕادەگات. ئەم بەناو دژە ڕەگەزپەرستانە پێیان وایە بە دەستتێوەردانی خوێندنەوەکانی تیلۆ سارازین "Thilo Sarrazin"، وتارەکانی برند لوک "Bernd Lucke" یان یۆرگ بابێرۆوسکی "Jörg Baberowski" کەمینەکان دەپارێزن. تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگای دیموکراسی ئازاد لە ڕاستیدا گوێڕاگری و خۆڕاگری لەهەنبەر هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی دیکەیە.

فرەچەشنی بیر و باوەڕەکان بە واتای مامەڵەکردن لەگەڵ بۆچوونی جیاواز لەسەر ئاستی ئارگیومێنت و بەڵگەیە. بە پێچەوانە قەدەغەکردنی بیرکردنەوە و یاساخی دەربڕینی بۆچوون زیاتر تایبەتمەندی سیستەمی دیکتاتۆرییە. هەروەها پەرەپێدانی ئەو چەشنە هەڵسوکەوتانە لەژێر ناوی لێبوردەیی، تولەرانس و پاراستنی کەمینەکان، هەر باسێکی

[٥] ئا. ف. د. "AfD"حیزبی ڕاستەکانە لە ئاڵمانیا.

کراوە لە گەرووودا دەخنکێنێت. بەڵێ لەوەش خراپتر، لە کۆتاییدا تەنیا یارمەتی توندڕەوەکان دەدات. بۆ نموونە لە دۆخی ئیسلامی سیاسیدا ڕەخنەگران بە ئیسلامۆفۆبیا و دوژمنایەتی موسڵمانان تۆمەتبار دەکرێن. ئەمەش ڕزگاربوونێکە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئاڵۆزی ئەم بابەتەدا ناگونجێت. هەروەها مرۆڤ لێرەدا دەتوانی بڵێی: ( Reflex before reflection)" واتە کاردانەوەیەکی بێ ئیرادە و خێرای تاك یان ڕێکخراوەیەك لە هەنبەر چالاکیەکیان بە ئامانجی بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆسەکانی ڕاهینان و فێربوون". من خۆم چەند جارێک ئەزموونم کردووە کە ئەوە چەند خێرا دەتوانێت ڕووبدات. بۆ نموونە کۆمیتەی گشتی خوێندکاران (ئاستا)ی زانکۆی ماینز بڕیاری داوە پێگەی "بیرکردنەوە بۆ مرۆڤدۆستی و ڕۆشنگەری" وەک گروپێکی زانکۆ هەڵبوەشێنێتەوە، هۆکاری ئەمەش وادیارە ئەوە بوو کە ئەو دامەزراوە لە ساڵی ٢٠١٨دا منی بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوەی لە زانکۆکە وتارێک پێشکەش بکەم و وادیارە ئەو هۆکارەی خراوەتەڕوو ئەوە بووە کە من ئیسلامۆفۆبی و دژە جوولەکە بووم. هەر وەك پێشتریش باسم لێوەکرد سێ ساڵ پێشتر کۆمەڵگەی جوولەکەکانی دوسلدۆرف بەهۆی چالاکیم لەهەنبەر ڕەگەزپەرستی و دژە جوولەکە خەڵاتی جۆزێف نۆیێرگەریان پێبەخشیم. بەڵام وادیارە ئایدۆلۆژیستەکانی ماینز "ئاستا" ئەوەیان

نەدەزانی. تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە من ڕەخنەم لە ئیسلام گرتووە و بۆیە لەوانەیە ڕەگەزپەرست بم. ئەوان سزای گروپی زانکۆیان دا لەسەر ئەم "پەیوەندییە تاوانبارە" بە شێوەیەک کە پێشتر فاشیستەکان لەگەڵ نەیارە ئایدیۆلۆژییەکانیاندا دەیانکرد و وەک چۆن ئەمڕۆ لەگەڵ کولتوری بەناو "cancel culture" گوڵکردنەوەیەکی نوێ ئەزموون دەکات.

ئەو ساڵەی خەڵاتی جۆزێف نۆیێرگەرم پێبەخشرا، لایەنگرانی ئانتی فاشیست "Antifa" لە سمینارێک لە شاری مونیخ مۆمی هەڵکراویان بۆ فڕێدام. یەکێکیان هەوڵیدا لێم بدات و بە "فاشیست" ناوی بردم، چونکە لە کتێبێکمدا ڕەخنەم لە پێغەمبەر "محەمەد" گرتبوو. ئەو گەنجە دەرکی بەوە نەکرد کە خۆی و تێکۆشەرانی هاوکاری جۆرێک لە تاکتیکی تۆقاندن بەکاردەهێنن کە فاشیستەکان و ناسیۆنال سۆسیالیستەکانیش بەکاریان هێنابوو و تا ئەمڕۆش لە زۆرێک لە سیستەمی نادیموکراسی و دیکتاتۆریدا بەکاردەهینرێت. بە شێوەی زارەکی یان تەنانەت جەستەیی ڕێگریکردن لە کەسێک بۆ دەربڕینی بۆچوونەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک یارمەتیدەر نییە. هەروەها ئەو هێزانەی کە پێیان وایە بە تەنیا دەتوانن کۆنتێکستەکان

پێناسە بکەن، بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە دژ بە دیموکراسی مامەڵە دەکەن.

هەندێک لە چالاکوانانی گرگرتووی دژە ڕەگەزپەرستی پێیان وایە دەتوانن بە شێوەیەکی پاشەکشەیی بە ڕووخاندنی شوێنەوارەکان – و دابەزاندنی ئەو پەیکەرانەی وێنەی کەسانی تاوانباری لێ هەڵکەندراوە، بەتایبەت هی سەردەمی کۆلۆنیالیزم، هەڵەکان ڕاست بکەنەوە. مەبەست لە هێرشکردنە سەر شوێنەوار و پەیکەری کەسایەتییەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا ئەوەیە کە ببێتە نیشانەیەک دژی کۆیلایەتی و ڕەگەزپەرستی. باس لەسەر وێنەی درۆیی و هەڵەی مێژووە، باس لە هێرشکردنە سەر کولتوورێکی یادکردنەوەیە کە ڕێز لە پیاوە سپی پێستەکان دەگرێت، ئەو مرۆڤانەی پشتگیری سیستەمێکیان کردووە کە لەسەر بنەمای ڕووتاندنەوە و ستەمکردن دامەزراوە.

هۆکاری هێرشبەرانی مۆنۆمێنتەکە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەم دواییە بوو دژی توندوتیژی پۆلیس و ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی پێکهاتەیی ئەمریکی - ئەفریقی لە ئەمریکا لە دوای مردنی جۆرج فلۆید. هەروەها ئەم شەپۆلەی لە ڕێگەی بەریتانیا، فەرەنسا، بەلجیک و هۆڵەندا گەیشتە ئاڵمانیا، لەوێش مشتومڕێکی گەرم لەسەر

شەقام و چێشتخانە و دەرمانخانەکان پێکهات کە چەمکی مۆر "Moor"[٦] لە ناوەکانیاندا هەبوو.

مرۆڤ ناتوانێ کارێکی هەڵە ڕاست بکاتەوە، ناتوانی بە ڕوخاندنی شوێنەوار و پەیکەرەکانی مێژووی ڕابردوو دەستی خوێناوی بشواتەوە. مرۆڤ تەنیا دەتوانێت بە پۆلێنکردن و بە کۆنتێکست کردنی[٧] مێژوو هەوڵی گۆڕینی هۆشیاری لێرە و ئێستا بدات. لەسەر پێوەرەکانی ئەمڕۆ، بەزەحمەت دەتوانن ئەم "پاڵەوانانە" کە لە بەرد داتاشراون یان پەیکەری بڕۆنزییان بۆ دروستکراوە، لەگەڵ پێوەرە ئەخلاقییەکانی ئێمەدا خۆ بگونجێنن. بەڵام ئەو هاوکێشەیەی کە ئەم فیگورانە لە فەزای گشتیدا تووانا دەکەن و لەناوی دەبن، بەستێنی مێژوویی ڕاستەقینەی ژیانی ئەو سەردەمە لەبەرچاو ناگرێت.

بەڵام مێژوو ناتوانرێت وەک بەشێکی بچووك لە زنجیرەیەک بخوێنرێتەوە، ئەو هەمیشە ڕەوتیکە. هاوکاتیش سەیرکردنی ڕابردوو هەمیشە لە ژێر کاریگەری زانست و بەها و ستاندارەدەکانی ئێستادایە. ئەم فۆرمەی ڕابردوو یارمەتی ئەو کەسانە نادات کە ئەمڕۆ قوربانی ڕەگەزپەرستی و دوورخستنەوەن. تەنیا کاتێک یارمەتیدەر دەبن کە لەو

---

[٦] عەرەب بەگشتی، عەرەبی باکووری ئەفریقا، موسوڵمان

[٧] واتا پێدان، چەمکاندن

شوێنانەی وا نادادپەروەرییان لەهەنبەردا دەکرێت ئێمە بە شێوەیەکی چالاکانە زانیاری، بەها و ستانداردەکانمان بەکاربهێنین.

ئەم ڕووداوانە لە هاوینی ٢٠٢٠دا ڕووداوگەلێکیان بیرخستمەوە کە بە دڵنیاییەوە چالاکوانان بیریشیان لێ نەکردۆتەوە. بیرم لەو چەکدارە ئیسلامیانە کردەوە کە لە ساڵی ٢٠٠١ پەیکەری بودایان لە بامیانی ئەفغانستان تەقاندەوە و لە ساڵی ٢٠١٥دا پەرستگای سۆمەری بەل "Bēl"یان لە عێراق وێران کرد - بە بیانووی ئەوەی ئیسلامی نەبوون! بیرم لەوە دەکردەوە کە ئیسلامییەکان لە میسر داوای لەناوبردنی هەرەمەکانی جیزە و هەموو "بوتەکان"یتریان دەکرد، بەو پێیەی ئەم بوتانە هێمای کوفر بوون کە هەموو موسڵمانێک دەبێ هەنگاو بۆ لەناوبردنیان هەڵبینێتەوە.

ئەم فۆرمەی بەناو ڕاستگۆیی سیاسی ئیسلامی نەک هەر ئاسەوارە کولتوورییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەناوبردووە، بەڵکو بەشدارییەکی بەرچاوی بۆ لەناوبردنی "کولتووری مشتومڕ" لە جیهانی ئیسلامیشدا کردووە. چونکە لەوێ گەشەسەندنی بیرکردنەوە ڕێگەی پێنادرێ. ڕەخنە، بیرۆکەیەکی ناخۆش یان نائیسلامی پێش ئەوەی بە لۆژیك و عەقڵ پووچەڵ بکرێتەوە، لە گەرووداا دەخنکێندرێ.

شتێکی هاوشێوە ئێستا لە ڕۆژئاوا ڕوودەدات: بیرۆکەکان تادێت کمتر بە کوالیتی ئارگیومێنتی حوکم دەدرێت، بەڵکوو وەك دەگوترێ بە پێوەرەکانی ئەخلاقی هەڵدەسەنگێندرێ و زۆرجار پێش ئەوەی بۆ پووچەڵکردنەوەی بە پێوەرەکانی عەقڵ بخرێتە بەرباس، بێبەش دەکرێت. بەڵام بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ڕەگەزپەڕستی، پێویستە کونسێپتێک لە دەرەوەی باسەکانی تاوانبارکردن و قوربانی بوون و سیمبولیزمی نیگەرانی پەرە پێ بدەین. ئێمە بە هەڵسەنگاندنی ناسنامەیەک بەرانبەر ناسنامەیەکی دیکە ناتوانین بەرەنگاریی ڕەگەزپەرستی ببینەوە، بەڵکو بە خۆکشانەوەمان لە دڵسۆزیی زێدەرۆیانەمان و کردنەوەی خۆمان بەڕووی کولتوورێکی کۆسمۆپۆلیتی پلۆرالیزمدا کە بە شێوەیەکی سروشتی گەشە دەکات، نەک لە ڕێگەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی ئایدیۆلۆژیکی سیاسەتی ناسنامەیی، کە تەنیا دەبێتە هۆی لێکدابڕانی زیاتر.

## تێزی نۆ: ڕەگەزپەرستی وەک کاردانەوەی بەرگریکردن لە بەرانبەر تاوانباری

ڕوخاندنی شوێنەوارە مێژووییەکان یان فڕێدانی ڕەنگ و بۆیە بەسەریاندا، نادادپەروەرییەکانی ڕابردوو ناسڕێتەوە. بەسوودتر دەبێت ئەو شوێنەوارانە وەک کەسایەتی و ڕەمزی سەردەمێک پۆلێن بکرێن کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی جیاواز سەیر دەکرێن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو سەردەمەی وا ئەو کەسانە وەک پاڵەوان ئاهەنگیان بۆ گێڕراوە. ئەمەش تەنیا بە کولتوورێکی زیندوو و یادکردنەوە دەبەسترێتەوە کە چاوپۆشی لەوە نەکات ڕووداوی مێژوویی لەسەر یەکتر بنیات دەنرێت. هەروەها چۆن بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەمڕۆمان بەو وانانە دیاری دەکرێت کە لە ڕابردوودا فێری بووین.

لە کتێبی "بۆ خۆشەویستی ئاڵمانیا"مدا بە وردی نووسیومە چی ڕوودەدات کاتێک تاوانباری دەبێتە توخمێکی بەرچاو و سەرەکی ناسنامە. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی هەموو بیرکردنەوە و کردەوەکانمان لەسەر بنەمای جیاکاری ئەم تاوانبارییە هەڵسووڕێ. کاریگەرییە ئەرێنییەکانی کولتوورێکی زیندووی یادکردنەوە - وەرگرتنی

بەرپرسیارێتی و هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوێک - هەڕەشەی گۆڕین بەهۆی جێگیربوون لەسەر ئەم تاوانبارییەی بۆ دیاری دەکەن: "بەهۆی ڕەتکردنەوەی کینە و ڕق لەخۆبوون و بێمتمانەیی بە خۆمان و ئەو پۆتانسێڵە ئەرێنییەی لەناوەماندایە". هەروەها کاردانەوەی بەرگریکاری لەم شێوەیە دەتوانێت ڕەگی ڕەگەزپەرستی نوێ داچێنێت یان سووتەمەنی بۆ ڕەگەرپەرەستییە کۆنەکان دووپات و سێ پات بکاتەوە.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەردەوام وا بووە زلهێزەکان هەمیشە لە تۆڵەی ستەملێکراوان ترساون، هەر بۆیە زۆرجار توندوتیژتر دژی ئەوان هەڵسوکەوتیان کردووە. لەو شەڕانەی وا شوێن بۆ مرۆڤایەتییان تێدا لاواز بووە و توندوتیژی بۆتە کردەوەیەکی زێدەڕۆ، هەمیشە نیگەرانی ئەوە هەبووە لە ئەگەری شکستدا تاوانە قورسەکان چلۆن هەڵدەسەنگێندرێن. ئەمەش نەک هەر لە شەڕەکانی ڕابردوودا، بەڵکو بەتایبەت لە شەڕی جیهانیی دووەمدا گەلێك دیار و بەرچاو بوو. ویلهیلم دوور "Wilhelm Dörr" یەك لە بەرپرسانی نازییەکان لە دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانەیدا لەسەر دۆخی زیندانیانی یەهوودیی دەڵێ: "ئەگەر شەڕەکەمان سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا خودا ڕەحممان پێ بکات." مرۆڤە ڕزگاربووەکان بەڵگە و بیرهێنانەوەیەک بوون

بۆ تاوانەکانی سۆسیال ناسیۆنالیستەکان. لەولاشەوە، ملیۆنان پەنابەری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پێشووی ئاڵمان لە وڵاتێکی وێرانکراوی دوای شەڕ، ئەو ڕووداوانەیان وەبیر دێناوە کە بەسەریان هاتبوو. کولتوورێکی پێشوازیکردن نەبوو، ئەو خەڵکە سنووردار کرابوون، لەبەر ئەوەی ئەم مرۆڤە ئاوارانە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان و پشتیوانیکردن لە دوازدە ساڵ دیکتاتۆریەتی نازییەکان وەك تاوانبار سەیر دەکران.

هەروەها ڕاپۆرتی گەلێك زۆر هەیە سەبارەت بە دەستدرێژی و ڕفاندنی سیستماتیکی ژنان لە شەڕی جیهانی دووەمدا. دەگوترێت سەربازانی ژاپۆنی تا ٣٠٠ هەزار ژن و کچیان لە کۆریا، چین، ئەندۆنێزیا و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەوە بە زۆر ناچار بە لەشفرۆشی کردووە؛ تەنیا لەسەدا ٣٠یان لە شەڕەکەدا گیانیان ڕزگار بووە. بە تایبەتی ئەو هەواڵانە، دڕندانە دەنوێنن کە سەربازەکان دەستدرێژییان کردووەتە سەر ئەو ژنانە و دواتر بە دار یان شتێکی دیکە منداڵدانیان لەناوبردوون. دەروونناسەکان ئەمە وەک ترسێکی نائاگایانە لەلایەن تاوانبارانەوە سەیر دەکەن کە دواتر ئەم ژنانە منداڵیان لەدایک بێت و بتوانن تۆڵە لە سەربازەکان بکەنەوە.

له ماوەی مانەوەم له ژاپۆن له ساڵانی ١٩٩٩/٢٠٠٠، وەک بیانییەک، هیچ جیاکارییەکم سەبارەت به خۆم نەبینیوه. ئەوروپییەکان، هەروەها خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقایی وەک مرۆڤی پێشوازی لێکراوی تایبەت له ژاپۆن سەیر دەکرێن. لەبەرانبەردا خەڵکانی چینی و کۆریایی که بەشێکیان وەك نەوەی چوارەم لەو وڵاتەدا دەژین، له لایەن کۆمەڵگا و دامەزراوەکانەوه تووشی جیاکاریی سیستماتیک دەبن. له ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دادپەروەریی ژاپۆن ئاشکرای کرد که له نێوان ساڵانی ٢٠١٢ تا ٢٠١٥ زیاتر له هەزار پەروەنده هەبووه که تێیدا خەڵکی کۆریا سووکایەتییان پێکراوه، جوێنیان پێدراوه و به بەرسوورکه و قالۆنچه ناو براون و داوا لەو مرۆڤانه کراوه وڵاتی ژاپۆن بەجێبهێڵن. له توێژینەوەکاندا، یەک لەسەر سێی ئەو هاووڵاتییه ژاپۆنییانەی پێشینەی کۆچبەری ئاسیاییان هەیه، ڕایانگەیاندووه که بەهۆی پێشینەی نەتەوەیی هەڵاواردنیان لەهەمبەردا کراوه. سەرەڕای ئەوەی چینی و کۆرییەکان له ڕووی نەتەوەییەوه به هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەوروپی و ئەفریقی، له ژاپۆنی نزیکترن.

دوو ساڵ پێشتر لیژنەی دژبه هەڵاواردنی ڕەگەزی نەتەوه یەکگرتووەکان داوای له ژاپۆن کردبوو هەنگاوی چالاکتر بەرانبەر هەڵاواردنی ڕەگەزی هەڵێنێتەوه. بەڵام لەم

ساڵانەی دواییدا ڕوون بۆتەوە تەنانەت ئەندامانی کابینەکەش چەندین جار بەهۆی هاندانی بێگانەپەرستی و چەندین جار بە لێدوانی پۆپۆلیستی هەوڵی پوچەڵکردنەوەی تاوانەکانی شەڕیان داوە.

ڕەنگە ئەمەش ڕێک کلیلی ئەو پرسیارە بێت کە بۆچی ژاپۆن لەگەڵ چینی و کۆرییەکاندا دۆخێکی گەلێك سەخت بەسەر دەبات. لەوانەیە ئەوە تەنیا پرسی تاوانباری و شەرمەزاری بێت. سەربازانی ژاپۆن لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا چەندین کۆمەڵکوژییان لە چین و کۆریا و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکە ئەنجامداوە. لەو وڵاتانەدا سکاڵا گەلێك بەرزتر بوونەوە بۆ ئەوەی ژاپۆن دواجار بۆ تاوانەکانی لە کاتی شەڕدا داوای لێبوردن بکات و قەرەبووی قوربانییەکان و خێزانیان بکاتەوە. بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون.

لە شەڕی جیهانی دووەمدا، تاوانێکی گەلێك زۆر لە دژی چینی و کۆرییەکان بەڕێوەچووە. زۆرێک لە ژنانی ئەم دوو وڵاتە لەلایەن سەربازانی ژاپۆنەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر. تەنیا بوونی کۆچبەرانی چین و کۆریا لە ژاپۆن بیرهێنانەوەی بەردەوامی شەرمەزاری و تاوانباری بەدوادادێ کە خەڵک زۆر بە مەیلەوە باسی لێوە ناکەن. بێمتمانەیی و ڕەگەزپەرستییش لێرەدا وەک چەشنێک لە کاردانەوەی

بەرگریکارانە دەنوێنن. ناڕەزایەتیەکە گەیشتۆتە ئاستێک کە زۆرێ لە چینی و کۆریەکان بە ناچاری ناوەکانیان گۆڕیوە وەک نیشانەیەکی دەرەکی دڵسۆزیی خۆیان بۆ ژاپۆن و بۆ ئەوەی زیاتر بە ژاپۆنی دابنرێن. ئەو کارەشیان زۆر یارمەتیدەر نەبووە. بە تایبەت کە ئەمڕۆ هۆکاریتر هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی زۆرینە: ئەو ڕاستیانەی کە چین و کۆریا ڕکابەری ئابووری سەرەکین و چین بە شێوەیەکی بەرفراوان باڵادەستی خۆی نەك هەر لە ئاسیا بەڵکوو لە هەموو جیهان پەرەپێداوە. تەنانەت گەشتیارانیش ئێستا کاریگەری دوژمنایەتییان لەسەرە. پۆستەرێک لە فرۆشگاکانی سەر بە کۆمپانیای جوانکاری پۆلا "Pola" هەڵواسرابوو کە لەسەری نووسرابوو: "چوونەژوورەوە بۆ مرۆڤی چینی یاساخە".

گرووپێکی دیکە کە لە ژاپۆن لە ڕادەبەدەر بێبەش و بە شێوەیەکی ڕستەیی لە پەراوێزی کۆمەڵگادا دەژین، گرووپی بوراکومینەکانە "Burakumin" (دانیشتووانی کۆمەڵگەیەکی تایبەت). ئەوان نەتەوەیەکی بە ڕەچەڵەك ژاپۆنین کە بە شێوەیەکی نەریتی لە خوار سیستەمی چوار موڵک و ماڵی ژاپۆنیەوە دادەنرێن کە لە سەدەی ١٧دا هاتە ئاراوە. ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بوراکومینەکان هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆیان بەڕێوەدەبرد کە لە ڕوانگەی

شینتۆ و بوداییانەوە بە ناپاک دادەنرا. ئەوەش سەربڕین و کەوڵکردنی ئاژەڵ و زیاتر پرۆسێسکردنی گۆشت و پێست دەگرێتەوە، بەڵام بوراکومینەکان بە شوشتنی تەرمی مردوو و شێوەی ناشتنیش تۆمەتبار دەکرێن. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم هەڵسوکەوتانە بە میرات بە نەوەکانی داهاتوویان دەسپێردرا، هەڵاواردن بەدرێژایی سەدەکان چەسپاو ماوەتەوە. بوراکومینەکان لە ناوچەی تایبەتدا دەژین، ڕێگەیان پێنەدەدرا پەیوەندییان لەگەڵ هاوڵاتیانیتردا هەبێت و منداڵەکانیان ڕێگەیان پێنەدەدرا بچنە قوتابخانە ئاساییەکان. هەرچەندە یاسایەك لە ساڵی ١٨٧١ بە فەرمی بوراکومینەکانی خستە سەر ئاستێکی یەکسان لەگەڵ هاوڵاتیانی دیکە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جیاوازییانە لە زۆر بواردا ماوەتەوە. تا ئەمڕۆش.

من پێشتر هیچم لەبارەی ئەم گروپەوە نەدەزانی تا بە ڕێکەوت کاتێ لە کیۆتۆ "Kyoto" دەژیام، ئەم کۆمەڵە تایبەتیەم دۆزییەوە. کیۆتۆ زۆر سادە دارێژراوە: دە شەقام هەیە کە ژمارەیان لە ١ بۆ ١٠ و دە شەقامی دیکەش هەیە کە لە ناوەڕاستی دە شەقامەکەی پێشوو تێپەڕ دەبن، شوێنی تێپەڕبوونی شەقامەکان لەیەکتر چوارڕێیان پێکهێناوە کە هەرکام لەوان گەڕەکەکانی شارەکە دیاری دەکەن. من بەدوای پەرستگایەکدا دەگەڕام لەوبەری

ڕووبارەکە و دەبوو بگەم بە گەڕەکێک کە لەسەر نەخشەکەم نەمدەدۆزییەوە. کاتێک دواتر سەبارەت بەو بابەتە پرسیارم لە هاوڕێ خوێندکارێکی ژاپۆنی کرد ئەو بە پارێزەوە وتی ئەوە "گەڕەکی سیفرە district zero". هەروەها ئەو پێی گوتم کە لە هەموو شارێکی ژاپۆن گەڕەکێکی لەو جۆرە هەیە، کە لە نەخشەی شارەکاندا نیشان نەدراوە و مرۆڤی بوراکومینی دوورخراوی تێیدا دەژین. لە دەوری شار، بەبێ ناونیشان و ڕەوتێکی دروستی خانووسازی، هەندێکیان لە چادردا دەژیان، هەندێکیتر لە خانووچکەی زۆر ئاساییدا. هاوڕێکەم ئاگاداری کردمەوە کە بە تەنیا بەو ناوچانەدا نەڕۆم چونکە مرۆڤی تاوانباریش لەوێ دەژین.

بەڵام ئەو ئاگادارکردنەوەیە نەیتوانی ڕێگریم لێبکات. هەرگیز ئەزموونێکی خراپیشم وەرنەگرت. هەر جارێک لە کیۆتۆ بەناو "گەڕەکی سفر"دا دەڕۆیشتم، بە گەرمی پێشوازیم لێدەکرا و هەندێکجاریش بۆ خواردنەوەی چایی بانگێشتنیان دەکردم. هاوڕێ ژاپۆنییەکانم بەو کارەی من سەریان سووڕ دەما و جار و باریش ڕەخنەیان لێدەگرتم. بەردەوام گوێم لەوە دەبوو کە گوایە حکوومەت هەوڵی یەکخستنی بوراکومینەکان دەدات، بەڵام ئەوان خۆیان نەیانەوێت.

لەخۆم پرسیار دەکرد: سەیرە ڕێگەیان پێدراوە کە چییان بوێت؟ بەڵام بۆ ئەوەی شتێکیان بوێت، سەرەتا دەبێت ئازاد بن. کەچی بۆ بوراکومینەکان ئەم ئازادییە شتێکی لوکس و نامۆ بوو کە هەرگیز نەیانناسیبوو. بێگومان ئێستا هەندێک لەم گرووپە هەن کە توانیویانە بێنە ناو کۆمەڵگەی ژاپۆنی. تەنانەت هەندێکیان نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان هەیە. بەڵام ئەم وتەبێژانە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باقی کۆمەڵگا بە دەگمەن وەک نێونجیگەری نێوان ئەو کەسانەی کە چەندین سەدە دەرکراون و جیاوازییان لەهەنبەردا بەڕێوەچووە، مامەڵە دەکەن. بەشێکی زۆری کۆمەڵگا، بوراکومینەکان بە هۆکاری دۆخی نالەباری خۆیان دەزانن، چونکە گوایە ئەوان بۆ تێکەڵبوون هەنگاوی کەم هەڵدێننەوە. هەندێکیتریش دۆخی قوربانیبوونی خۆیانی پێ بەهێز دەکەن و ڕق و بێمتمانەییەکە بە هەڵەی حکوومەت دادەنێن.

هەروەها ئەم دیاردەیە لە مشتومڕی یەکگرتنەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئاڵمانیاشدا دەناسرێ. کێشەکە هەرگیز تەنیا ئەوە نییە کە کۆمەڵگای زۆرینە چەوساندنەوەی کەمینەیەک دەکات، بەڵکو هەردووکیان بەردەوام گوشار دەخەنە سەر یەکتر. بەڵام زۆرجار گوشار لەسەر کەمینە دوو هێندە زیاترە. لە دەرەوە گوشاری

لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی خۆی بکاتەوە و لە ناوەوە گوشاری لەسەرە بۆ ئەوەی خۆڕاگر بێت و بەرگری لە ناسنامەی خۆی بکات لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی دەرەوە. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جیاوازی و ستەمی کۆمەڵگای زۆرینە، زۆرجار کەمینەکان بەرانبەر بە گەلی خۆیان زاڵمانە و دیکتاتۆرانەتر هەڵسوکەوت دەکەن. هەرچەندە داوای کۆتایی هێنان بەم زوڵمە دەکەن، بەڵام لە خەبات و زۆرانبازی ناسنامەییدا ئازادی شەخسیی تاکەکەسی لەبەرچاو ناگرن و دەیدزن.

## تێزی دە: کاتێک تۆمەتبارکردنی ڕەگەزپەرستی دەبێتە ئامرازی دەسەڵات بۆ لاوازەکان

زۆرجار ڕەگەزپەرستی وەک ئامرازێکی دەسەڵات وەسف دەکرێت کە گوایە بەهێزترەکان بۆ چەوساندنەوەی لاوازەکان بەکاریدەهێنن. بەڵام زۆرجاریش نیشاندانی دەسەڵاتە لەلایەن ئەو کەسانەی کە بە بەرزکردنەوەی خۆیان بۆ سەرووی ئەوانی ترە بێدەسەڵاتی و ترسی خۆیان دەشارنەوە. هەر وەک ڕاپەرێک(چەشنە مۆسیقایەکی مودێرنە) کە گەورەیی خۆیان بە بچووککردنەوەی کەسانی دیکە لە تێکستەکانیاندا نیشان دەدەن. ڕێک ئەم خۆبەزلزانینە کە تەنیا لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە کەسانی دیکە و لە ڕێگەی زەلیلکردنیانەوە دەتوانێت خۆی بناسێتەوە، لە نێو کەمینەکانیشدا بەردەوام دووبارە و سێبارە دەردەکەوێت. بۆ نموونە بۆ کۆچبەران، هەم ڕەگەزپەرستی ناوخۆی کۆچبەران و هەم گلەیی لە ڕەگەزپەرستی کۆمەڵگەی زۆرینە ئەرکی قەرەبووکەرەوەیان هەیە. دەتوانرێت ڕەگەزپەرستی لەلایەن کەمینەیەکەوە بەرانبەر بە کەمینەیەکی دیکە وەک ئاڕاستەکردنەوەی ئەزموونی هەڵاواردنەکانی خۆی بۆ ئەو کەسانە بگۆزرێتەوە

کە تەنانەت لە زنجیرە پلەبەندییەکاندا لە خوارەوەترن. مرۆڤ بەکەمدانانی خۆی و لاوازییەکانی دەگۆزرێتەوە بۆ مرۆڤی لاوازتر لەخۆی.

لە مانگی ئازاری ٢٠١٩ کاناڵی تلەفیزیۆنیی ئاڵمانیا "ZDF"ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕەگەزپەرستی لە نێو موسڵمانان لە چوارچێوەی زنجیرەی ئەنجومەنی ڕۆژی هەینی"Forum am Freitag" بڵاو کردەوە. موسڵمانانی ڕەشپێست باسیان لەوە کردووە کە چەند جار لەلایەن موسڵمانە پێست سپییەکانەوە جیاکارییان لەهەنبەردا کراوە. " تۆ پیس و ناشارستانیت. ئێمە لەگەڵ ئیسلام شارستانیەتمان بۆ بە دیاری هێناون"، ئەمانە هەندێک لەو لێدوانە ڕەگەزپەرستانەن کە موسڵمانانی بە ڕەگەز ئەفریقی زۆرجار لە هاوئاینیە عەرەبەکانیانەوە دەیبیستن. ژنێکی موسڵمانی خەڵکی "مالی" گێڕاویەتەوە، موسڵمانانی پێست سپی پێیانگوتووە هاوسەرگیری لەگەڵ موسڵمانانی ڕەشپێست نەکات، بەو هۆیەی هەموویان تووشی نەخۆشیی ئایدز بوون. هەروەها ڕەگەزپەرستی لە مزگەوتەکانیشدا هەیە، چونکە موسڵمانە ڕەشپێستەکان هیچ شانسێکیان نییە وەک پێش نوێژ یان وەک سەرکردە لە کۆمەڵگاکاندا چالاك بن. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە گوایە کەرامەتی مرۆڤ لە ئیسلامدا پەیوەندی بە ڕەنگی

پێستەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ئیمان و ئەخلاقەوە. سەرەڕای ئەوەش، پێدەچێت شێوازی ڕەگەزپەرستی سەبارەت بە ڕەشپێستەکان تا ئەمڕۆش لە مێشکی زۆرێک لە عەرەبەکاندا وەك میراتێکی ڕابردوو لەناو نەچووە؛ چونکە عەرەبەکان مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ بازرگانی و هەڵسوکەوت بەرانبەر بە کۆیلەداری. تا ئەمڕۆش لە جیهانی عەرەبیدا وشەی سووکایەتی "عەبد" یاخود کۆیلە، بەکاردێنن کاتێک مرۆڤ بیەوێت بێڕێزی بە کەسێکی ڕەش پێست بکات. [لەناو موسوڵمانانی کورددا مرۆڤی ڕەشپێست بە "قولە ڕەش یان قولە زەنگی" ناودەبرێن، کە قول هەمان واتای عەبدی هەیە وەرگێڕ].

سەرەڕای ئەوەش، بابەتی "ڕەگەزپەرستی ناو موسڵمان" لەبەر ئەوەی تێڕوانینێکی هەڵەی بەربڵاو هەیە کە ڕەگەزپەرستی ئیمتیازێکی مرۆڤی دەسەڵاتدارە، هەم لە پێکهاتە و کۆمەڵ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و هەم لە میدیاکاندا، گرنگییەکی کەمی پێدەدرێت. هەروەها لێرە پلەبەندیی بۆ قوربانییەکان دێتە ئاراوە. ئەگەر موسڵمانە ڕەشپێستەکان ببنە قوربانی ڕەگەزپەرستی سپی پێستەکان، ئەوا بە خێرایی لایەنگری بۆ دەدۆزنەوە. بەڵام ئەگەر ئەوان خۆیان قوربانی موسڵمانانی دیکەی (سپی پێست) بن، ئەوا ئەمە ڕەگەزپەرستی ڕاستەقینە نییە و بە جیددی وەرناگیرێ!

کاتێک لەناو کەمینەکاندا باس لە ڕەگەزپەرستی دەکەین یان باس لە جێرمانۆفۆبیا [ترسی ئاڵمانییەکان]ی هەندێک لە کۆچبەران دەکەین، مەبەست ڕێژەییکردنی ڕەگەزپەرستی لە کۆمەڵگەی زۆرینە یان یاریکردن بە فۆرمێکی ڕەگەزپەرستی بەرانبەر بە فۆرمێکی دیکە نییە. بەڵکو زیاتر لەسەر ئەوەیە دەبێ ڕۆشنایی بخاتە سەر هەموو لایەنەکانی ئەم ڕق – و بەرەنگاربوونەوەیە. چونکە لە کۆتاییدا، هەستیارییەکانی قوربانییەکە دەبێ ئەو پێوەرە بێت کە ئێمە بەهۆیەوە تاوانبارێک بپێوین. تاوانبارییەکەی کەم نابێتەوە بەوەی خۆی سەر بە کەمینەیە. لە ڕوانگەی قوربانییەوە، هەموو تاوانباران زیانێکی وەك یەکی پێدەگەیەنن، ناتوانرێت لەسەر ئەو ڕاستییەی کە ئەم تاوانبارانە خۆیان لەلایەن کەسانی دیکەوە جیاکاری دەکرێن، ڕێژەیی بکرێت.

هەر بۆیە نەک هەر هەڵەیە بەڵکو مەترسیداریشە ئەگەر ڕەگەزپەرستی وەک ئیمتیازی پیاوێکی سپی پێست سەیر بکرێ. بە هەمان شێوە هەڵەیە چەمك و پێناسەی ڕەگەزپەرستی بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی چیتر ئەزموونێکی تاکەکەسی نەبێت کە کەسێک قوربانی بێت و کەسێکی تر تاوانبار، بەڵکو ڕۆڵی تاوانبار بۆ هەموو ئەندامانی گروپێک یان نەتەوەیەك دیاری بکات. ئەم جۆرە تاوانە گشتییە ڕەگ

و ڕیشەی ڕەگەزپەرستییە، چونکە ڕوانگەی تاک پۆلین دەکات و دەیشێوێنێت.

لەوەش خراپترە کاتێک قوربانیانی ڕەگەزپەرستی بە هۆی ڕەنگی پێستیان یان ڕەگ و ڕیشەی کولتووری یان ئایینییانەوە جیاکاری دەکرێن، لەگەڵ هەندێک لە هاوپەیمانە چەپ-لیبراڵەکانیان دژە ڕەگەزپەرستی، ڕایدەگەیەنن کە خەڵکی سپی پێست یان ئەندامانی کۆمەڵگەی زۆرینە شایستەی ئەوە نین باسی ڕەگەزپەرستی بکەن. چونکە تەنیا ئەوە قوربانییەکانن لە مانای ئەوە تێدەگەن. لە کۆتاییدا ئەمە هیچ مانایەکیتری نییە جگە لەوەی کە نابێ هیچ مشتومڕێك لەسەر ئەم تەوەرە گرنگە بکرێت؛ تەنیا لایەنێک مافی هەیە ڕوانگەی خۆی ڕوون بکاتەوە و هەموو ئەوانیتر دەبێ دەمیان دابخەن و نیگەرانی و پەشیمانی لەخۆیان نیشان بدەن، بەڵام ڕەخنە دەرنەبڕن؛ ئەوەش کە هەرکەسێک ئەم ئاهەنگە نەڵێتەوە، هەرکەسێک لەبەردەم ئەم قوربانگایەدا دان بە گوناهەکانیدا نەنێت، دەر دەکرێ و ئۆتوماتیك دەکەوێتە لایەنی دژبەر و هەڵەوە.

زۆرێک لە لیبراڵە چەپەکان مەیلیان هەیە تەنیا لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە سەیری هەموو کێشەکانی کۆچبەران لە کۆمەڵگادا بکەن. جا تیرۆر بێت، تاوان بێ یان

هتد - هۆکارەکانی ئەمەش لە هەژاری و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و بەشدارینەکردندایە. ئەگەر قسە لەسەر ئەو فاکتەرە کولتووری، ئایینی و پێکهاتەییانەی بکەیت کە لانیکەم دەتوانن جێگا بۆ ئەو جۆرە کێشانە خۆش بکەن، ئەوە بە ڕەگەزپەرستی دادەنرێت. ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێت کە هەندێک بەها و نەریت و ناوەڕۆکی ئایینی ئیسلام بۆ نموونە سەختە یان لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراسیدا ناگونجێت. بەڵام ئەوە تا دێت لە مشتومڕە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆژئاوادا، قورستر و ئاڵۆزتر دەبێ. ئەزموونێک کە تەنیا هی ئەندامانی کۆمەڵگەی زۆرینە نییە.

لەگەڵ هاوڕێی ئەفریقایی-ئەمریکیەکەم کە پێشتر لە پێشەکی ئەم کتێبەدا باسم لێوەکرد، بۆ ماوەیەکی زۆر باسم لە ڕەگەزپەرستی ئەرێنی بۆ دابەزینی چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ کرد، کە بە هەمان شێوەی ڕەگەزپەرستی گەلێك زیانبەخشە. چونکە هاوڕێکەم لەسەر ئەو بۆچوونە بوو کە متمانەی بە کەمینەکان نییە بۆ خۆیان قسە بکەن و لەسەر مافەکانیان بوەستن و تێکۆشان بکەن. هەروەها زۆر دڵتەنگ بوو کە ئەمریکی ئەفریقاییە ڕەخنە لەخۆگرەکان تەنیا بە شێوەیەکی ڕەنگدانەوەیی تاوانبارییان نەدەخستە سەر پیاوی سپی پێست، هەم لەلایەن کۆمەڵگەی خۆیانەوە و هەم لەلایەن زۆرێک لە لیبراڵە چەپەکانەوە بە

"ڕەشپێستەکانی مام تۆم" یان "کۆیلەی ماڵ" ناوزەد دەکران. "ئایا ئەوەش ڕەگەزپەرستی نییە کاتێک چاوەڕێی ئەوە دەکرێت هەموو ڕەشپێستەکان هەمیشە بەرگری لە کۆمەڵگەی خۆیان بکەن، بەبێ گوێدانە ئەوەی هەڵسوکەوتەکانیان ڕاستن یان هەڵە؟ "

ئەم پرسیارە، ڕۆژنامەنووسی ئاڵمانی-تورکی کوبرا گوموشای "Kübra Gümüşay" بیرخستمەوە، کە لە ساڵی ٢٠١٣دا ڕەخنەگرانی ئیسلامی بە ڕەچەڵەک تورکی وەک نەجلا کەلەک "Necla Kelek" بە "تورکی ناوماڵ"یان وەسف کرد. زاراوەیەکی جیاکارییە کە لەسەر بنەمای ئەو چاوەڕوانییە دامەزراوە هەموو موسڵمانان یان ئەو کەسانەی ڕەگ و ڕیشەی تورکییان هەیە دەبێ خۆیان لەگەڵ ئیسلام و تورکیادا بناسێنن، دەنا بە خیانەتکار هەژمار دەکرێن. گوموشای ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەکردن بە "کۆیلەی ماڵ"ی ئەفریقایی-ئەمریکی: "کۆیلەیەکی ماڵی ڕەشپێست خۆی لەگەڵ ئاغا سپی پێستەکەی ڕێکدەخست، وەک ئەو قسەی دەکرد و وەک ئەو بیری دەکردەوە. هەروەها لە هەندێک کاتدا بێبەزەییتر و دڕندەتر بوو بەرانبەر بە هاومرۆڤەکانی کە "کۆیلەی مەیدانی" بوون."

لای گوموشای هەرکەسێک لە کۆنفۆڕمیزمی تورکی جیاببێتەوە و ڕەخنە لە ناڕەزایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی تورک بگرێت، وەک نەجلا کەلەک، بە کۆیلەیەکی ناوماڵ دادەنرێت. وەک کەسێک کە وەک ئاغاکان(لێرەدا ئاڵمانییەکان) قسە دەکات و بیردەکاتەوە و بەم شێوەیەش نکۆڵی لە ناسنامەی خۆی دەکات. ئەمەش ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ وەستاندنی باسێك پێش ئەوەی تەنانەت دەست پێبکات.

ئەوە هەر هەمان کوبرا گوموشای بوو کە دوای ساڵێک لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک سروودی ستایشی بۆ سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئەردۆغان خوێند و ڕایگەیاند کە هیچ ئاڵترناتیڤێك لە تورکیا بۆ ئەردۆغان بوونی نییە. هەروەها هەر ئەو گوموشایە بوو کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ کتێبێکی نووسی و بەو کتێبە ویستی "شێوەی زمانی ئاڵمانی" بگۆڕێت - بە جۆرێک کەمتر ڕەگەزپەرستی و جیاکاری تێدا دەربکەوێت. ئەم ژنە گەنجە کە دەیەوێت لە ڕەخنە لە ئیسلام یان جەخت نەکردنەوە لە ڕەگ و ڕیشەی تورکی وەک دەربڕینی کۆیلایەتی تێبگات و وەک ئەردۆغان بە ڕواڵەت لە مانای دوو چەمکی "تێکەڵبوون" لەگەڵ "ئاسمیلەکردن" تێناگات (ئەردۆغان لە وتارێکیدا لە ساڵ ٢٠١٠ لە شاری کۆڵن ئەمەی بە

"تاوانێک دژی مرۆڤایەتی" وەسف کردووە) ، دەیەوێت فێری ڕێزگرتن و هاوسۆزیمان بکات، و پێشنیاری ئەوە دەکات کتێبەکانی پان ئیسلامییەکی وەک نەجیپ فازیل کیساکورێک "Necip Fazil Kisakürek" بخوێنینەوە بۆ ئەوەی گەرەنتی فرەچەشنی لە قوتابخانەدا بکەین. بۆ ئەمەش لەلایەن سیاسەتمەدارانی حیزبی سەوزی وەک ڕۆبەرت هابێک "Robert Habeck" و کلۆدیا ڕۆت"Claudia Roth"ەوە وەک نێوەندگیرییەکی کولتووری، ئاهەنگیان بۆ گێڕا کە ئاوێنەیەکی بەرەوڕووی ئاڵمانییەکان گرتووە.

کتێبەکەی گوموشای دەیەوێت ئەو بەشانە پاک بکاتەوە کە ڕێگرن لە زمان و بیرکردنەوەمان. بەڵام بەم کارەی، دەست بۆ ئەو بەشانە ڕادەکێشێ کە نابێت چیتر هەبن: مەبەستم لەو جیاکارییەیە کە ناویان بە "ئەوان" دەست پێدەکات. "ئاڵمانییەکان" و "ئەوانی دیکە". زمانی ئاڵمانی زمانێکی باڵادەستە کە ئەوانیتر دەردەکات و لە بەهرەکانیان بێبەشیان دەکات. ئەو، ئاڵمانییەکان بە هەڵواردن تۆمەتبار دەکات، بەڵام ئیدیعای ئیختیاری بەکۆمەڵ دەکا کاتێک باس لە "ئێمەی نامۆ" دەکات. ڕێک هەر بۆیە ئەو مرۆڤە لە نەریتی بیرکردنەوەی ئیسلامی کۆنەپەرستانە چەقاوە، کە نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر بە ڕەتکردنەوەی مشتومڕی زانستی لەسەر فەلسەفە دەرگای زانستیان داخست.

پۆلینکردن بۆ چەمکی کۆنەپەرستانەی وەک "ئەمیان" و "ئەوانیتر" هەمیشە لەگەڵ تاوانبارکردندایە. ئەم جۆرە تۆمەتە گشتییانە ڕێگری لەو  بەها، نەریت و بڕیارە پێشوەختانە دەگرێ کە مرۆڤی بیانی بە کۆڵیانداداوە و لەگەڵ خۆیاندا ڕایدەکێشن. کاتێ زۆرینەی کۆمەڵگا یان تەنانەت لەناو ڕیزەکانی خۆیاندا داوای مامەڵەکردن لەگەڵ نارەزایی خۆیان بکەن هەموویان زۆر بە هاسانی دەبنە هۆی پێکهێنانی بارودۆخێکی قوربانی بوون و تولەرانس و لەو قومارەدا کارتی ڕەگەزپەرستی لەدەست دەدەن. ڕەگەزپەرستی شەقامێکی یەکلایەنە نییە کە تەنیا کەسانی سپی پێست، مەسیحی، ئاڵمانی و بە کورتی: "ئەوانی دیکە" پێیدابڕۆن. کێشەی وەک ئینتیگراسیۆن، نەبوونی یەکگرتوویی، پێکهێنانی کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا، نەبوونی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە ئیسلامدا، کوشتنی ناموسی و هاوشێوەکانی، ناتوانرێت بە ناونانی خستنەڕووی ڕاستییەکان بە ڕەگەزپەرستی و ئیسلامۆفۆبیک پێناسە بکرێن.

هەروەها ڕۆژنامەنووس یاکۆب ئاوگشتاین " Jakob Augstein" هەمان لۆژیکی کوبرا گوموشای پەیڕەو کرد کاتێ لە مانگی پووشپەڕی ٢٠١٧ کۆمەڵێک موسڵمان لە شاری کۆڵن خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە

تیرۆری ئیسلامیستەکانی داعش. یەکێک لە هاو دەستپێشخەرەکان زانای ئیسلامی لەمیا کادور " Lamya Kaddor" بوو کە پێشتر گوتبووی: "پێویستە ئێمەی موسڵمان زیاتر خۆمان لە تاوانباران دوور بخەینەوە." ڕووداوەکانی مانچستەر و لەندەن زێدەڕۆیی بوون، هەر بۆیە دەبێ موسڵمانان بوەستن و هاوار بکەن: "ئیتر بەسە." لەسەر ئەو ڕاستییەی کە تەنیا نزیکەی ٢٠٠٠ موسڵمان لەبری ئەو ١٠ هەزار موسڵمانەی چاوەڕوان دەکرا لەو خۆپێشاندانەدا بەشدار بن، ئاوگشتاین گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دیارە "تورکەکانی مام تۆم" لە کۆڵن و ناوچەکانی دەوروبەریدا ئەوەندە زۆر نەبوون. ئەوەشی دیارە وەک نیشانەیەکی باش وەرگرت.

لە پشت چەمکی "تورکی مام تۆم"ەوە ڕوانگەیەکی قووڵی ڕەگەزپەرستانە بۆ کەمینەکان تێبینی دەکرێت. بە بڕوای ئاوگشتاین، ئەوان تەنیا ڕەخنە لە خۆیان دەگرن و بە ڕەخنەگرتن هەڵوێستێکیان لەهەنبەر تیرۆری برا هاوباوەڕەکانیان گرتووە بۆ ئەوەی ئاغا سپی پێستەکەیان (لەم حاڵەتەدا ئاڵمانی) ڕازی ڕاگرن. ئەوەی کە ئەو موسڵمانانەی بەشدارییان لەم خۆپیشاندانەدا کردووە، لە قەناعەتی خۆیانەوە مامەڵەیان کردووە، لەبەر ئەوە بووە کە دەیانویست بۆ ئیسلامیستەکانی ڕوون بکەنەوە ڕێگەیان

پێنادرێت بە ناوی هەموو موسڵمانانەوە قسە یان هەڵسوکەوت بکەن، دیارە لە ناو جیهانبینی ئاوگشتایندا جێی نابێتەوە." لە وتارەکەیدا دەنووسێت، پێشتر وابوو: عەلی تەوالێتەکە پاک بکەرەوە. دروشمی ئەمڕۆش ئەوەیە: عەلی، بەرەو خۆپیشاندانی دژە تیرۆر وەڕێکەوە. دەنا، ئێمە لێت نارازی دەبین. ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە "مسوڵمانان چەواشە دەکات" و "تیرۆری نێودەوڵەتی لەناویاندا دەهێڵێتەوە". پێچەوانەکەی ڕاستە. ڕەنگە ئاوگشتاین لە ڕۆژنامەی شپیگڵی ١٩ی پووشپەڕی ٢٠١٧دا ویستبێتی پارێزگاری لە موسڵمانە ئاشتیخوازەکان بکات و لە گوشار و دوورکەوتنەوە لەو کردەوە تیرۆریستییەی ئەنجامیان نەداوە ڕزگاریان بکات. بەڵام لە کۆتاییدا بە تاوانبارکردن، سووکایەتیکردن و تۆمەتبارکردنی موسڵمانە ڕەخنەگرەکان بەوەی تەنیا هاوبەشیی چاوەڕوانییەکانی پیاوی سپی پێستیان کردووە، پێچەوانەکەی وەردەگرێتەوە. ئەوەش خۆی جۆرێکە لە ڕەگەزپەرستی.

## تێزی یازدە: ئایا ڕەگەزپەرستی زۆرتر بووە یان "تەنیا" گلەییکردنە؟

کاتێک ٢٥ ساڵ لەمەوبەر هاتمە ئاڵمانیا، تەنیا سێ "بیانی" ناودار لە تەلەفزیۆنی ئاڵمانیادا چالاك بوون: ڤیکی لیاندرۆس "Leandros Vicky"، ڕودی کارێل "Rudi Carrell" و ڕۆبێرتۆ بلانکۆ "Roberto Blanco". جاروباریش ڕۆڵی بچووک لە ئۆپێرا و زنجیرەکاندا بۆ ئەو کەسانە هەبوو کە پێشینەی کۆچبەرییان بوو - وەک سەرایدار، خاوەن میوانخانە یان ژنی کڵفەت. مرۆڤی بیانی ئەمڕۆ لە هەموو بوارە پیشەییەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا چالاکن؛ وەک ئەکتەر، پێشکەشکار، پزیشک، ئەندازیار، کارمەندی بانک، سیاسەتمەدار و پرۆفیسۆر گەلێك دیارن. ئەوان ئەو شوێنانەیان گرتۆتەوە کە بەڕووی دایک و باوکیاندا داخراو بوون.

لەلایەک ئەمە دەرئەنجامی گەشەسەندنێکی سروشتییە، چونکە بێگومان منداڵی یەکەمین کۆچبەران لە "وڵاتانی میوانداری" نوێدا دەرفەتی خوێندنیان جیاواز بووە لە چاو دایک و باوکیان لە وڵاتی پێشووی خۆیان. نەوەی یەکەمی کۆچبەران لە ناوچە لاوازەکانی پێکهاتەیی و هەژارەوە

هاتبوون؛ هەلی کار لە ئاڵمانیای دوورەوە بەڵێنی ژیانێکی باشتری پێدەدان، بەتایبەت بۆ داهاتووی منداڵەکانیان. لە لایەکیتریشەوە ئاڵمانیا بە تێپەڕبوونی کات زۆر کراوەتر بووەوە، ڕێگای زیاتری بۆ ناو کۆمەڵگا بۆ ئەو مرۆڤانە خۆش کرد.

دایک و باوک و باپیرەیان لە ئاڵمانیا چەندین جار ڕووبەڕووی ڕاوەنان و جیاکاری بوونەوە، بەڵام بەو پێیەی زۆرینەی کۆمەڵگا بەزەحمەت باسی ئەم کێشەیەیان دەکرد، ئەوانیش بێدەنگ مانەوە.  ئەوان وایاندانابوو، کە تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی لێرە بژین. منداڵ و نەوەکانیان زۆر زیاتر لە کۆمەڵگادا دیارن و زۆربەیان سەرکەوتووترن لە خۆیان. ئەوان تەنیا نایانەوێت لێرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کار بکەن و پارە پەیدا بکەن، بەڵکو لێرە لەدایکبوون و لە ناو کۆمەڵگەی ئاڵمانیدا گەورە کراون و دەیانەوێت هەڵوێست، ویست و بۆچوونی خۆیان هەبێت. لەسەر بۆچوونی هانا ئارێنت"Hannah Arendt"،[٨] هەرکەسێک بچێتە ناو فەزای گشتیەوە، دەیەوێ سەر بە خۆ بێت.

سەرکەوتن و بەشداریکردن نەک هەر ڕوانگە و ویستی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگادا پێشینەی کۆچبەرییان هەیە؛ بەڵکوو دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوە

---

[٨] کەسایەتییەکی سیاسی ئیسرائیلی – ئەمریکییە.

لەلایەن بەشێکی کۆمەڵگاوە. بەتایبەت لەو بەشانەی کە پابەند بە پێکهاتەیەکی پلەبەندی دیاریکراوی ڕابردوون: کاتێ یەکەم شەپۆلی کرێکارانی میوان هاتنە ئەم وڵاتە، دیار بوو ئەوان لە خوارەوەی کۆمەڵە سەرەکییەکەوەن. هیچ داواکارییەکی ئەوتۆیان نەبوو، هیچ شتێکیان بۆ گوتن نەبوو و بە دڵنیاییشەوە هیچ شتێکیان نەبوو بڕیاری لەسەر بدەن. ئەوان تەنیا سوپاسگوزار بوون، لەوە زیاتر هیچیتریان نەدەویست.

بۆ زۆرێک لە ڕەگەزپەرستان و "بێگانەپەرستەکان"، نەوەی سەرکەوتووی ئەمڕۆ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ یەکەم وەچە، دڕکێکی گەورەترە لە چاویاندا. لە کاتێکدا جاران دەیانگوت: "بیانییەکان لانیکەم کارە پیسەکان دەکەن"، ئەمڕۆ دەوترێت: "ئەوان شوێنی کارەکانمان دەگرنەوە". ڕەگەزپەرستی دەبێتە دەربڕینی ململانێیەک بۆ دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییە سنووردارەکان. بەو ڕادەیەی کەلێنی کۆمەڵایەتی لە وڵاتێکدا گەورەتر بێتەوە، بە هەمان ڕادەش ئەم شەڕ و ململانێیە تاڵتر دەبێت. چونکە هەمیشە کاری هاسانتر ئەوەیە بەرپرسیارێتی لە خۆت دوور بخەیتەوە و بیخەیتە سەر شانی گروپێکی دیکە و قامکت بەرەوڕووی ئەوان ڕاکێشی.

بەڵام ڕوانگە و بەشداریکردن لە کۆمەڵ بە مانای یەکگرتن یاخود ئینتیگراسیۆنی سەرکەوتوو، هەمیشە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە وڵاتێک نەبەستراوەتەوە. هەروەها هەموو ناهاوسەنگییەک لە کۆمەڵگایەکدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزپەرستییەوە نییە. هەندێک لە نەوەکانی "کرێکاری میوان" بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە: "دایک و باوک و باپیریان وەک کرێکاری زۆرەملێ هێنراونەتە ئێرە". لەحاڵێکدا هەژاری، سەختی کۆمەڵایەتی و ئابووری بووبوە هۆی ئەوەی زێدی خۆیان بەجێبهێڵن. ڕۆژنامەنووس کەنعان تۆپچو "Canan Topçu" کە دواتر دەگەڕێمەوە سەر باسەکەی، لە ڕەوتی مشتومڕەکانی ئێستادا دێتە سەر ئەو بڕیارە، بە تایبەت بۆ زۆرێک لە گەنجان و خوێندەوارانی ئەکادیمی و سەرکەوتوو بە پێشینەی کۆچبەریەوە، کە بۆیان نەگونجاوە خۆیان لەگەڵ وڵاتی ئاڵمانیا پێناسە بکەن و هەست بە باڵادەستی ناو کۆمەڵ بکەن. ئەوان ئیتر لەوە بێزارن زۆرینەی کۆمەڵگا بەردەوام چاوەڕوانی شێوەیەك لە پابەندبوونیان لێدەکات.

من دەمەوێت بەرپەرچی ئەوە بدەمەوە و بڵێم کۆمەڵگایەک دەتوانێت بەردەوام چاوەڕێی ئەوە بکات هەموو ئەندامەکانی بەشداری لە کارکردن و ئاوەدانکردنیدا بکەن - بەبێ گوێدانە بنەچەیان! سەرەڕای ئەوەش، زۆر

کەس لەم جۆرە داواکاریانەدا شێوەیەك لە ڕەگەزپەرستی دەبینن. بۆ هەندێک کەس تەنانەت پێدەچێ کۆمەڵگەی ئاڵمانی کە تادێ کراوەتر دەبێ، زیاتر و زیاتریش ڕەگەزپەرستانە دەبێت؛ یان ئەمە تەنیا ئەو دیاردەیە دەگرێتەوە کە ئەکتەری ئەمریکی ویل سمیث "Will Smith" ساڵی ٢٠١٦ بەم وشانە باسی لێوەکردووە: " Racism is not getting worse. It’s getting filmed". بە گوێرەی سمیث، کۆمەڵگا لە ئەمریکا چیتر ڕەگەزپەرستی یان توندوتیژی پۆلیس ئەزموون ناکات، ئەمانە زۆر بە ساکاری باشترین بەڵگەنامەیان بۆ  دروست دەکرێ - بۆ نموونە لە ڕێگەی کامێرای مۆبایلەوە.

کەواتە ئایا منداڵانی بە پێشینەی بیانییەوە، ئەمڕۆ لە ڕاستیدا زیاتر لە دایک و باوکیان تووشی ڕەگەزپەرستی دەبنەوە؟ یان ئەزموونەکانیان لەسەر کۆمەڵگای ئەمڕۆ وا دەبینن و هەموو ڕەتکردنەوە یان سنووردارکردنەوەیەك بە ڕەگەزپەرستی لێکدەدەنەوە؟ زۆرێک لەو گەنجانە قەرزداری دایک و باوکیانن، کە زۆر ئازاریان چەشت بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی باشتر بە منداڵەکانیان بدەن. هاوکاتیش لەوانەوە بێمتمانەییان لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە وەرگرتووە، تەنانەت ئەگەر خۆیان ئەزموونی تەواو جیاوازیان بووبێت. بەم چاویلکەی بێمتمانەییە، هەندێک جار ڕەگەزپەرستی

لەو شوێنانە هەست پێدەکرێ کە لەڕاستیدا بوونی نییە. هەر بۆیە پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا بەڕاستی ئێمە ئەمڕۆ ڕەگەزپەرستی زیاترمان هەیە لە پێشوو - یان نەوەی ئەمڕۆ تەنیا دەرفەتی باشتری هەیە بۆ گلەییکردن لە ڕەگەزپەرستی. دەرفەت بە مانای بەرزبوونەوەی وشیاری لەهەنبەر هەڵاواردن، بە مانای لێهاتوویی زمانەوانی و ژێرخانی یاسا و دەسەڵاتەکانە کە مرۆڤ بتوانێت پشتی پێ ببەستێت و بتوانێ ڕووی تێبکات. نموونەیەك دەخەمەڕوو: ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن کۆمەڵێک کۆچبەری عەرەبەوە لە شاری مۆنتریال لە کەنەدا بانگهێشت کرام بۆ ئەوەی وتارێک پێشکەش بکەم. تەوەری باسەکە لەسەر ئەو پەیوەندییە گرژە بوو کە زۆرێک لە موسڵمانان لەگەڵ ڕۆشنگەریدا هەیانە. من لە گوتەکانمدا ڕەخنەم لە ئیسلامیزم گرت کە وەک بەربەستێک لەسەر ڕێگای جیهانی ئیسلام بەرەو مۆدێرنیەت وەستاوە. لەناکاو خوێندکارێکی کیژی لەدایکبووی مەغریب هەستا و بە تووڕەییەوە وتی باڵادەستە سپی پێستەکان و بیرۆکە کۆلۆنیالیستییەکانیان مەترسی ڕاستەقینەن نەک ئیسلامیزم. پاشان چیرۆکی باپیرەی گێڕایەوە کە لە ساڵانی ١٩٥٠دا وەک کرێکاری کانگە لە فەرەنسا ئازارێکی زۆری تووشهاتووە و چاودێری تەندروستی پێویستی لەسەر نەبووە، هەر بۆیەش لە تەمەنی تاڕادەیەک گەنجیدا مردووە. دەرئەنجامێکی زنجیرەیی

بەهۆی ڕووتاندنەوە و ڕاوەنان. هەروەها بە چاوی پڕفرمێسکەوە پێی گوتم: " واز لەوە بێنە بەوشێوەیە باس لە ئیسلام بکەی، ئەگینا تۆش وەک باڵادەستە سپی پێستەکان دەکەویتە ناو ڕیزی ئیسلامۆفۆبیەکان!"

ناچار بووم بۆ ئەوەی لەم خانمە گەنجە تێبگەم بۆ ماوەیەک بچمە ناو خۆمەوە. ئەو بارە قورسە نەبینراوانەم بینی کە لەسەر شانی هەڵیگرتبوو و هاوکاتیش باری سەر شانی خۆمم بینی. لە وەڵامەکەمدا تێگەیشتنم بۆ چیرۆکی ئازارەکانی باپیرەی و هەروەها بۆ ئەوەی چارەنووسی باپیری بیرکردنەوەکانی لە قاڵب داوە، دەربڕی. بەڵام ناچار بووم بۆی ڕوون بکەمەوە کە ئازارەکانی باپیرەی پەیوەندییەکی کەمی بە باڵادەستی سپی پێستەکانەوە هەیە. هەروەها ڕەخنەکانم لە ئیسلامیزم بەو مانایە نەبووە کە من خۆکارانە لایەنی ڕەگەزپەرستان دەگرم. چونکە ئیسلامییەکان جگە لە "باڵاخوازە موسڵمانەکان" هیچیتر نین و ئەوانیش بەدوای پرۆژەی کۆلۆنیالیزمی خۆیاندا دەگەڕێن. بە بێ کۆلۆنیالیزمی سەردەمی پێشووی موسوڵمانان لە باکووری ئەفریقا، نە ئەو بە موسڵمانی مەغریبی لەدایک دەبوو و نە منیش وەك موسوڵمانی میسری لەدایک دەبووم. هەروەها بەبێ ئیسلامیزمی ئەمڕۆیی و نەبوونی جیاوازی لە نێوان

زۆربەی موسڵمانانی ئاشتیخواز، پێکەوە ژیان بۆ ئایینە جیاوازەکان گەلێك ئاسانتر دەبوو.

لە کۆمەڵەکاندا زۆر کەسی سپی پێست هەن ڕەخنە لە ڕەگەزپەرستیی باڵادەستە سپی پێستەکان دەگرن، بەڵام بەداخەوە لە جیهانی ئیسلامیدا موسوڵمان و دژە ڕەگەزپەرستی بە دەگمەن ڕەخنە لە ڕەگەزپەرستی ئیسلامیەکان دەگرن. ئەو کیژە گەنجە بۆ من نموونەیەک بوو لە زۆر-گەنج و خوێندەوار بە پێشینەی بیانییەوە لە ڕۆژئاوا. ئەوان دەرفەتێکی نایابیان هەیە بۆ جیابوونەوە لە ململانێی ناسنامەی دایک و باوکیان، هەروەها بۆ ئەوەی وەک مرۆڤی ئازاد بژین. بەڵام ئەوان بە ئارەزووی خۆیان یا نائاگایانە بارەکانی ئەوان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و خۆیان لەگەڵ ململانێیەکدا پێناسە دەکەن کە لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆیان پێکنەهاتووە و زۆرجار بە بێ ئەوەی هەستی پێبکەن دەبنە سەربازێکی گیان لەسەر دەست بۆ شەڕی ناسنامەکان. دەکرێ ئەم سکاڵا بەردەوامانە لەگەڵ ئەو نەخۆشانە بەراورد بکرێ کە بەدەست نەخۆشی "Munchausen syndrome" [واتە خۆ بە نەخۆش نیشاندان] و ئازاری جەستەیی یان دەروونی ساختە دەناڵێنن بۆ ئەوەی هەستی سۆزداریی، بەزەیی و سەرنج بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ڕەوتی قوربانی لای ئەوان ئیمتیاز و پێگەیەکی

دەسەڵاتە کە نایانەوێت دەستبەرداری بن. بەردەوام هەست بە ڕەگەزپەرستی دەکەن لەو شوێنانەی کە ڕەگەزپەرستی تەنانەت بوونیشی نییە. بەو هۆیەوە زیان بە قوربانییە ڕاستەقینەکانی ڕەگەزپەرستی دەگەیەنن کە زیاتر شایانی ئەو سەرنجەن.

تۆمەتی ڕەگەزپەرستی نابێ مرۆڤ لەو ڕێگایە بترازێنێت کە ئەرکی سەرەکی هەمووومانە: "سەرەتا دەبێ بەر دەرگای خۆمان خاوێن بکەینەوە". ڕەگەزپەرستی ڕەنگ، نەتەوە یان ڕەگەز ناناسێت. هەرکەسێک تەنیا ڕەگەزپەرستی بەرانبەر خۆی ببینێت و ئامادە نەبێ شێوازی جیاکارییەکانی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، پەرە بە کێشەی ڕەگەزپەرستی دەدات. هەر کەسێ وەک خۆم ڕەخنە لە ئیسلامیزمی سیاسی و پێکهاتەکانی بگرێت بە هیچ شێوەیەک ئیسلامۆفۆب نییە. بەڵام هەرکەسێک هەموو ڕەخنەیەک بە ئیسلامۆفۆبی ناوزەد بکات، تەنیا لە ڕادیکاڵکردنی زیاتری کولتوری گوتاردا "culture of discourse" بەشداری دەکات. هەمان شت بۆ ئەو کەسانەش دەگونجێ کە چاوپۆشی لەوە دەکەن پێکەوەژیانێکی باش نەک هەر دەرفەتی یەکسان بۆ مرۆڤ لەخۆدەگرێت، بەڵکو بەرپرسیارێتی یەکسانیش دەگرێتەوە. بە دڵنیاییەوە بۆ باشترکردنی دۆخی هەردووکیان فەزایەکی گەلێك بەرفراوان بەدی دەکرێ.

زۆرێک لە دژە ڕەگەزپەرستە سەرسەختەکان پێیان وایە ڕێزگرتن و لێبوردەیی وەک واکسینێك لە دژی ڕق و کینە و ڕەگەزپەرستی کاردەکات. بەڵام ڕێزگرتن و لێبوردەیی هاوشێوەی خۆشەویستییە: ناتوانرێت بە قامکپێوەنانی دوگمەیەک دەستپێبکات، بەڵکوو پێویستی بە لێک تێگەییشتنیان هەیە و دەبێ ئەو هەستە لە دەروونی مرۆڤدا گەشەی ساندبێ. لە ڕێگەی ئەزموونەوە، لە ڕێگەی بەریەککەوتن و پەیوەندییەوە، لە ڕێگەی گفتوگۆیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ کەسی بەرانبەر و هەروەها لەگەڵ خۆیدا سەرهەڵدەدات. باسێکی دادپەروەرانە لەم شێوەیە خۆڕاگری لەهەنبەر ڕەخنە و کێبەرکێ بە بنەمای تووڕەییەوە لەخۆدەگرێت.

وشەی ڕێزگرتن لە "respectio"ی لاتینی وەرگیراوە و بە واتای "ئاوڕدانەوە لە دواوە" یان بە واتای وشەیی "بینینی دوبارە" مانا دەکرێتەوە. ئەمەش بەو واتایە حوکم لەسەر بنەمای وێنەیەکی خێرا لەسەر کەس نەدرێت. هەروەها بە واتای سەیرکردنی ناوەوەی خۆت و ناسینی ئەو

هەڵسوکەوتانەی لەخۆتدا دەیانبینی و لەبەرچاویان ناگری، بەڵام کاتێ هەمان هەڵسوکەوت لە کەسانی دیکەدا دەبینی، ڕەخنەیان لێدەگریت. بەو مانایەی هەموو کەسێک سەرەتا پێش ئەوەی قامك بۆ کەسانیتر ڕابکێشێت بەردەرگای خۆی خاوێن بکاتەوە. تەنیا ئەو کاتەی لە سنوور، لاوازی و کەموکورتییەکانی خۆمان تێبگەین، دەتوانین بە هاوسۆزیەوە لە کەسانی دیکە نزیک ببینەوە.

بەڵام نابێ هاوسۆزی لەگەڵ بەزەیی تێکەڵ بکرێت، چونکە بەزەیی ناهاوسەنگە. ئەو کەسەی هەستی بەزەیی لەخۆی نیشاندەدا خۆی بە باڵادەست دادەنێ و هەستی بەزەیی خۆی لە لاوازییەکانیەوە وەردەگرێ. هەستی هاوسۆزی واتە بینینی کەسەکە بە گشتی، لێرەدا مەبەست بچووککردنەوەیان بۆ هەڵە و کەموکوڕیەکانیان نییە، یاخود بەدوای ئەوەدابێ لێك جیایان بکاتەوە، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆئەوەی بەیەکەوە بیانبستێتەوە. ئەمەش هاوڕێیەتی و هاوبەشی هەروەها ژیانی پێکەوەیی کەسانێک دەگرێتەوە کە ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیی یان کولتووریی جیاوازیان هەیە.

بەداخەوە لە ڕۆژئاوا ئەو هەڵەیە کرا کە لە سەرەتاوە فرە کولتوری وەک باوەڕ یان بۆچوونێك ناسێندرا. کولتوورە بیانییەکان وەک ئەمرازێکی دەوڵەمەندکردن ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا و ئەو فەزایەی مرۆڤ دەیتوانی تێیدا ڕەخنەی ڕەوا لە

هەندێک لایەنی ئەم کولتوورانە دەربڕێت، بە پێی کات تەسکتر بوونەوە. بەڵام پێکەوەژیانی کولتوورەکان دەبێ بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکات و ناتوانرێ لە سەرەوە بڕیاری بۆ بدرێت یان ڕێکبخرێت. وەک هاوسەرگیری دەبێ لەسەر بەرپرسایەتی دوو لایەنەکە و یەکسانی بنیات بنرێت و هەندێک شت دەبێ دانوستانیان لەسەر بکرێت. ئەگەر هاوسەرێک خۆی لە ڕەخنەی ڕاستگۆیانە بەدوور بگرێت لەبەر ئەوەی هەستی ئەوی دیکە ئازار نەدات، بە تێپەڕبوونی کات نارەزایی و تورەیی لەسەر یەك کۆدەبێتەوە، کە لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی ناخۆش تەقینەوە و ئازاری هاوبەشی ژیانیان زیاتر دەکات.

فرە کولتوری وەک سیستەمێکی ڕوانگە و دەربڕینی بۆچوونی تایبەتی، جیهان بەسەر چاکە و خراپەدا دابەش دەکات، بەو هۆیەوە نەك هەر نەبووەتە هۆی پێکەوەژیان و ئاشتی نێوان مرۆڤ، تەنانەت بووەتە هۆی دابینکەری سووتەمەنی شەڕی کولتووری. ئەم ئەنجامە بە تایبەتی لە ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەبینرێت. لە سەردەمی حکوومەتی دۆناڵد ترەمپدا، فرە کولتورییە دیاریکراوەکە لەگەڵ سیستەمێکی ڕوانگە و دەربڕینی بۆچوونی "Make America Great Again" [هەمیسان گەورەیی بدەنەوە بە ئەمریکا] بەریەککەوتن، و گوێڕایەڵی بە تایبەت لەنێو ئەو

کەسانەدا دۆزییەوە کە لەلایەن هیلاری کلینتۆن " Hillary Clinton" کاندیدی دۆڕاوی سەرۆکایەتی ئەمریکاوە بە "جێگای داخ" وەسفکرابوون. لە لایەکەوە داکۆکیکارانی ڕۆشنگەر و خوێندەوار لە کۆمەڵگەیەکی کراوە و فرە کولتوری؛ لەولاشەوە مرۆڤی مات و هەڵپسێردراو، هۆگری "پیاوە پیرە سپی پێستەکە" کە ترسی لەدەستدانی ناسنامەی خۆی لەم کۆمەڵگە هەمەڕەنگ و کراوەدا هەبوو. بۆ هەندێ کەس پرسیاری بنەڕەتی تەنیا دەربڕینێک بوو بۆ هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستی، بۆ هەندێکیتریش لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ سەبارەت بە مێکزیکییەکان وەک تاوانبار و دەستدرێژیکار و سەبارەت بە وڵاتانی ئەفریقایی وەک "shithole countries" [وڵاتانی چاڵە گوو]، تەنیا وەسفێکی ورد بوو بۆ قامکدانان لەسەر کێشەکانی ناو کۆمەڵ. لە کاتێکدا هەندێکیان دژی ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی پۆلیس ڕژانە سەر شەقامەکان، هەندێکیتر نیگەرانی لەدەستدانی ئیمتیازی مرۆڤی سپی پێست بوون لە وڵاتێکدا کە ڕەگەزپەرستی پێکهاتەیی، بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەیان. لە چوار ساڵی ڕابردوو و لە سەردەمی ترەمپدا، گروپە توندڕەوەکانی وەک "Proud Boys" [کوڕانی سەربەرز] ناوبانگێکی زۆریان بەدەستهێناوە. یەکێک لەوانە ئەلێکس فورمان "Alex Furman" لە چاوپێکەوتنێکدا لە ٢٧ی گەلارێزانی ٢٠٢٠ لەگەڵ پەیامنێری ستۆدیۆی واشنتۆن وتی: " کێشەی سیستەمی

دیموکراسی ئەوەیە کە کۆچبەران دەڕژێنە ناویەوە. مەترسی ئەوە هەیە ببنە هاوڵاتی نایاسایی و بۆچوونی کۆنەی چەپگەرایيانە لە مێکزیکەوە لەگەڵ خۆیان بهێنن. پاشان ڕێگەیان پێدەدرێت دەنگ بدەن و ئەمریکا بگۆڕن."

بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەمریکا نە ڕابردوویەکی هاوبەش و نە سەرچاوەیەکی هاوبەش لە نێوان کۆچبەراندا هەبوو، هەر بۆیەش ئەفسانەیەکی دامەزرێنەری یەکگرتوو نەبووە. ئەم بۆشاییە سەرەتا بە مۆدێلی "Melting Pot" [مەنجەڵی تواندنەوە] و دواتر بە مۆدێلی کۆمەڵگەی فرە کولتوری پڕکرایەوە. بەڵام یەکێتی لە ڕێگەی فرەچەشنی و لەناو فرەچەشنیدا ناتوانرێ لە سەرەوە بسەپێندرێت. فرەچەشنی وەک پرۆسەیەکی سروشتی ڕێگەی پێنەدرا، بەڵکو بەهۆی سیاسەتێکی ناسنامەیی و بەشێکی ئایدیۆلۆژی هەروەها لەم دواییانەدا بە زمانێکی توند  کە هەر لادانێک لە ڕاستگۆیی سیاسی لەگەڵ ڕەگەزپەرستیدا یەکسان دەکرد، کۆنترۆڵکرا. ئەم فۆرمەی سیاسەتی ناسنامە پەرەی سەند و بوو بە شەڕێکی تاڵی کولتووری کە وڵاتەکەی بە قووڵی دابەش کرد.

هەروەها دۆناڵد ترەمپ وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە سیاسەتی ناسنامە هەڵبژێردرا کە، لەبری ئەوەی بەدوای هاوبەشی و یەکگرتوویی بکەوێ، ئاهەنگی جیاوازیی نێوان نەتەوەکانی گێڕا. زمانە هاندەر و هێرشبەرەکەی ترەمپ

مەڵحەمێکی لەسەر برین و ڕۆحی ئەو کەسانە دانا کە بەهۆی باوەڕی فرەکولتووری و ڕاستگۆیی سیاسی هەستیان بە دۆڕان و دوودڵی کردبوو.

## تێزی سێزدە: هەڵوێست زمان دەگۆڕێت نەک بە پێچەوانەوە

بێگومان جیهانبینی هەمیشە لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت. بۆیە دەتوانرێ ببێتە ئامرازێك بۆ بەرەوپێشبردن یان سەرکوتکردنی جیهانبینییەک. ئەگەر لە سەرەوە نۆرمەکانی زمان دیاری بکرێن، پێویستە هەمیشە بزانرێت کە ئایا ئەمە بە مانای هەڵوێستێکی سیاسیش نییە کە فەزای گوتار تەسک بکاتەوە. ڕاستە زمان بیرکردنەوە دیاری دەکات و بە پێچەوانەشەوە. بەڵام تەنیا ئەو ڕاستییەی ئێمە ئێستا باسی خەڵکی ڕەنگاوڕەنگ و لاتینی (کەسانی بە ڕەچەڵەک ئەمریکای لاتین) دەکەین، کۆتایی بە جیاکاری لەهەنبەریان ناهێنێ. گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بارودۆخەکاندا تەنیا کاتێک دەتوانرێ بەدەستبهێنرێ کە بە کۆدەنگییەکی کۆمەڵایەتی فراوان پشتگیری بکرێت. ئەمە تەنیا ئەمریکا ناگرێتەوە، بەڵکو ئاڵمانیاش دەگرێتەوە.

دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١ی ڕەزبەری ٢٠٠١، لەو وڵاتەدا ترسێک هەبوو کە ئەم ڕووداوە بێمتمانەیی و ڕق و کینە بەرانبەر بە موسڵمانان زیاتر بکات. لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین هێرشی ئیسلامیی دیکە جیهانی تووشی

شۆک کردووە. لە زۆر حاڵەتدا نوێنەری کۆمەڵە موسڵمانەکان خۆیان لەو کردەوە تێرۆریستییانە دوور خستووەتەوە و بە کاردانەوەیەکی "نائیسلامی" شەرمەزاریان کردووە. هاوکات لە چاوپێکەوتن و لێدوانەکانیتردا هەوڵدرا ئیسلام وەک ئایینێکی ئاشتی پیشان بدرێت. لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین جار ڕەخنەی ڕەوا لە ئیسلام، بە ڕق و کینەی ئیسلامی، دوژمنایەتی دژ بە ئیسلام، ئیسلامۆفۆبیا و ڕەگەزپەرستی کولتووری ناوزەد کراوە. ئەو کۆمەڵە ئیسلامییانەی پێشتر هیچ ڕۆڵێکیان لە میدیا و سیاسەتدا نەبووە، پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان پێدرا و ڕێگەیان پێدرا لە وانەوتنەوە لە قوتابخانەکان و بۆ ئینتیگراسیۆنی کۆچبەران ئەرکی نوێ بگرنە ئەستۆ. تەنانەت ئەو کۆمەڵانەی لە بەرنامەکانی خۆیاندا خۆپاراستن و ئامانجیان ڕادیکاڵکردنی ئیسلامییەکان بوو، بەشدار کران.

چەمکی وەک "ڕێزگرتن"، "لێبوردەیی"، "تولەرانس"، "لەگەڵ یەکتر، لەبری دژی یەکتر" لەسەر زمانی هەمووان بوو. چەمکی وەک "بیانییەکان" گۆڕا بۆ "کەسانێک کە پێشینەی کۆچبەرییان هەیە" و دواتر بۆ "کەسانێک کە مێژوویەکی نێونەتەوەییان هەیە". تەنانەت چەمکی "ئیسلامیزم" کەمتر و کەمتر دەبیسرا؛ خەڵک پێیان باشتر بوو بە گشتی باس لە کردەوەی توندوتیژیی ئایینی بکەن،

وەک ئەوەی ئایینەکانی دیکەش کێشەیان لەگەڵ تیرۆردا هەبێت. هەروەها چەمکی وەک "کۆچبەری نایاسایی" وردە وردە باوی نەما؛ لەپڕێکدا ناوی"کۆچبەری بێ بەڵگەنامە"یان لێنرا. "پەناخوازان"بوونە "پەنابەر"، دواتریش "هەڵاتوو لە وڵات".

ئایا بە گۆڕینی چەمکەکان و ئەم شێوە چاکسازیانەی زمانەوانی بێمتمانەی موسڵمانان و پەنابەران لە کۆمەڵگادا کەم دەکرێتەوە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە ئیسلامیزم و تیرۆری کەمترمان هەیە؟ ئایا لێبوردەیی زیاتر بووە، دۆخی پێکەوەژیان باشتر بووە، جیاکاری کەمتر هەیە؟

من لەسەر ئەو باوەڕەم، ئەم ڕێوشوێنانە نەك هەر کاریگەر نەبوون، بەڵکوو تەنانەت کاریگەریی پێچەوانەشیان هەبووە. گۆڕین و جوانکاری زمانەوانی و تابۆکردنی ڕەخنە لە ئیسلام هیچ سوودێکی بە موسڵمانە ئاسایی و ئاشتیخوازەکان نەگەیاند، بەڵکو زیاتر سوودی بۆ ئیسلامیستەکان بوو کە ئێستا وەک هاوکاری حکوومەت لەسەر بابەتی گرنگی وەك ئینتیگراسیۆن و بەرەنگاربوونەوەی ڕادیکاڵبوون بڕیاردەرن. هەروەها هەرکاتێک ڕەخنە لە هەڵوێستی بناژۆخواز یان ناسیۆنالیستییان لێگیرا، یەکسەر وانەی ڕەگەزپەرستی و ئیسلامۆفۆبیا لە گیرفانیان دەکێشنە دەرەوە. ئەوان هەستی تاوانباری لە سیاسەت و کۆمەڵگادا

که پێش به ئینیتگراسیۆن دەگرێ، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای ناتولەرانسی خۆیان بەکاردەهێنن. ئەزموونەکەشی ئەمڕۆ دەبینین: "زیاتر ئیسلامیزم، زیاتر هەڵوەشاندنەوە وکشانەوە، زیاتر کولتووری کۆنەپەرەستی ئەردۆغان و بە هەمان شێوە زیاتر بێمتمانەیی و ڕق و کینە لە لایەن کۆمەڵگەی زۆرینە بەرانبەر بە موسڵمانان، کە لە بنەڕەتدا مەبەستیان ئەوە بوو خۆی لێ بپارێزن."

بێگومان من دەمەوێ لە کۆمەڵگایەکدا بژیم کە خەڵک ڕێز لە زمانەکەی بگرن و سوکایەتی بە هیچکەسی پێ نەکرێ. من نامەوێ خەڵکی ناو کۆمەڵ بە "ڕەشپێست"، "قەرەچی"، "مشەخۆر"، یان "پەتاتە" و "ماکاڕوونی" ناوبرێن و پێموایە دەتوانرێت بە خێرایی لەسەر ئەو کێشەیە کۆدەنگییەک دروست بکرێت. بەڵام هەوڵی بەڕواڵەت نەشتەرگەری بۆ لابردنی هەموو چەمك و زاراوە (گوایە) "کێشەدارەکان" بە تەنیا هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایەک ناگۆڕێت. ناتوانی لە ڕێگەی زمانی دیکتەکراوەوە شێوازی بیرکردنەوە و ژیانت بگۆڕی. هەڵوێست زمان دەگۆڕێت نەک بە پێچەوانەوە.

زمان گەشە دەکات، ئاوێنەیەکی سەردەمی خۆیەتی، لەسەر بنەمای زانین و کولتوور دامەزراوە. ڕێفۆڕمی کتێبی ئینجیل لەلایەن مارتین لوتێرەوە بۆ چەندین نەوە زمانی

ئاڵمانی لە قاڵب دا، چونکە وایکرد باوەڕداران بگەنە قۆناخێك کە لەمێژبوو بەڕوویاندا داخراو مابۆوە. دیارە مارتین لۆتێر بۆ ئەو ڕێفۆڕمەی هاوکات سەیری هەڵسوکەوت و نەریتی ناو کۆمەڵی سەردەمیشی کرد. ئەمڕۆ ڕێفۆڕمێکی نوێی کتێبی ئینجیل بەزەحمەت دەتوانێت کاریگەری لەسەر زمانی ئاڵمانی هەبێت چونکە هۆکارەکانی تر ڕۆڵێکی گەورەتر دەگێڕن. لەمڕۆدا کۆچبەران، کولتوری گەنجان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەندێک بەرهەمی ئەدەبی مۆدێرن زیاتر کاریگەرییان لەسەر زمانی ئاڵمانی مۆدێرن هەیە.

سەردەمی ڕۆشنگەری زمانی تولەرانسی بەرهەم هێنا نەک بە پێچەوانەوە. بەڵام ڕەخنە لە ئایین زمانێکی توندوتیژی دژ بە دۆگما و پیاوسالاری و باوکسالاری خولقاند. ڤۆڵتێر "Voltaire" بابەتێکی زۆری سەبارەت بە تولەرانس نووسیوە، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی بە توندی ڕەخنە لە ئایینی جوولەکە، مەسیحی و ئیسلام بگرێت.

گۆێتە "Goethe" زمانی ئاڵمانی بە چەندین وشە و دەستەواژەی داڕێژراو دەوڵەمەندتر کرد. زۆرێک لە وتە، چەمك و زاراوەکانی تا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان هەیە، هەندێکیتریش لە مێژە لەبیرکراون. لەمڕۆدا کەس "مۆز"ێک بە "Pisang" ناو نابات. بەڵام سڵاوی

شوێبی[٩] کە گۆێتە لە کتێبی "Götz von Berlichingen"دا ئەبەدی کردووە، تا ئەمڕۆش ماوەتەوە.

لوتێر، نوێنەرانی ڕۆشنگەری یان گۆێتە زمانەکەیان بە زۆر بەسەرماندا نەسەپاند. هەندێکیان لە پرۆسەی گەشەسەندنی زماندا چەسپاند، هەندێکیتریش لەناو چوون و نەمان. وشەکان وەک بیرکردنەوە وان. لە گۆرەپاندا لەگەڵ وشەیتر و بیرکردنەوەیتر زۆرەبانی دەگرن. لە کۆتاییدا باشترەکان سەردەکەون و دەمێننەوە. مەبەستم لە "باشتر"مەرج نییە بە ئەدەبترینان بێت. بنیاتنانی زمانەوانی کە وەک دیواری پارێزەر لە دژی ڕەگەزپەرستی دەوەستێ، ئەگەر لەگەڵ کردار هاوسەنگ نەبێت، زۆر ناخایەنێت و خزمەت بە ئامانجەکەی ناکات.

دوای شەڕی جیهانی دووەم، کۆماری فیدراڵی ڕۆژئاوای ئاڵمانیا بڕیاری بۆ سیستەمی دیموکراسی دا و پێویستی بە کێشانی دیوارێک لە دەوری خۆی نەبوو، چونکە دانیشتوان سوودی ئەم فۆرمەی حکومەتیان دەناسی و پاڵپشتی ئەو سیستەمەیان دەکرد. لە بەرانبەردا ڕۆژهەڵاتی ئاڵمانیا "DDR" پێویستی بە دیوارێک بوو، چونکە بیرۆکەی سۆسیالیزم لەلایەن هەموو مرۆڤێکەوە پێشوازی لێنەکرا و خەڵک بە کۆمەڵ لێی هەڵدەهاتن.

[٩] شوێبی، زاراوەیەکی ئاڵمانییە لە ناوچەی شتوتگارد.

ڕاستگۆیی سیاسی لە ڕادەبەدەر، دەتوانێت دیواری نوێ لەو شوێنانە دروست بکات کە لە ڕاستیدا مەبەست ڕووخاندنیان بووە. هەروەها دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی تابۆ لەسەر بیرکردنەوەش دابنرێت، لە ترسی پێداهەڵگوتنی لایەنی هەڵە، لێوارەکانی بەهێز بکرێ و ناوەندەکەی بەتەواوی بێدەنگ بکات. ئەوەش دەکرێ بەو مانایە بێت کە چیتر ناتوانرێ مشتومڕە گرنگەکان بەڕێوەبچن، چونکە لە مێژە لەلایەن ئایدۆلۆژیستەکانی ڕاست و چەپەوە ڕفێنراون و خاوەنداری دەکرێن. بۆ نموونە لە حاڵەتی ڕەخنەگرتن لە ئایینی ئیسلامدا، "ڕاستەکان" بۆ ئەوەی خۆیان وەک پارێزەری ئازادی پیشان بدەن، تەواو ئەو فەزایەیان داگیرکردووە کە ناوەند چۆڵی کردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوان پارێزەری ئازادی نین.

ئەدی لە ئەمریکا؟ لەوێدا زمانی توند و تیژ و دروستی سیاسی و تابۆکردنی ڕەخنە لە کەمینەکان، لە میدیاکان و لە زانکۆکاندا نەك هەر نەیتوانیوە ڕەگەزپەرستی تroونا بکات و لەناویبەرێ، بەڵکوو پێچەوانەکەشی ڕوویداوە. ئەمڕۆ بەکارهێنانی زمانی ناشیرین و سووکایەتیکردن و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی دژبە کەمینەکان، تایبەتمەندییەکی باوی زۆرێک لە لایەنگرانی ترەمپە کە بە

قسه و لاساییکردنەوەی "سەرۆکیان" هەست بە پشتڕاستکردنەوەی خۆیان دەکەن.

## تێزی چاردە: ڕەگەزپەرستی - پیشەسازی: کێ سوودمەندە لەوەی کێشەی ڕەگەزپەرستی هەبێ

ئەگەر بەدواداچوون بۆ ئەو مشتومڕەی ئێستا بکەین، هەندێکجار ناتوانرێ ئەو بڕوایە بەدەست بهێنین تەوەرەکە بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵمان دەبێت، چونکە جۆرێک لە مافی "بوون" بە زۆرێک لە گروپە جیاوازەکان دەبەخشێت.

گروپە ڕاستڕەوەکان وەک ڕووبەرێکی پێشبینیکردن بۆ سیاسەتی تورەیی و ڕق و کینەی خۆیان پێویستیان بە کەمینەکان هەیە، بەتایبەتی مرۆڤی بیانی. زۆرێک لە دژە ڕەگەزپەرستەکان بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژییەکانیانەوە لە بەرەی ڕاستڕەوان جێگیر دەبن و هەندێکجاریش بە تاکتیکی توندتر لە خودی ڕەگەزپەرستی بەرەنگاری کێشەکان دەبنەوە. هەوڵدەدەن خۆیان وەک هێزێکی پارێزەری قوربانییەکان پیشان بدەن. دیارە ئەمە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام وەک بینیمان زۆرجار بۆ بەهێزکردنی قوربانییەکان یارمەتیدەر نییە. هەمان شت بۆ زۆرێک لە کۆمەڵە کۆچبەرەکان دەگونجێ کە هیوادارن بە گلەیی و

ڕەخنەگرتن  لە کردەوەی ڕەگەزپەرستی و ئیسلامۆفۆبیا پارەی زیاتر لە دەوڵەت وەربگرن و تەنانەت زۆرجاریش وانەی ڕەگەزپەرستیی بۆ سەپاندنی بەرژەوەندی حکومەتە بیانییەکان(وەك تورکیا) یان ڕێکخراوە توندڕەوەکان بەکاردەهێنن. دیارە بەم کارە نەیانتوانیوە ئەو بێمتمانەییەی لە بەرانبەر کۆچبەران و بەتایبەت موسڵماناندا هەیە، لەناوبەرن. لە زۆر حاڵەتدا مرۆڤ دەتوانێت ئەو بڕوایە بەدەست بهێنێت کە ئەوان لە ڕاستیدا چیتر ئارەزووی باشترکردنی دۆخی نێوان کۆمەڵگا موسڵمانەکان و کۆمەڵگە سەرەکییەکەیان نییە، بەڵکو زیاتر تامەزرۆیی و ئارەزووی سەرمایەدانان لەسەر دۆخی ئێستا بۆ بەرژەوەندی ئایینی و سیاسی خۆیان دەکەن. تەنانەت ئەوانەی وەک نموونە بۆ یەکگرتن و ئینتیگراسیۆنی سەرکەوتوو سەیر دەکرێن، و وەك منداڵی کۆچبەرانی سەرکەوتوو، خۆیان جێگیر کردووە، بە دەگمەن دەبنە دەنگی ئەو کەسانەی کە لەم مشتومڕەدا بێدەنگ ماونەتەوە. ڕۆژنامەنووس کەنعان تۆپچو " Canan Topçu" بە حەق لە وتاری میوانێکی ڕۆژنامەی باکووری ئاڵمانیا "Süddeutschen Zeitung" لە ١ی ئۆکتوبری ٢٠٢٠ بە ناونیشانی "نەک دژە ڕەگەزپەرستی من" ئاماژەی بەوە کردووە کە مشتومڕی ڕەگەزپەرستی لەلایەن نوخبەگەلێکەوە بە شێوەیەک بەڕێوەدەچێ کە باس و گفتوگۆی بنیاتنەر هەر لە سەرەتای باسەکەوە نەگونجاو

دەکات. بە گوتەی تۆپچو، تورەیی و تۆمەت و ئیدانەکردن بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تەنانەت ڕەخنە ڕەواکانیش. تۆمەتی گشتی بۆ ڕەگەزپەرستی نەک هەر "ڕەگەزپەرستە چالاکەکان یان مرۆڤە بێ هەستەکان" مارکە دەکات، بەڵکو سەرئێشە بۆ هەموو ئەو کەسانەش دەخوڵقێنێ کە خاوەن ئیرادەیەکی باشن. ئەمەش بەو مانایەیە ئەو کەسانەی لە ڕاستیدا دەبێ هاوپەیمان بن لە شەڕی دژی ڕەگەزپەرستیدا، هەراسان و سەرلێشێواو دەکرێن. تۆپچو دەنووسێ: "بەو شێوەیەی ئێستا بە توندی بەڕێوەدەچێت، مشتومڕی ڕەگەزپەرستی یارمەتیدەر نابێت بۆ کەمکردنەوەی نادادپەروەری. بە پێچەوانە: بەرەکان قایم دەکاتەوە، هەروەک لە ژیانی تایبەت و پیشەیی خۆمدا تێبینی دەکەم، هاوکاریی ئاڵۆزتر دەبێ؛ لە ترسی ئەوەی وەک ڕەگەزپەرستێک ئیدانە بکرێن، زۆرێک چیتر نازانن چۆن هەڵسوکەوت بکەن، کام ڕێگا بگرنەبەر، یان باسی چ بابەتێک بکەن یاخود چی نابێ بپرسن."

تۆپچو ڕەخنە لەو ڕاستییە دەگرێت کە ئاراستە و تۆنی ڕەخنەگرتن لە ڕەگەزپەرستی لەلایەن نەوەیەکی گەنج و خوێندەوار لە ڕووی ئەکادیمییەوە دیاری دەکات، و لە لایەکەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن لەسەر بنەچەی پێشووی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێ، بەڵکو وەک

"هی ناو کۆمەڵ" هەستیان پێبکرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، خۆیان بە تامەزرۆییەوە بەدوای سیاسەتی ناسنامەدا دەگەڕێن. ئەویش نەك هەر بە وەسفکردنی خۆیان وەک "خەڵکی ڕەنگاوڕەنگ"، بەڵکو بە پێداهەڵگوتنی بنەچەی کولتوری ڕەچەڵەکی خۆیان. ئەو هەروەها دەنووسێ: " لە ڕووی کێشەی سیاسییەوە ئەو باڵادەستییە ئەخلاقییەی کە لە ترس و نیگەرانییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەستبەرداری نارەزایی لێبووردوویی و دوور کەوتنەوە نابێت". مرۆڤ پێویستە فێربن لە ڕوانگەی جیاوازەوە بیربکەنەوە. زانین و هاوسۆزی ناتوانێ سەرهەڵبدات ئەگەر بەشێکی زۆری کۆمەڵگا بێدەنگ بکرێن. کاتێکیش لە ئەزموونی هەڵاواردنی خۆت بۆ بێدەنگ نەمانەوەی زۆرینەی کۆمەڵگا لەو مافە کەڵکوەرنەگری، ڕێک ئەمە پێکدێ.

هۆکاری بەشداریکردنی تۆپچو لەو باسەدا کتێبی "نیشتمانی ئێوە خەونێکی ناخۆشە بۆمان" ( Eure Heimat ist unser Albtraum) بوو، کە لەلایەن فاتمە ئایدەمیر " Fatma Aydemir" و هێنگامە یاقوبی فەرەح "Hengameh Yaghoobifarah" ئامادە کراوە و تێیدا ١٤ نووسەر سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتی ئاڵمانیا ئەزموونی خۆیان دەربڕیوە. پاڵنەری ئەم هەڵوێستە لەلایەن وەزیری ناوخۆ

هۆرست زێهۆفەرەوە "Horst Seehofer" بووە، کە لە ساڵی ٢٠١٨دا بە لێدوانەکانی سەبارەت بە کۆچبەری وەک "دایکی هەموو کێشەکان"، ئیسلام و چەمکی "نیشتمان" بووە هۆی تووڕەیی و ناڕەزایەتی. کێشەی ئەم کتێبە پڕمشتومڕە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە مشتومڕەکە نەگونجاو دەکات، چونکە لەسەر جیاوازییە کۆنەکانی "ئێمە" و "ئەوانی دیکە" کاردەکات. جبهە دروستکردنی "کەمینە – زۆرینە" کێشە ڕاستەقینەکان پشتگوێ دەخات، چونکە هەم کۆمەڵگەی زۆرینە و هەم کەمینەکان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە یەکسان نین. بەم کارە مانۆڕەکە دەبەیتە ناو ئەو بنبەستە سیاسییە ناسنامەییەی کە خەڵک بە تامەزرۆییەوە ڕاستەکانی پێ تۆمەتبار دەکەن. بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بنەچەی خۆیدا زیندانی نەکرێتەوە و لە هەمان کاتدا بتوانێ بۆ یاریکردن بەم کارتە لە هەموو دەرفەتێک کەڵکوەرگرێ، دیارە بەسەر ڕەگەزپەرستیدا زاڵ نابیت، بەڵکو تەنیا دەتوانێ کولتووری پێ بەهێز بکات.

لەم دواییانەدا بۆم دەرکەوت کە ئەم ڕەنگدانەوەیە تا چ ڕادەیەك هێشتا هەر بوونی هەیە: کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٢٠ بەهۆی گومانی تووشبوون بە کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی برلین کەوتبووم. دکتۆرەکانم ئیتاڵیایی، پۆڵەنی و ئاڵمانی بوون، پەرستارەکان ئەفریقی، ئەفغانی و

تورکی. هەروەها نەتەوەی میسری پێشووم هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە چارەسەرکردنمدا. چاودێری پزیشکی و مرۆیی گەلێك باش و نایابم وەرگرت. نەخێر، بیمەی تایبەتیشم نییە و ئەمەش چاوەدێرییەکی تایبەتی نەبوو. ئێوارەیەک لە کاتێکدا لەسەر جێگاکەم پاڵکەوتبووم و لە تۆڕی ئینترنێتدا دەسوڕامەوە، نووسراوەی ڕۆژنامەنووس فێردا ئەتامانم "Ferda Ataman" خوێندەوە کە لە تویتەردا نووسیبووی: "تامەزرۆم بزانم مرۆڤی کام نەتەوە سەرەتا لە نەخۆشخانەکان چارەسەر دەکرێن کاتێک ئامێری هەناسەکێشانیان تەواو بێت." ئەتامان ئاماژەی بە لێدوانێکی ئیسماعیل کوپێلی "Ismail Küpeli" زانای سیاسی دویسبۆرگ کردبوو کە پێشتر لە کاناڵەکەی خۆیدا نووسیبووی: "من تامەزرۆم بزانم کام گروپی مرۆڤ لەم قەدەغەکردنی هاتووچۆی ناوشاردا زۆرتر تووشی کۆنترۆڵ و گوشار و سترێس دبنەوە." بێئەدەبی و ئەم چەشنە تۆمەتانە منی گەلێك تووڕە کرد. ئایا نەدەبوو سەرلێشێواوی دۆخەکە و ترس لە هەنبەر ڤایرۆسی نوێ ئێمەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی چارەنووسی هاوبەشدا لێك نیزیك بکاتەوە؟ نا، بەهیچ شێوەیەك. ڤایرۆسێك کە بە دڵنیاییەوە جیاوازی لە نێوان نەتەوەکاندا ناناسێ، کەڵکی نابەجێی لێوەردەگرن و کردوویانەتە ئیلەمینتێکی جیاوازیدانان و دابەشکەر بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵگا. لە لایەکیشەوە دڵخۆش بووم

چونکە هەستم دەکرد هیچ نیگەرانییەکی ڕاستەقینە بۆ کەسانی نەخۆش نییە تەنانەت بۆ ئەوانەی پێشینەی کۆچبەرییان هەیە.

هەمان ئەو ڕۆژنامەنووسە کە بەردەوام لە لایەن بنکەی ڕاوێژکاریی خانمی مێرکلەوە بانگهێشتن دەکرێت، لەم دواییانەدا هۆرست زێهۆفەر وەزیری ناوخۆی تۆمەتبار کردبوو بەوەی کە لە بیری نازییەکان نزیکە و بۆ دامەزراوەی ئامادێو ئەنتۆنیۆ "Amadeu- Antonio"ی نووسیبوو: " ئەو سیاسەتوانانەی لە ئێستادا باس لە نیشتمان دەکەن، بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێن بۆ ترساندنی مرۆڤە بیانییەکان. بەڵام ئەوە لەڕادەبەدەر مەترسیدارە. چونکە لەم چوارچێوەیەدا نیشتمان تەنیا دەتوانێت مانای ئەوە بێت کە پەیوەندی بە خوێن و خاکەوە هەیە." دوای ئەو هەڵوێستە، زێهۆفەر بۆ یەکەمجار لەم کۆبوونەوەیە بەشداری نەکردوە.

تۆمەتی بێ بنەمای وەک ئەمانە، یان کتێبێکیتر بە ناوی: "بۆچی ئیتر لەگەڵ مرۆڤی سپی پێست سەبارەت بە ڕەنگی پێست قسە ناکەم " تەنیا دەبێتە هۆی ڕاوەنانی زیاتر و نەك هەر کێشەکانی ئێستا چارەسەر ناکا، بەڵکو کێشەی نوێش دروست دەکات. چونکە ئەم کەسایەتییانە نەک هەر وەک جەماوەرێکی ڕەگەزپەرستی هاوچەشن ڕاگەیەندراون، بەڵکو

هەر لە سەرەتاوە باسەکە خنکێندراوە. هەرکەسێ هەڵسوکەوتێکی ئەوتۆ بکات، دەبێ ئەو تۆمەتەش قبوڵ بکات کە نەک هەر نایەوێت کەلێنەکان پڕ بکاتەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا قووڵتریشیان دەکاتەوە. ئەو تۆمەتانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، هاندەری حیسابکراوی ئەو هێزانەن کە کارەکانیان بە شەرعیەتدان بە هەڵوەشاندنەوە و ڕەگەزپەرستی دەبینن. ئەمەش ڕێگا و مەبەستیان دەگەیێنێتەوە سەر ئەو ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵانەی ڕاستەکان کە جیهان بەسەر چاکە و خراپەدا دابەش دەکەن. بەڵام شەڕێکی کولتووری لەم شێوەیە هەرگیز نابێتە هۆی ئاشتی نێوان مرۆڤ. ئەگەر ئێمە لە ڕاستیدا ئارەزووی دۆزینەوەی چارەسەرێک و زاڵبوون بەسەر ڕەگەزپەرستی و جیاکاریدا بکەین، ئەوا پێویستمان بە شوێن یاخود فەزای پارێزەر" safe space" هەیە، شوێنێکی تایبەت کە تێیدا خەڵکی گروپە جیاوازەکان بتوانن وەک تاک بە ئازادی لەگەڵ یەکتر قسە بکەن نەک وەک نوێنەری لایەنەکان تەنیا وەدوای بەرژەوەندیی لە پێشەوە دیاریکراویان بکەون.

## بەشی دوو

## ڕێگاکانی دەربازبوون لە داوی ڕەگەزپەرستی

### تێزی پازدە: هەر ئاستێکی ڕەگەزپەرستی پێویستی بە ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی جیاواز هەیە

ڕەگەزپەرستی چەندین ئاستی هەیە. قۆناغی یەکەم ئاستی دەروونییە، کە زیاتر پەیوەندی بە تێڕوانینە هەڵە و پێشوەختییەکانەوە هەیە. لێرەدا گروپێک، نەتەوەیەک یان ڕەنگێکی پێستی دیاریکراو، هەندێک سیفەت یان تایبەتمەندی دیاریکراویان هەیە کە ئەم تاتبەتمەندییانە هەموو کەسێکی ناو گروپەکە دەگرێتەوە. بۆنموونە لێدوانی وەك: "موسڵمان تیرۆریستن"، "جوولەکە تەماحکارن"، "ئاڵمانییەکان نازین"، یان "سینتی(Sinti) و ڕۆما(Roma) دزن".

لە ئاست یاخود هەنگاوی دووەمدا، وەها ڕەخنەگرتنێک دەبێتە بارگاوییەکی سۆزداری. ئەو کەسانەی لە ڕوانگەی شکڵ و شێوازەوە جیاواز دەردەکەون یان بیروباوەڕیان جیاوازە، بە تۆمەتی زیاتر کە ڕق و کینە یان بێزارییان

دەوروژێنێت، ڕیسوا دەکرێن. هەروەک چۆن نازییەکان بۆ "بەفەرمیکردن"ی قڕکردنی جولەکە، بە "مێروو" ناویان بردن، ڕەگەزپەرست، ڕەشپێستەکان بە "ئاژەڵی بۆگەن" و موسڵمانان بە "کەر و وشتر گێ" ناودەبەن. هەروەها ئیسلامییەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە بێباوەڕ بە "ناپاک" یان "خراپتر لە ئاژەڵ" ناو دەبەن. تا ئاستی سۆزداری بەهێزتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، پاڵنەری ڕەتکردنەوەی بەهێزتر دەبێ و سەرئەنجام لە ئاستی کرداردا ڕەنگدەداتەوە. مەترسیدارترین قۆناغ کاتێکە گروپێک پێی وابێ قڕکردن یان ڕاوەنانی "بێگانەکان" پێشپێگرتنی نەگونجاوە بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆی پێ ڕزگار بکات. هەستکردن بە ڕق و بێزاری بەرانبەر بە کەسانی نامۆ بە ڕادەیەک بەرزدەبێتەوە کە مرۆڤ مانەوەی خۆی تەنیا لە ڕێگەی لەناوچوونی ئەوانەوە دەبینێت. مێژوو فێرمان دەکات "چی ڕوودەدا" کاتێ کۆمەڵگایەک ئەم ئاستەنگە دەبڕێت یاخود لەم هێڵە سنوورە تێپەڕدەبێت.

بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەم سنوورانە بشکێنرێت؟

چۆن دەتوانین "خودە کۆنەکەمان" ڕازی بکەین بە پۆلینکردن و سنووردارکردن ئیتر واز لەم هەڵسوکەوتانەی بهێنێت؟

کاتێک بڕیاری پێشوەختە و ڕق و کینە دەبێتە هۆی زیانێکی کۆنکرێتی سیاسی، یاسایی یان کۆمەڵایەتی بۆ گروپێک، کاتێک لە دادگادا مامەڵەی جیاواز لەگەڵ مرۆڤدا دەکرێت یان بەهۆی ڕەنگی پێست، نەتەوە یان ئایینەکەیەوە لە بازاڕی کار دوور دەخرێنەوە، یاسا ناچارە هەڵوێست بگرێ! ئێمە لەمرۆدا یاسای باشمان هەیە دژی هەڵاواردن، بەڵام ئەوە بەتەنیا ناتوانێت ڕەگ و ڕیشەی ڕەگەزپەرستی بنبڕ بکات.

هەنگاوی یەکەم بۆ ئاشکراکردنی ئەم ڕەگانە پەروەردە و ڕوونکردنەوەی فرەچەشنییە لەناو گروپەکاندا. "ئێمە" لەگەڵ "ئەوانی دیکە" جیاواز نین، هەموومان بە تاك دەمانەوێت هەستمان پێبکرێت، بەڵام ئەم مافە لە کەسانی دیکە زەوت دەکەین. ئەم هۆشیارییە پێویستی بەوەیە بەردەوام لە بیرکردنەوە و کردارەکانمان بکۆڵینەوە. وەک گوتمان هەمیشە تەنیا کەسانیتر نین کە ڕەگەزپەرستن.

بە هەمان شێوە ئەم هەستیارییە بەبێ ئەو تێڕوانینە نایەت کە ڕێزگرتن لە کۆمەڵگایەکدا بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای هاوسۆزی دامەزراوە. ئیمپاتی و هاوسۆزی کاریگەرترین دژە ژەهرن بۆ ڕق و کینە. بۆ ئەوەش دەبێ بتوانین لە بیرکردنەوە، هەست و کردەوەی هاوتاکانمان تێبگەین و هاوسۆزییان لەگەڵدا بکەین. دەبێ بەدوای

ڕێکەوتندا بگەڕێین و جەخت لەوە بکەینەوە چ شتێك یەکماندەخات، نەک ئەوەی چلۆن دابەش بکرێین. ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ دروستکردنی "هەستی پێکەوەژیان"ێکی نویێ کە سنووری نەتەوەیی و ئایینی و کولتووری پەیڕەو ناکات و لێی تێپەڕ دەبێ.

بۆ گەیشتن بەمەش پێویستمان بە مشتومڕێکە لە پەنا ئەم سنوورانە، کە بە تەسککردنەوەی گوتار لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە یان ڕەتکردنەوەی مافی قسەکردن لە کۆمەڵگادا، سنووری نوێمان بۆ دروست نەکات.

## تێزی شازدە: پێویستمان بە مشتومڕێکی کراوە هەیە لەسەر ڕەگەزپەرستی نەک دادگا

ئەم مشتومڕە کراوەیە بە پێناسەیەکی نائایدۆلۆژیا واتە چەمکی "ڕەگەزپەرستی" دەست پێدەکات. پێناسەیەک کە مەبەست لێی لەچاڵ خستنی ناسنامەیەک نییە لە بەرانبەر ناسنامەیەکی دیکەدا، هەروەها ئیدانەکردنی لایەنێکی دیاریکراویش نییە. مەبەست لەو پێناسەیە چالاکییەکی گونجاوە بۆ گەیشتن و یارمەتیدانی قوربانیانی ڕەگەزپەرستی.

یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تێبگەین ڕەگەزپەرستی کە ڕەگ و ڕیشەی لە هەمووماندا هەیە وەک نەگۆڕێکی ئەنترۆپۆلۆژی، ناتوانرێت لە ڕێگەی هەستکردن بە تاوانبارییەوە دوور بخرێتەوە. ڕێک ئەم "یاری لۆمەکردن و شەرمەزاری"یە و دەبێ بوەستێت. تا ئەو کاتەی هەڵوێستە باوەکانی ڕەتکردنەوە یان پرسیارەکان سەبارەت بە بنەچە وەک ڕەگەزپەرستی پۆلێن بکرێن، ئێمە ناتوانین پێناسەیەکی ڕوون بۆ ڕەگەزپەرستی بدۆزینەوە و بە ناچاری لە هەموو شوێنێک بەدوایدا دەگەڕێین و لەڕووی ناچارییەوە دەیدۆزینەوە. هەرچەندە ئەمە ئەگەری پۆتێنسیالی تورەیی

مرۆڤ زیاتر دەکات، بەڵام هەڵسوکەوتی قوربانییش بەهێزتر و هاوکات مەیدانی ڕەگەزپەرستان بەرفراوانتر دەکات. ئەمەش چارەسەری کێشەکە نییە. ئەگەر ئێمە بە دابڕان لە هەموو کێشەکانیتری پێکەوەژیان مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزپەرستی بکەین، هیچ سوودێکی بۆ کەس نابێ. پەیوەندییەکی زۆری بە ململانێی شوناس، هەستکردن بە نامۆبوون هەروەها بە نادادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە هەیە. بەڵام پێش هەموو شتێک، ڕەگەزپەرستی بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی نەخۆش کە هەمووشتێك نامرۆڤانە پیشان دەدات. بۆیە پێویستمان بە مشتومڕێکی ئازاد و ئاشکرایە لەسەر هەموو چەشنەکانی ڕەگەزپەرستی - ڕاست و چەپ، ڕەش و سپی و ئیسلامی هەروەها ئەو کێشانەی لە ناوەڕاستی کۆمەڵگاوە بە هۆی ململانێی دابەشکردن و ترس لە دابەزین سەرهەڵدەدات. شەرمەزاری، تاوانباری، نیشاندانی دەسەڵات و بەربەستی سۆزداری وا دەکات مشتومڕێکی لەو شێوەیە مەحاڵ بێت. تا ئەو کاتەی هەندێک گرووپی تایبەت لەسەر ئەو بۆچوونە بن کە نابێ خەڵکی سپی پێست باس لە ڕەگەزپەرستی خۆیان بکەن، و ئەو مافە تەنیا قوربانییەکان دەگرێتەوە، بە هەر شێوەیەک بێت ناتوانرێ مشتومڕێکی کراوە لەسەر ئەو بابەتە ساز بکرێت.

ئێمە پێویستمان بە ڕاپۆرتی سۆزداریی ئەو کەسانەیە کە زیانیان بەرکەوتووە، بەڵام کاتێک ئەمانە دەقۆزرێنەوە، پێویستە وریا بین. نابێ هەستەکانیان پشتگوێ بخەین، هەروەها نابێ لە سەرووی مشتومڕی بەبەڵگەوەیان دابنێین، نابێ ڕێگە بدەین لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بارگاوی بکرێن و لە ڕووی سیاسییەوە لەلایەن ڕاست یان چەپەوە بۆ پاڵنانی نیگەرانییەکانی خۆیان بەکاربهێنرێن.

بۆ ئەوەی مشتومڕەکە بگەڕێنینەوە سەر ئاستی فاکتیال، پێویستە لە ئایدۆلۆژیا و هەستەکان دووریان بخەینەوە و فەزای زیاتر بۆ هەردوو "ئارگیومێنت" و "چارەسەر" دروست بکەین. دیارە ئێمە ناتوانین هەست بە تەواوی لەناو مشتومڕەکەدا نەهێڵین، چونکە بابەتەکە خۆی سۆزدارییە و قوربانییەکان بە شێوەیەکی تێگەیشتوو ناتوانن باسی ئەزموونەکانیان بکەن بەبێ ئەوەی هەستی سۆزداری دەرنەبڕن. بەڵام کێشەکە لەوەوە دەست پێدەکات کە هەستە ڕەواکانیان لەلایەن کەسانی دیکەوە کەڵکی نابەجێی لێوەرگیرێ. کارێکی گەلێك کوشندەیە کاتێک تولەرانس و لێبوردەیی نوێ لەژێر ناوی لێبوردەیی بەرانبەر بە بۆچوونەکانیتر سەرهەڵبدات. کارێکی گەلێك کوشندەیە کاتێ هەندێک گروپ بڕیار بدەن کێ باشە و کێ خراپە. کارێکی گەلێك کوشندەیە کاتێ تەنانەت بچووکترین لادان لەم

بنبەستە ئەخلاقییە بە ڕەگەزپەرستی ناوزەد بکرێت. هەروەها کارێکی گەلێك کوشندەیە کەمینەکان لەسەر مشتومڕێکی کراوە ئیدیعای فۆرمێکی پاراستن بکەن کە تایبەتمەندییە بایۆلۆژیاییەکانیان وەک هۆکاری دوورخستنەوەیان پێناسە کردبێ.

سەیر ئەوەیە فەرمانی ئەم چەشنە یاساخکردنانەی بیرکردنەوە و قسەکردن، لەلایەن ئەو کەسانەوە دەردەچن کە لە ڕاستیدا پابەندن بە کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد، هەروەها فرەچەشنی و "فرە کولتووری"، بەڵام کاتێک باس لە بۆچوونی جیاواز دەکرێت، وردە وردە ئەم فرەچەشنییە ڕەتدەکەنەوە. لەم کارەدا، بە شێوەیەکی هاوچەشن ڕێگری لە کۆمەڵگایەکی کراوە دەکەن کە ڕەگەزپەرستە قەناعەتپێکراوەکان دەیکەن. نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەو تیۆرییە جیهانیانەوە چارەسەرناکرێ کە لەگەڵ دۆگماکانی خۆیان دەگونجێندرێن. ئارگومێنتی باشتر و شێوازی باشتری ژیان، نەک بە یاساخکردن یان شەیتانیکردنی دژە ئارگیومێنتەکە، بەڵکو بە پووچەڵکردنەوەی لۆژیکی و ئاشکراکردنی زیانەکانی لە ڕێگایەکی عەقڵانیەوە بەربەرەکانی لەهەنبەردا دەکرێ.

چیرۆکی ئینجیلی بورجی بابل "Tower of Babel" هەمیشە سەرسامی کردووم: "کاتێک مرۆڤ بە یەک زمان قسەیان دەکرد، توانییان زانیاری و ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و قەڵایەکی لێ دروست بکەن کە بەرزاییەکەی بگاتە ئاسمان. کاتێک لەناکاو بە زمانی جیاواز ئاخافتنیان کرد، سەریان لێ شێوا و چیتر نەیانتوانی لە یەکتر تێبگەن و شەڕ و ناکۆکی لە نێوانیاندا خولقێندرا. پرۆژە تەماحکاریەکەیان بە کۆتایی نەگەییشت، بە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەوە، شەڕ نەهامەتی و ماڵوێرانییان هێنا، توندوتیژی بوو بە زمانی نوێی جیهان."

چاوپێداخشاندنێک بە مێژوو دەریدەخات کە توندوتیژی بە پلەی یەکەم دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت کاتێ بەرژەوەندی هاوبەش بەدوای خۆیدا بهێنێت. بۆ ئەوەی لەم تامەزرۆییە تێبگەین، دەبێ مرۆڤ چاوپێکەوتن و پەیوەندی هەبێ. وەک لە بابلی ئینجیلیدا، مرۆڤ دەبێت زمانێکی هاوبەش بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانیت پەیماننامە و

ڕێککەوتنی بازرگانی و ئاشتی لەگەڵ ئەوانیتردا ئەنجام بدات، تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانی پێشووشیدا.

ئەگەر ڕەگەزپەرستی وەک دیاردەیەکی جیهانی سەیر بکرێت، ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە تەنانەت لێرەشدا پێویستمان بە زمانێکی هاوبەش هەیە - نەک بە مانای وشەیی، بەڵکو بە مانای بەها و بنەما هاوبەشەکانی پێکەوە ژیان. مەبەستم لێرەدا زمانێکی سیاسی ڕاست و دروست نییە، بەڵکو زمانێکی پراگماتیکی زانستی و عەقڵانی مرۆڤایەتییە کە لە سەرووی چەمکی شوناس، ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە وەستابێ. زمانێک، وامان لێبکات لەبری ئەوەی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ناسنامەی خۆمان لێیان بترسین، سوود لە پۆتانسیەل و ئەزموونەکانیان وەربگرین. زمانێک کە ئەوانیتر ڕێزی لێبگرن و هاوکات بتوانن ڕەخنەی لێبگرن. زمانێکی خۆڕەخنەگر نەك خۆ قەتیسکەر. زمانێك تیشک بخاتە سەر یەکخستنمان، نەک دابەشکردنمان.

ئەو جەمسەرگیرییەی ئەمڕۆ لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی جیهاندا بەرچاوە، لە ساڵانی داهاتوودا زێدەڕۆتریش دەبێتەوە. ئەوەی لە بانلیوەکانی "Banlieues" فەرەنسا (شوێنی نیشتەجێی پەراوێزی شارە گەورەکانی فەرەنسا) و زۆرێک لە شارەکانی ئەمریکا ڕوودەدات - ئەو دابەشبوونەی بەدرێژایی دەیان ساڵ چەسپاوە، خەریکە دەتەقێتەوە و

دەبێتە توندوتیژی – و بەرە بەرە دەگاتە ئاڵمانیاش. هەر بۆیە دەبێت بە وردی سەیری ئەو شتانە بکەین کە دابەشمان دەکەن، بۆ ئەوەی بەرەنگاریان ببینەوە و لێکنیزیکبوونەوە و کۆبوونەوەمانی پێ گونجاو بکەین:

سیاسەتی ناسنامە دابەشمان دەکات.

هەستی تاوانباری دابەشمان دەکات.

کولتوورێکی گرژی مشتومڕ و دەم و چاو بەستراو دابەشمان دەکات.

چەکدارکردنی هەستەکان دابەشمان دەکات.

پۆلیسی زمان و ئەخلاق دابەشمان دەکەن.

ناونانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وەک شوێنێکی ڕەگەزپەرستی دابەشمان دەکات.

گومانکردن لە موسڵمانان وەک تیرۆریست بە شێوەیەکی سەرانسەری و گشتی دابەشمان دەکات.

سەیرکردنی کۆچبەران وەک "جەماوەر" نەک وەک "تاک"، دابەشمان دەکات.

لێدوانی وەک "ئیسلام مافی وڵاتی ئاڵمانیایە" یان "کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا" دابەشمان دەکات.

باس نەکردن لە کێشەی ڕەگەزپەرستی، دابەشمان دەکات.

لێدوانی وەك "هەموو سپی پێستەکان و هەموو ئەڵمانییەکان ڕەگەزپەرستن"، دابەشمان دەکات.

لیستەکە دەتوانێ زۆر لەوە دوور و درێژتر بێتەوە.

ئایا هەڵوەشاندنەوە، ڕەگەزپەرستی یان ئیسلامیزم، دیاردەیەکی هاوبەشیان لە پشتەوەیە: ئاڵمانی و کۆچبەران کە تادێت لەم کۆمەڵگایە نامۆ دەبن و ئەم کێشانەیان هەیە، بەزەحمەت پابەندی بەهاکانیانن. ئەو مرۆڤانەی، ناسنامە و ئەفسانە پەیوەندیدارەکانی ڕابردوویان بە سەرنجڕاکێشتر لە سیستەمی بنەڕەتی ئازاد-دیموکراسی دەزانن. بە دڵنیاییەوە مرۆڤ بە دڵنیاییەوە ناتوانی هەموو ئایدۆلۆژیاکان بگۆڕی، بەڵام دەتوانی، یەکەم: "بە ڕوونی بەهاکان پێناسە بکات" و دووەم: "چالاکانە بەرگری لەم زمانە هاوبەشە بکات لە دژی دوژمنەکانت". بەداخەوە ڕەگەزپەرستان و ئیسلامییەکان بە توند و تیژیی بەرگری لە هەڵوێستەکانیان دەکەن و زیاتر خۆیان بە بەهاکانیانەوە هەڵدەواسن لەوەی ئێمە لە پاڵ بەهاکانی خۆماندا وەستاوین. کێشە سەرەکییەکەش ڕاست لێرەدایە. ڕەگەزپەرستی هەرگیز تەنیا کێشەی مرۆڤ و گرووپە پەراوێزخراوەکان نییە، بەڵکو کێشەی کۆمەڵگایە بە گشتی.

چونکە کراوە ماوەتەوە، کۆمەڵگایەک چۆن سەیری خۆی و بەهاکانی خۆی و ئازادی دەکات! هەر ئەمەش وایکردووە پرسی ڕەگەزپەرستی تاقیکردنەوەی کارەکتەر بێ بۆ وڵاتەکەمان و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان پێوەیەتی.

## تێزی هەژدە: کردنەوەی ناسنامەی ئاڵمانی بۆ کەمینەکان پێویستی بە پێناسەیەکی ڕوون هەیە

بەڵام چۆن کۆچبەران دەتوانن پابەندبن بە بەها هاوبەشەکان لە کاتێکدا تەنانەت ناوەڕاستی کۆمەڵگا و زۆربەی مرۆڤ لەم بەهایانە دوور دەکەوێتەوە؟ کۆچبەران چۆن دەتوانن خۆیان لەگەڵ وڵاتێکدا بناسێنن کە گێڕانەوەی ئەرێنی لەبارەی خۆیانەوە پێشکەش نەکات و خۆی بەڕووی "ئێمە"ی نوێدا نەکاتەوە؟ باوەکوو مەرجی دووهەم پێشگریمانە دەکات لەو کەسانەی پێشینەی کۆچبەرییان هەیە تامەزرۆییان بۆ "ئێمە" هەیە و لە چاڵی جیاکاری ناچەقێن. ئەو کۆچبەرانەی لە ناسنامەی خۆیان دوودڵن، زۆرجار لە پشت ماسکێکی باڵادەستی ئەخلاقی خۆیان دەشارنەوە و ڕوانگەی هێمای ئایینی یان قەومییەکانیان بەرز دەکەنەوە و بە ناوی ناسنامەکەیانەوە بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام لەولاشەوە ڕازی نابن بیانخەنە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە. ئەمەش ئەو ڕاسترەوانە دەوروژێنێت، کە لە ناسنامەی خۆیان دڵنیا نین و نائەمنی خۆیان لە پشت خەون و خەیاڵ و ڕیتۆریکی ڕقاوییەوە دەشارنەوە. ئەمەش لە بەرانبەردا هەمیسان ناسنامەی

بەکۆمەڵی کۆچبەران بەهێزتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی لەسەر پێکهاتەکانی خۆیان پێداگری زیاتر بکەن. پەنابەر جارێکیتر ئایینی خۆی و بنەچەی نەتەوەیی خۆی وەک جۆرێک لە دڵنیاکردنەوە لە بەرانبەر ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوە سەیر دەکات. بازنەیەکی شەیتانی پێکدێنێ، کە زۆر ئەستەمە بشکێنرێت.

لە دەرەوەی ناسنامەی پێشوو و جێگیربوونی تاوانباریی ڕابردوو، ئاڵمانیا پێویستی بە ناسنامەیەکی متمانە بەخۆ هەیە، ڕوونتر و کراوەتر سەیری داهاتوو بکات لەبری ئەوەی برینەکانی ڕابردوو بکولێنێتەوە. هەروەها کردنەوەی ناسنامەی ئاڵمانی بۆ کۆچبەران پێویستی بە کردنەوەی کەمینەکان هەیە بەڕووی ناسنامەی ئاڵمانی. ناسنامەیەک کە لەسەر بنەمای تاوانباری دامەزرابێت، نە بۆ ئاڵمانی ڕەسەن و نە بۆ کۆچبەران سەرنجراکێش نییە. بۆیە ئاڵمانیا بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو زلقاوی ناسیۆنالیزمەوە، پێویستی بە هۆشیارییەکی نەتەوەیی ئەرێنی هەیە. هۆشیارییەک کە فەزا و بۆشاییەکی زۆر بە تاکگەرایی بدات، کراوە بێت بەڕووی ڕوانگە و ئەزموونەکانیتر، بێ ئەوەی بە بێ مافی ڕەخنەلێگرتن لە باوەشیان بگرێت. تاوانباری و نادڵنیایی ناسنامە و هەستکردن بە کەمتەرخەمی دەروازەی ڕەگەزپەرستین کە لە بەرانبەردا بە خۆبەزلزانین و ڕق و کینە

هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانە دەدات. زۆرجار ڕەگەزپەرستان و قوربانیانی ڕەگەزپەرستی دووڕێیانێکی هاوبەشیان هەیە: ئەوان بۆ بێمتمانەیی بە خۆیان و کەسانی دیکە پەروەردە دەکرێن، زۆرجار لە ناسنامەیەکی داخراودا زیندانی کراون و مافی تاکگەرایی خۆیانی پێ دەخنکێنن.

## تێزی نۆزدە: تاکگەرایی وەک ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون

دوو مەیلی کێبڕکێ لە ئێمەی مرۆڤدا هەیە: "خورسکی گاران یاخود کۆمەڵ" و تامەزرۆیی ناسینی گاران یان کۆمەڵەکە. هەندێک جار مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆیان دڵنیا بکەنەوە و ترسەکانیان بشارنەوە، بەدوای گەرمیی قەرەباڵغیدا دەگەڕێن، هەندێکجاریش کونجکۆڵ دەبن بۆ ژیانێکی دوور لە چاوەدێری ئەم قەرەباڵغییە. کاتێکیش ئەم هێزە ناکۆکانە ببنە سەرچاوەی ترس و ململانێ کێشە دروست دەبێت.

زۆرجار ڕەگەزپەرستی ئەو مەیدانە شەڕەیە کە ململانێی ناسنامە، وەفاداری و دڵسۆزیەی تێدا بەڕێوەدەچێ. لەسەر دابەشکردنی مرۆڤ بەسەر گروپەکاندا گەشە دەکات: لێرە "خۆمان" و لەوێ "ئەوانیتر". هاوکاتیش زۆر جیاوازتر هەست بە گروپی خۆمان دەکەین، بە هەڵسەنگاندن لە گروپەکانیتر. ئەمەش هاسانکاریمان بۆ دەکات هەندێک تایبەتمەندی بەم گروپە بچەسپێنین بۆ ئەوەی بۆ جیاکردنەوەی خۆمان لەوانیتر کەڵکی لێوەرگرین. تەواو ئەم

جۆرە جیاکاری یان پۆلێنکردنانەیە ڕەگەزپەرستی زیندوو ڕادەگرێ!

ناسنامەی گروپی بەستێنێکی گرنگی پەروەردەکردنە. چونکە شوناسە زێدەڕۆکان، چ لە کۆمەڵگەی زۆرینەدا بێت، چ لەناو کۆمەڵێکی کەمینەدا، بانگەوازی شەڕ و ململانێی شوناس و بەو پێیەش ڕەگەزپەرستی دەکەن. ئەم جۆرە ناسنامە گروپیانە تەنیا لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئایینی یان کولتووریی سنووردار ناکرێنەوە. لە ئاستێکی بچووکتردا دەتوانرێ کاریگەرییان لە یاریگای تۆپی پێ، لە سوپا یان لە پۆلیسدا هەبێ؛ لەو گروپانەی زۆرجار پیاوان زاڵن، کە بەهۆی کولتوور یان تایبەتمەندییەکی ناموسییەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. بۆ نموونە لە یاریگادا سەرکەوتنی تیمەکەی خۆی تەنیا لەسەر ئاستی وەرزشی پێناسە ناکا، بەڵکو زۆرجار بە توندوتیژی یان زەلیلکردنی بەرانبەرەکەی لە هەڵسوکەوتەکەی چێژ وەردەگرێ. "Hooligans"واتە لایەنگری زێدەڕۆی وەرزشی کاتێک پێش یان دوای یارییەک بۆ شەڕی کراوە کۆدەبنەوە، ئەو جۆرە سۆزدارییە کۆنانە و خەیاڵە توندوتیژانە بەوپەڕی تووڕەییەوە دژ بە بەرانبەرەکەیان بەڕێوەدەبەن.

هەروەها زێدەڕۆیی کردن لە ناسینەوەی سیفەتی خۆ یان ئەوانیتر - ڕەنگی پێست، ئایین، سێکسییەت یان بنەچەی

نەتەوەیی - دەتوانێت دەربڕینی ترس بێت کە نەکا ناسنامەی خۆی هەڵوەشێنێتەوە. جەختکردنەوە لەسەر ئەم "خودە" ڕێگری لە توانایی و پوتێنسیالی تاک دەکات بۆ ڕزگاربوونی لەم کێشەیە. لە گروپێکدا گیری خواردووە کە لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانی ئەوانەوە خۆی پێناسە دەکات یان لەلایەن کەسانی دیکەوە پێناسە دەکرێت. تەنیا کاریگەرییەکی لاوەکی بچووک دەتوانێ هەنگاو بۆ یەکگرتن، سەبووری، تولەرانس هەروەها ڕەگەزپەرستیش بەرزبکاتەوە: مرۆڤ وەک ئەندامێکی گلەییکەر لە ناسنامەیەکی گشتیدا دەردەکەویت و بە درێژایی ژیانی هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ تۆمەتەکانیدا پێناسەدەکات، کە لە شوێنێکدا خۆیان وەك پێشبینییەکی چاوەڕوانکراوی ڕاستەقینە هەست پێدەکەن.

<u>هەر بۆیە تەنیا تاگگەرایی دەتوانێت چارەسەری ئەو کێشەیە بێت</u>. ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێ دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری و ئایینی خۆی بێت. بەڵام گرنگ ئەوەیە خۆت لەم شتەدا بە کەم نەزانی و ڕێگە نەدەیت بچوکت کەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا دەبێ خۆت لە هەموو ڕوانگەیەکی ڕەهەندەکانتەوە بناسیت و دەرفەتی ئازادت هەبێت بۆ پەرەپێدانی کەسایەتیت بەبێ ئەوەی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ دەستی بەسەردا گرتبێتی.

ئەگەر بە مانای ڕاستەقینەی وشە خۆئاگاداربیت، ئەوا دەتوانی خۆت لە ناسنامە گروپییەکان دابڕی، مەودای پێویستیان لێ بگری و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێیان بکۆڵییەوە. مرۆڤ مافی بوونی هەیە، بەڵام نەک لە ڕێگەی خۆدابڕان و جیاکردنەوە لە مرۆڤیتر. بەم شێوەیە دەتوانی ناسنامەکەت نەرم و نیان و سۆزدار بهێڵیتەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی ئاراستەکردن و متمانە بەخۆبوون نەک سەرچاوەی ڕق و کینە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناسنامەکانی دیکە. کاتێ خۆت لەو بارە قورسانەی لەگەڵ خۆتدا هەڵتگرتوون ڕزگار بکەیت کە بە دڵنیاییەوە هی خۆشت نین، ئەگەر لە ڕێگەی پەروەردەی خۆتەوە بەرەنگاری ناسنامەی ڕەق و کێنە ببیەوە، دەتوانی بێخەم و بەبێ ترس لە کەسانی دیکە نزیک ببیتەوە، باشتر لێیان تێبگەیت و بە هاوسۆزی و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت. تێگەیشتن لە تاکگەرایی لەم شێوەیە دەرگای کۆمەڵگەیەکی ئیمپاتی و سۆزداریی دەکاتەوە کە بەها بە هەمەچەشنی دەدات بەڵام لە سەرەوە و لە ڕێگەی سیاسەتی ناسنامەییەوە بەسەر مرۆڤدا نایسەپێنێت.

ڕێگای کۆمەڵگای ئیمپاتی و هاوسۆزی لە پەروەردەوە دەست پێدەکات، واتە لەناو خێزان، کۆمەڵگا و قوتابخانەکاندا.

قوتابیان و خوێندکاران زۆر شت لەبارەی کولتووری پێشوو، ململانێ و شەڕەکانیانەوە فێردەبن، بەبێ ئەوەی بتوانن لەگەڵ کێشەکانی ئەمڕۆدا پەیوەنیان بدەن. ئەوان لە ڕوانگەی تیۆری و ئەکادیمییەوە گوێ لە چیرۆکەکانی شەڕی خاچپەرستی، کۆلۆنیالیزم، کۆیلایەتی یان ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرن کە لە مێژە ڕوویانداوە. گەلێك یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر ئەم بابەتانە لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر بکرێن. مەبەستم لێرەدا هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یان نووسەرانی سپی پێست و ڕەشپێست لە قوتابخانەکان نییە. ئەوانەش ڕەنگە ڕوانگەکان فراوانتر بکەنەوە، گەرچی هێشتا لەسەر ئاستی تیۆری دەیهێڵنەوە. بەڵام جیاواز دەبێت ئەگەر دەرفەت بە خوێندکاران بدرێت چالاکانە ڕوانگە جیاوازەکان لە شێوەی دەورگێڕاندا وەربگرن و لێی تێبگەن.

وەک مامۆستایەک لە بواری مێژوو لە زانکۆی مونیخ، زۆرجار پۆلەکەم بەسەر دوو گروپدا دابەش دەکرد، بۆ نموونە گروپێکم بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕوانگەی ئەوروپییەکان لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکان دیاری دەکرد؛ گروپەکەیتریشم بە نوێنەری ڕوانگەی موسڵمانان دادەنا. جەختیشم لەوە دەکردەوە خوێندکارانی موسڵمان بەرپرسیارن لە نوێنەرایەتیکردنی دیدگای ئەوروپی و بە پێچەوانەشەوە.

دەکرا لە قوتابخانەکاندا بە شێوەیەکی هاوچەشن مامەڵە لەگەڵ بابەتی ڕەگەزپەرستیدا بکرێت. ئەگەر ئەو خوێندکارانەی پاشخانی کۆچکردنیان نییە، لایەنەکانیان بگۆڕن و بە پێچەوانەشەوە، دەتوانرێ ئەنجامی گەلێك سەرنجڕاکێش سەرهەڵبدەن. مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات خۆی بخاتە شوێنی بەرانبەرەکەی، لە هەست و پاڵنەری کارەکانی تێبگات. دیارە بەو مانایەش نییە ئەم هەڵسوکەوتانەی وەك ڕۆڵی شانۆ وەریدەگرێ، ناچار بە پەسەندکردنیان بکات. بەڵام یارمەتیدەرە بۆ یەکەم: **خۆجیاکردنەوە لە شێوازی بیرکردنەوەی پێشووی خۆت** و دووەم: **بۆئەوەی بتوانێ باشتر مامەڵە لەگەڵ هەستەکانی خۆتدا بکەی.** ڕێک ئەوە ئەو شتەیە کە بوونی نییە: منداڵان لە قوتابخانە فێری فاکت و ڕاستییەکان دەبن، ڕەنگە گوێیان لە تەوەری

ڕەگەزپەرستی وەك شێوەی وانەی مێژوو سەبارەت بە مارتین لوتێر کینگ بێت، بەڵام پەیوەندایەتی بە واقیعی ژیانیانەوە بە دەگمەن ڕووماڵ دەکرێت. ئەوان فێری ئەو هەڵسوکەوتانە نابن چۆن مامەڵە لەگەڵ هەستەکانیان بکەن کاتێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، ڕەخنەیان لێدەگیرێت یان هێرشی ڕەگەزییان لەسەر دەکرێت. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ترس، تورەیی و ئەزموونەکانی جیاکاری نازانن. هەروەها ئاوێنە لە بەردەم ئەو قوتابیانە ڕاناگرن کە بەرپرسیارن بۆ قسەی ناشرین و جیاکاری و هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانە لە حەوشەی قوتابخانەدا. کاتێك کارەکەی ئاشکرا دەبێت سەرکۆنەیەکی پێدەگات، ڕەنگە سزایەکیش وەرگرێ، بەڵام خۆی بەو شوێنەوە خەریك ناکات کە لەسەر قوربانییەکەی دادەنێ.

هەوڵدان بۆ تێگەییشتن لەم ئەرکە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو ئیمپاتی و سۆزداری، کە بەبێ ئەم لێهاتوویە، کراوەیی، تولەرانس و لێبوردەیی وەک بەها و دەستەواژەی بەتاڵ و بێمانا لە کۆمەڵگادا دەمێنێتەوە.

ڕەگەزپەرستی لەسەر ئەو کەسانە گەشە دەکات و زیندوو دەمێنێ کە ڕەگەزپەرستانە بیردەکەنەوە، ڕەگەزپەرستانە مامەڵە دەکەن و ڕەگەزپەرستانە هەڵسوکەوتی خۆیان دەردەبڕن. هەروەها بەهۆی ئەو کەسانەی چاویان

دەقووچێنن و بێدەنگن. ئازایەتی لەخۆپیشاندانی مرۆڤی ناو کۆمەڵ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەگەزپەرەستی نە لە ڕێگەی سولەسولی تیشکێکی کز ولاوازەوە، نە بە دوورخستنەوەی ڕەگەزپەرستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چارە نابێ. مرۆڤ دەبێ بە شێوەیەکی عەقڵانی و بەرپرسیارانە بیری ڕەگەزپەرستان شی کاتەوە، بۆ ئەوەی بێهێز و پووچەڵیان بکات. هەروەها بۆ ئەوەش ڕوانگەیەکی هەمەلایەنە زۆر پێویستە.

ئازایەتی مەدەنی بەمانای وەستان لە تەنیشت ئەو کەسانەیە لە کەرەسە گشتییەکانی هات و چۆ، لە لایەن دەسەڵات یان لە شوێنی کاردا هێرشی ڕەگەزییان لەسەر دەکرێت، هاوکاتیش بە تاوانباران نیشانبدرێ ئەو چەشنە هەڵسوکەوتانەیان لێ قبوڵ ناکرێت. چاو قووچاندن لەو کارانە تاوانباران بەهێز دەکات و قوربانییەکان لە دۆخێکی خراپدا بەجێدەهێڵێت. دەبێ لەوە تێبگەین کە هێرشی ڕەگەزپەرستی کردەوەیەکی تاکەکەسی نییە کە تێیدا "تەنیا" زیان بە قوربانییەکە بگات، بەڵکوو هێرشکردنێکە بۆ سەر کۆمەڵگا و بەهاکانی. هەرکەسێ ڕووی خۆی لێ وەرگێڕێت نەک هەر لە پشتەوە چەقۆ لە قوربانییەکان دەدات، بەڵکوو لە کۆمەڵگاش بە گشتی.

پێویستە قوربانیان بەهێز بکرێن و دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوە یاسایی و کۆمەڵگەی مەدەنی ئاسانکاری بۆ بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن داوای مافەکانیان بکەن. ئێمە بەهێزیان ناکەین کاتێك ڕێگە بدەین بەناوی لێبوردەیی و تولەرانس ڕەگەزپەرستی نوێ پێکبێنن. نابێ وای لێبێت – لە کاتێکدا ئێمە هەر گومانێکی گشتی بەرانبەر بە کۆچبەران ڕەتدەکەینەوە – بە بڕیاری پێشوەختە و نەسەلمیندراو هەڵسوکەوتمان بەرانبەر پۆلیس یان "پیاوی سپی پێست" پەرەپێبدەین. ئەمریکا کێشەیەکی گەورەی ڕەگەزپەرستی هەیە، هیچ پرسیار یاخود گومانێک لەو بارەیەوە نییە و تەنیا ئەمڕۆش نییە. بەڵام تاوان دروستکردنی وەك "وڵاتە ڕەگەزپەرستەکانی ئەمریکا"، هەر وەك لە ڕۆژنامەی شپیگل لە مانگی پووشپەڕی ٢٠٢٠دا نووسرابوو، بە بۆچوونی من، دەرچوونە لە ڕێگاکە و تەنیا سووتەمەنی بۆ ڕق و کینەیەکی نوێ لەناو کۆمەڵدا پێکدێنێ. یان پێمان وابێ باشە کاتێ واشنتۆن پۆست دوای کارەساتەکەی نازییەکان وڵاتی ئاڵمانیا بە "کۆماری نازیی ئەڵمانیا"ی ناوبردبا؟ ئەم تۆمەت لێدانانە بە دڵنیاییەوە قوربانییەکان بەهێز ناکات، بەڵکو تەنیا لەگەڵ دوژمنایەتییەکی ناپێویست ڕووبەڕوویان دەکاتەوە.

ڕەگەزپەرستەکان ئەو وڵاتە دەخنکێنن کە گوایە دەیانەوێت ڕزگاری بکەن، هەندێک لە دژە ڕەگەزپەرستەکان ئەو مرۆڤانەی قوربانین و زیانیان بەرکەوتووە لە دۆخی قوربانیبوونی خۆیاندا دەهێڵنەوە، هاوچەشنی باخچەی ئاژەڵان. ئەوان لە کێشەی ڕەگەزپەرستی ڕزگاریان ناکەن، بەڵکو بۆ مانەوەی کەمینەکان لە ناسنامە داخراوەکانیاندا بەشداری چالاکانە دەکەن. لە هەردوو حاڵەتدا، سەلماندنی دەرەکی دیاری دەکات ئەوان کێن. هەروەها بەهێزکردن بە واتای ڕزگاربوونە لە تایبەتمەندییە دەرەکییەکان کە کەسی پەیوەندیدار دەکاتە ئوبژەکتێك لە جیاتی ئەوەی وەک تاکێک ببینرێت.

زۆرجار خۆم تووشی هەڵاواردن بووم، بەڵام نە تووڕەیی و نە قوربانی بوون لە بەرانبەریدا یارمەتییان نەدام بۆ بەرگریکردن لە خۆم. ئەوەی یارمەتی دام، ئەو تێگەیشتوویە بوو کە یاسا و زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە لە بەرەی منن، و ناتوانم ڕێگە بدەم هەڵسوکەوتی کەمینەیەکی بچووک پێناسەم بکات و ڕێوشوێنی ژیانم بۆ دیاری بکات. مەرجی سەرەکی بۆ ئەمەش ئەوە بوو سەرنجم لە تاوانبار دروستکردن دوور خستەوە و خستمە سەر خۆم. دەستم کرد بە پرسیار لەخۆم بۆچی هەست بە بێدەسەڵاتی و بێهیوایی دەکەم کاتێک لێپرسینەوە یان هێرشم دەکرێتە

سەر. بۆچی بڕیار و بۆچوونی کەسێک کە بەهیچ شێوەیەک من ناناسێت ئەوەندە بە توندی کاریگەری لەسەرم هەیە؟ بۆچی خۆم بە بەرپرسیاری هەموو میسرییەک، عەرەب، موسڵمان یان بێگانەیەک دەبینم کاتێک سووکایەتیم پێدەکرا؟ من هەموو کەسێک نیم، تەنیا خۆمم، تەنیا خۆم دەناسم، تەنانەت خۆناسینەکەشم کەموکوڕی هەیە و تەواو نییە.

ئەمڕۆ من پێش هەموو شتێک خۆم وەک مرۆڤێک دەبینم، وەک هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتە، نەک وەک موسڵمانێک، ئاتئیستێك، قژ ڕەش یان هۆمۆسێکسۆئیل! هەروەها ڕەگەزپەرست کەسێکە کە لە وەهمی باڵادەستی نەتەوە یان گروپەکەیدا گیری خواردووە. بە گلەییکردن و قامکدانان لەسەر کۆمێنتە سۆزدار و بەزەییدارەکانی، دەسەڵاتی بەسەرمدا ناسەلمێنم. ڕەگەزپەرست ئەوکات بەهێز دەبێ و دەست لە ڕەگەزپەرەستی خۆی هەڵناگرێ، ببینێ قوربانیەکەی دەگری یان داوای لێدەکات دەستی لێ هەڵگرێ. بە پێچەوانەوە - گریانی قوربانییەکەی بۆی دەسەلمێنێت بەهێزە و شەڕەنگێزییەکەی کاریگەرە. قوربانییەکی ڕەگەزپەرستی بەزەحمەت دەتوانێ ڕەگەزپەرستێک بوەستێنێت. بەڵام دەتوانێ هەوڵ بدات کاریگەرییەکانی سووکایەتی یان جیاکارییەکە کەم بکاتەوە بەو

شێوەیەی لە دڵی خۆیدا بڵێت: من پێناسەی خۆم دەکەم کە کێم نەک پێناسەی ئەوانی تر!

ئەمەش بە پاڵنانی دوگمەیەک بەڕێوەناچێت و هاسانترە ئەگەر بە هەستێکی بنەڕەتی متمانەپێکراو لە ماڵەوە تەیارکرابێتی؛ بەڵام دەتوانی وەک مرۆڤێکی بالغ و پێگەیشتوو کار لەسەر گرنگیدان بە خۆت بکەیت و هەوڵبدەیت تایبەتمەندییە دەرەکییەکان بەو شێوەیە بناسیتەوە کە وردە وردە ڕەنگە تاریکەکانی ناوەوەت بە ڕووناکیی دەروونی خۆت ڕۆشن بکەیەوە. ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتوو بووی، چیتر خۆت لەگەڵ نارەزایی تاوانباران پێناسە ناکەیت و ڕێگری دەکەی لەو هەڵسوکەوتەی خۆت کە بەردەوام تەنیا کاردانەوەیەک بێت بەرانبەر بەو سووکایەتییەی تووشی بوویت.

لەم پەیوەندییەدا گەلێك ئیلهامم لە کورتە چیرۆکێک بە ناوی "شتە بچووکەکان گەورەن" (Little things are big) وەرگرت کە یزوس کۆلۆن "Jesús Colón" لە نێوان ساڵانی (١٩٠١-١٩٧٤)دا نووسیویەتی. کۆلۆن لە "Puerto Rico"وە هاتووە، بە ڕەچەڵەك ئەفریقی بووە و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا هاتووەتە نیویۆرک. لەم چیرۆکەدا باسی ئەزموونێک دەکات کە ژیانی گۆڕیوە: کات لە نیوەشەو تێپەڕ ببوو، کۆلۆن لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠دا لەسەر کورسی میترۆ دانیشتبوو

و ژنێکی گەنجی سپی پێستی بینی کە دوو منداڵی لەگەڵ خۆی ڕادەکێشا، منداڵێکی ساواشی لە باوەش گرتبوو و ساکیکی گەورەی بەدەستەوە بوو، هەوڵی دەدا بێتە ناو شەمەنەفەرەکەوە. بەزەحمەت توانی پێش ئەوەی دەرگاکان دابخرێن سوار بێ. دواى چەند وێستگەیەک، کۆڵۆن ویستی دابەزێ؛ سەیری کرد ژنە گەنجەکەش ساکەکەی هەڵگرتەوە و دەستی منداڵەکانی بە توندی گرتووە. دیارە ئەویش دەیویست لەم وێستگەیە دابەزێ.

دیارە لە وڵاتەکەی خۆی فێری یارمەتیدانی مرۆڤ بووبوو، بەڵام وەک پیاوێکی پێست ڕەش لە نیویۆرک، لەو شەوە درەنگەدا دوودڵ بوو لە یارمەتیدانی ئەو ژنە. لەخۆی ڕانەدەدی لە ژنە گەنجەکە بپرسێت ئایا پێویستی بە یارمەتی هەیە؟ کۆڵۆن لەبەر خۆیەوە خەیاڵی کردووە: ڕەنگە ئەو ژنە لە ترسی ئەوەی پێی وابێ بمەوێت کارێکی خراپی لەگەڵدا بکەم، بە دەنگی بەرز هاوار بکات. هەر بۆیە بێدەنگ ماوەتەوە و بە وردی چاوەدێریی کردووە کە ژنەکە بە سەختی منداڵەکانی و ساکە قورسەکەی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشاوە و دابەزیوە.

کۆڵۆن بێ هیوا و بێزار لە خۆی، بە خەمبارییەوە بە پلیکانەکاندا هاتۆتەخوارەوە و ڕایکردۆتەوەماڵەوە. ئەو شەوە تێگەیشتووە ڕێگای زیادەی بە تایبەتمەندییە

دیاریکراوەکان لە لایەن ڕەگەزپەرستەکانەوە داوە، لەبری یارمەتیدان بەهۆی پاڵنەرە مرۆییەکانەوە. خۆی لە ناو ناسنامەیەک پێچاوەتەوە کە پێشتر پڕ بە بەری بۆیان درووە. ئەو باوەڕی بەو چیرۆکە هێنابوو: "پیاوی ڕەشپێست دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنان"، هەروەها پێی وابوو دایکە گەنجەکە تەنانەت لەسەر بنەمای ئەو تۆمەتە حوکمی لەسەر دەدات و ناتوانێ دەستی یارمەتیدەرەکە بناسێتەوە.

ناسینەوەی تایبەتمەندیی و بڕیارە دیاریکراوەکان لە لایەن ڕەگەزپەرستانەوە بەو مانایە بوو کە کۆڵۆن چیتر بەپێی بەها ئینسانییەکانی خۆی هەڵسوکەوت نەکا. ئەو بەو کارەی ژنە گەنجەکە، منداڵەکانی، هەروەها خۆیشی بێ هیوا کرد و یارمەتی پێ نەکردن. لەو ڕۆژەوە بڕیاری داوە لەمەودوا هەمیشە یارمەتی خۆی پێشکەش بکات، بەبێ گوێدان بەوەی کاردانەوەی بۆ ئەوانیتر چی دەبێت.

تەنیا چیرۆکی لەم چەشنە نین کە نیشان دەدەن ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵگەیەکی هاوسۆز و پڕ لە ئیمپاتی هەیە کە لێبوردە بێت بەڵام بێهەڵوێست و بێمانا نەبێت. کۆمەڵگایەک کە کراوە بێت بەڕووی شێوازە جیاوازەکانی ژیانی هەر مرۆڤێك، بەڵام بەها ڕوون و یەکگرتووەکان پێناسە بکات و بە شێوەیەکی کاریگەر بەڕێوەیان بەرێت و بەرگرییان لێ بکات. ئەمە یۆتۆپیا یاخود پێشکەشکردنی

چەشنێکی نوێی چلۆنایەتی ژیانکردن نییە، بەڵکو پێویستییەکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چالاکییانەی سەدەی بیست و یەکەم داوامان لێ دەکات. کۆمەڵگایەکی هاوسۆز لە دژی سروشتی مرۆڤ بەربەرەکانی ناکات، بەڵکو باشترین ئەزموونی لێ دروست دەکات. هەروەک چۆن ترس لە سەرەتادا گرنگ بوو بۆ مانەوەی مرۆڤ؛ هاوسۆزیش هەمیشە موتورو و هێزێکی بزوێنەر بووە بۆ شارستانیەتی مرۆڤ. بەبێ هاوکاری و هاوپشتی مرۆڤە جیاوازەکان، شارستانیەت بەو شێوازەی ئەمڕۆ دەیبینین، بیرکردنەوەی نەگونجاو دەبوو. بەبێ هەستی هاوسۆزی و ئیمپاتی، نە ئایین، نە فەلسەفە، نە ئەدەب، نە هونەر و نە دەرمان بوونیان دەبوو. بەڵام لە ڕابردوودا ئەم هاوسۆزییە بەداخەوە زۆرجار تەنیا لەناو گروپ و کولتوورە داخراوەکاندا گەشەی کرد. ناسنامەی نەتەوەیی، ئایینی و نێونەتەوەیی، مرۆڤیان لەم سۆزدارییە بێبەشکردووە چۆنکە باوەڕ، بۆچوون، شکڵ و شێواز و تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە و تەنانەت لەمڕۆژدا هەر لەو کارەیان بەردەوامن.

بەڵام جیهان بە خێراییەکی گەلێك زۆر دەگۆڕێت و سنووری نێوان کولتوورەکان کاڵ و تەسکتر دەبێتەوە. پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان لێرەدا پێشکەوتنی ئەرێنی و نەرێنییان بۆ مرۆڤ هێناوەتە ئاراوە.

لەلایەکەوە لەمڕۆدا زۆر کەس زیاتر لەبارەی کولتوورە جیاوازەکانی ئەم جیهانە زانیارییان هەیە کە تەنیا بە قامکپێوەنان یاخود کلیکی مشکێکی کامپیۆتری لێك دوورن، لەسەر نێتفلیکس و یوتیوب سەیری زنجیرە فیلمی وەك یەك دەکەن و گوێ لە مۆسیقای وەك یەك دەگرن، هەر بۆیەش دەتوانن زیاتر لە شێوازەکانیتری بیرکردنەوە و ژیان بە هاوسۆزییەوە نزیک ببنەوە. لە لایەکیتریشەوە ئەم تۆڕانە زۆر کەس لە هەمەڕەنگی ئەم جیهانە دادەبڕن و لە بلّقی کەسانی هاوبیردا دەیانهێڵنەوە. لە جیهانی مەجازیدا لیستەی دوژمن و ڕکابەرە گوماناوییەکان بێکۆتایی فراوانتر دەکرێتەوە. جیهانی گلۆبالی و جیهانی دیجیتالی دەبنە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو جیهانەی ئێمە لەگەڵیدا ناسیاویمان هەیە. زۆر کەس ترسیان لەوەیە ئەم جیهانە نوێیە چیتر شوێنی ژیانیان بۆ دابین نەکات. زۆرجار ترسە ڕاستەقینەکانیان بەبێ کۆنترۆڵکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەقولێت، بەڵام هەڕەشەی دابەشکردن و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگاکان بەهۆی جیهانی مەجازیشیان لێدەکرێت.

لەم ڕووەوە ئەمڕۆ پێکدادانێکی تاڵی نوێی کولتوورەکان ئەزموون دەکەین. مەبەستم لەم قسەیە نە شەڕی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوایە و نە شەڕی نێوان ئەمریکا و چین.

بەڵکوو خەباتێکی ناوخۆیی لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدات. لە کاتێکدا بەشێکی کۆمەڵگا بەڕووی بیرۆکەی کولتوور و ئەدەبیاتی جیهانی و هاووڵاتیبوونێکی گلۆبالیدا دەکرێنەوە، بەشەکانیتر پێداگری لەسەر چەمکە بەسەرچوو و تایبەتەکانی ناسنامە دەکەن، خویان و کۆمەڵگای خۆیانی پێ شکۆمەند دەکەن و ئەوان و کۆمەڵگاکانیتری پێ نزم دەکەنەوە. دەرئەنجامی ئەم شەڕە ناوخۆییەی شارستانیەتەکان دیاری دەکات شارستانییەتی مرۆڤ بە کام ئاراستەدا دەڕوات.

من بەش بەحاڵی خۆم، باوەڕم بە گەشەسەندنی هۆشیاری مرۆڤ هەیە و پێموایە لە ڕاستیدا بەرەو کۆمەڵگایەکی هاوسۆزی و ئیمپاتی هەنگاو دەنێین. ئەمە نەک هەر پەیوەندی بە کراوەیی و هەستیارییەوە هەیە، بەڵکو بە هۆکاری زۆر پراگماتیکیشەوە بەستراوەتەوە. ناسنامەی خۆپەرست و تایبەتمەند، وەک ئەوەی لەلایەن زۆرێک لە پۆپۆلیستەکانەوە بەرەوپێش دەچێت، هیچ وەڵامێکیان نییە بۆ بەربەرەکانی و ڕێگای ڕاست دۆزینەوەی سەردەمی نوێی ئەمڕۆ: گۆڕانی کەشوهەوا، هەژاری، بناژۆخوازی ئایینی، ناسیۆنالیزم و کۆچبەری، کێشەگەلێکن کە مرۆڤایەتی تەنیا پێکەوە و بە یارمەتی هەموو مرۆڤێك دەتوانین ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزینەوە و بەسەریاندا زاڵ بین. بۆ

نموونە دۆزینەوە و پەرەپێدانی ڤاکسینی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەبێ هاودەنگیی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و سەرچاوە و ئەزموونەکان بیری لێناکرێتەوە.

چلۆن کۆمەڵگایەکی هاوسۆز دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزپەرستیدا بکات. ڕەگەزپەرستی وەک تەوەرێك گەیشتووەتە ناوەندی کۆمەڵگا. بەردەوام کەسانێک هەن لە پێناو بەهاکانی کۆمەڵگەیەکی کراوەدا وەستاون و دوژمنەکانیان لە هەڵوێستی خۆیان ئاگادار کردۆتەوە. نەک هەر قوربانیانی ڕەگەزپەرستی یان خەڵکی ڕەنگاوڕەنگ" People of Color" بەشدارن لە بزووتنەوەی وەک ژیانی ڕەشپێستەکان گرنگە"Black Lives Matter"، بەڵکو کەسانی بێشوماری ڕەنگاوڕەنگیش بەشداری ئەو چالاکییەن. لە مێژە بۆ زۆر کەس ڕوون بووەتەوە کە ڕەگەزپەرستی نەک هەر هێرشکردنە بۆ سەر کەمینەیەکی دیاریکراو بەلکوو بۆ سەر هەموو مرۆڤێکی ناو کۆمەڵگا. ئەم هاوپشتییە زیندووە بە قوربانییەکان پیشان دەدات کە: "ئێوە تەنیا نین" هەروەها ڕەگەزپەرستان ئاگادار دەکاتەوە: "چیتر ڕێگەتان پێنادەین بەم شێوەیە بەبێ دەرئەنجام هەڵسوکەوت بکەن".

بەڵام پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەیەکی هاوسۆز دەتوانێت بە هاوسۆزی مامەڵە لەگەڵ تاوانبارانیش بکات؟ پێم وایە دەتوانێت، تەنانەت دەبێ ئەو کارە بکات. چونکە

هاوسۆزی دابەش ناکرێت. تاوانبارەکەش خۆی قوربانییەکە، ئەویش لەناو دیوارەکانی شوناسە داخراوەکەیدا گیری خواردووە، کەموکوڕی و ترسەکانی خۆی دەشارێتەوە، زۆرجار سروشتێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، لە پشت نارەزایی بەرانبەر بە خەڵکی ترەوە. دوورخستنەوەی ڕەگەزپەرستی وەک کردەوەیەکی ڕق و کینە گرنگە، بەڵام دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی لە تەڵەی ڕەگەزپەرستیدا گیریان خواردووە ڕێگەی دەربازبوون لە کێشەی ڕەگەزپەرەستی نییە. تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانیان و وێرانکردنی بیرکردنەوەکانیان دەتوانێت زۆر کاریگەرتر بێت. مامەڵەکردن بە ڕق و کینە لەلایەن ئێمەوە تەنیا بۆ دیاریکردنی یاساکانی یارییەکە لە کۆمەڵگادا هانیان دەدات.

دیارە کۆمەڵگایەکی هاوسۆز پشتگیری لە زمانی ڕێزگرتن دەکات، بەڵام چەمك یان زاراوەی تایبەتی بۆ دیاری ناکات. کەمینەکان لە هەڵاواردن دەپارێزێت، بەڵام نابێ لە ترسی تووڕەکردنی کەمینەکان خۆی لە پرسە هەستیارەکان بەدوور بگرێت. نابێ فەزای گوتار بە ناوی لێبوردەیی و تولورانس تەنگ بکاتەوە، چونکە فرەچەشنی بە مانای فرەچەشنی بۆچوونەکانیشە. هاوسۆزی واتە بینین و تێگەیشتن، مەیدانی باسەکە ئامادە و خۆش دەکات بۆ ئەوەی ڕەخنە دەربڕدرێت و پەسند بکرێت.

جەمسەرگیری دەبێتە هۆی کاردانەوەی پێچەوانە. ئەوانەی هەڵگری بۆچوونێکی جیاوازن، تووشی تورەیی ئەو مرۆڤانە دەبن کە تەنیا بۆچوونی خۆیان بە ڕاست دادەنێن، و لە ڕوانگەی خۆیانەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن تێڕوانینێکی بابەتیانەیان هەبێت بۆ جیهان و کێشەکانی. لە بەرانبەردا کۆمەڵگای هاوسۆز بۆ بەشداریکردن لە باس و گفتوگۆ باوەڕی بە توانایی هاووڵاتیانی خۆی هەیە، سەری خۆی لەناو بەفردا ناشارێتەوە، بوێری ڕووبەڕووبوونەوە هەیە و بەرگەی مشتومڕ دەگرێت. ئەوان پێکەوە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن بەبێ ئەوەی تەنیا بۆچوونی خۆیان بە ڕاست بزانن یان بە ڕێگایەکی دابنێن کە لە سەرەوە وەک تاکە ڕێگایەکی دروست دانراوە.

ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنم لەگەڵ یۆناس ٢٤ ساڵ لەمەوبەر لە شەمەنەفەردا(پێشتر باسم کرد) سەبارەت بە بوێری شتێکی گرنگی فێرکردم. هێرشە زارەکییەکەی دژی من لەڕاستیدا دوو شکست بوو بۆ من. چونکە لە لایەکەوە ئەو مافی بوونی منی وەک بیانییەک لە ئەڵمانیا خستە ژێر پرسیارەوە و لەولاشەوە هیچ کام لە دانیشتوانی ناو شەمەنەفەرەکە یارمەتی منیان نەدا یان دژایەتییان لە هەنبەر ئەو هەڵسوکەوتەیدا نەکرد. دیارە دەمتوانی لە وێستگەی دوایی دابەزم و لە دۆخی قوربانیدا

بمێنمەوە و گلەیی و گازەندە لە ئەڵمانییە تووڕە و خراپەکان بکەم. یان لای خۆمەوە دەمتوانی هێرشی جەستەیی یان زارەکی بکەمە سەر و منیش بە "ئەڵمانییەکی گوو" ناوی ببەم. بەڵام بەو کارەم تەنیا لەو داوە دەکەوتم کە یۆناس خۆی تێی کەوتبوو.

لەجیاتی هەڵوێستگرتنم بۆ کەوتنە ناو داوی ڕەگەزپەرەستی، ڕووبەڕووی ترسەکانی خۆم بوومەوە، هەوڵمدا خۆم بخەمە شوێنی ئەو و لە ترسەکانی تێبگەم. ڕێگای کۆمەڵگایەکی هاوسۆز لە ڕوانگەی منەوە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: بوێری ئەوەت هەبێ لە خۆتەوە دەست پێ بکەیت و پرسیار و ڕەخنە لە خۆت بکەیت؛ تەنیا کاتێک بزانی کام باری قورسی کێشەی پێشینەی خۆت لەگەڵ خۆتدا ڕادەکێشی، دەتوانی ڕوانگەت بەرفراوانتر بکەیت بۆ ئەوەی بتوانی ڕوانگە و بارودۆخی کەسانیتر وێنا بکەی و لێیان تێبگەی.

کۆمەڵگایەکی هاوسۆزی و ئیمپاتی بە هیچ شێوەیەک ناوچەیەکی دوور لە ململانێ نییە، شوێنێك کە هەموومان بە ناچاریی بەردەوام باوەش بە یەکتردا بکەین. دەبێ فەزای مشتومڕ هەبێت، بەڵام فەزایەکی ئازادیش بۆ پشتگوێخستن یان خۆدوورخستنەوە لە یەکتریش هەبێت. تا ئەو کاتەی

ئەمە نیازپاکی لەگەڵدا بێت و دژایەتی، تووڕەیی و ناپاکی لەگەڵدا نەبێ، زۆر شت دەستەبەر دەکرێ!

تەواو